

### ئەقڵییەتی خۆسەپاندنی شیعەگەرایی لەناو مەحەکی جێبەجێکردنی دەستووردا

# هەڵوەشانەوەی تۆڕی ئەو پیلانە نێودەوڵەتییەی کە دژی وجوودی سیاسیی کیانی کوردستان چێنرابوو



**ئەمریکا چۆن لە ١٩٩١ لە ئاکامی ئەنجامدانی ریفراندۆمی کۆسۆڤۆ تێنەگەیشت و لە ٢٠٠٨ بە ناچاری و بێ ریفراندۆم پشتیوانی سەربەخۆی کۆسۆڤۆی کرد، ئەوا هەمان حاڵەتی کۆسۆڤۆش لە جێبەجێکردنی دەستووریشدا لەگەڵ کوردستان دووبارە دەبێتەوە**

**ئێستا ئەمریکا زۆر بە توندی و بەهێزەوە هاتۆتە مەیدان و داوا دەکات پێش عێراق، کوردستان دەستوورەکە جێبەجێ بکات، دڵنیای دەکەینەوە کە کوردستان ئامادەیە دەستوورەکە جێبەجێ بکات و بە دەستووری خۆیشی دەزانێت، بەڵام کاتێک لە نیوەی رێگە لەگەڵ شیعەکان دەگاتە ئەوەی ئەم دەستوورە ناکرێ و ناتوانرێت جێبەجێ بکرێت، ئەوکات دەزانن کوردستان بۆچی بڕیاری ئەنجامدانی ریفراندۆمی دا**

**شیعەی پرۆئێرانی لە عێراقدا، دەستووری عێراق وەک دەستوورێکی سەپاو بەسەریاندا مامەڵەی لەگەڵ دەکەن و هەرگیز ئامادە نابن پابەندی ئەو دەستوورە بن کە سنوورێک بۆ دەسەڵاتەکانی ئێران لە عێراقدا دابنێن**

هەفتەی رابردوو حکومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە بڕیارێکی دادگای فیدراڵی عێراق کرد کە ئاماژە بە ماددەی یەکەمی دەستووری عێراق دەکات و دەڵێت: «عێراق دەوڵەتێکی فیدراڵی و پەرلەمانی یەکگرتووە»، ئەم پێشوازییە لەلایەن هەندێکەوە بەو جۆرە لێکدرایەوە بەوەی گوایە حکومەتی هەرێمی کوردستان ریفراندۆمی هەڵوەشاندۆتەوە، بەڵام پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە ئایا ئەم پێشوازییەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە بڕیارەکەی دادگای فیدراڵی عێراق، مانای هەڵوەشاندنەوەی ریفراندۆمی کوردستانە کە لە ٢٥ی ئەیلوولی رابردوو دەنگیان بۆ سەربەخۆیی دا، یان ئەم هەنگاوە پیشاندانی نییەت و سیاسەتی حکومەتی کوردستانە بۆ هەموو جیهان بۆ ئەوەی ببنە شاهید و ناوبژیوان بۆ پابەندبوونی حکومەتی بەغدا بە جێبەجێکردنی دەستووری ٢٠٠٥ و دووبارە بونیادنانەوەی عێراقێکی دیموکراتی و فیدراڵی و پەرلەمانی و فرەیی و پێکەوەژیانی ئارەزوومەندانە؟

دیارە وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە پێویستی بەوە هەیە بگەڕێینەوە بۆ ئەو پاشخانەی کە کوردستانی ناچار کرد پەنا بۆ ریفراندۆم بەرێت، ئەمەش بەچەند خاڵێك ئاماژەی پێدەکەین:

١. کابینەی دووەمی نوری مالیکی کە لە ٢٢ی ١٢ی ٢٠١٠ لەبەردەم پەرلەمانی عێراقدا سوێندی یاسایی خوارد، بەرەنجامی رێککەوتنی هەولێری نێوان سەرجەم لایەنە سیاسیەکانی عێراق بوو بە سەرپەرشتی راستەوخۆی سەرۆك مسعود بارزانی. ئامانجی رێککەوتنەکە بۆ کابینەی دووەمی مالیکی، جێبەجێکردنی ئەو ١٩ خاڵە بوو کە هەموو لایەك لەسەری رێککەوتبوون، بۆ ئەوەی جارێکی دیکە عێراق ببێتەوە بە دەوڵەتێکی دیموکراتی و پەرلەمانی و پێکەوەژیانی ئارەزوومەندانە، ئەم ١٩ خاڵەش تایبەت بوو بە هەموو عێراق نەك تەنیا چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان کوردستان و بەغدا.

٢. سەرۆك مسعود بارزانی کە سەرپەرشتیاری رێککەوتنی هەولێر بوو بۆ پێکهێنانی حکومەتی عێراق، گەیشتبووە ئەو قەناعەتەی کە ئەقلییەتی شیعەگەرایی لەناو سەرکردەکانی شیعەدا، هەرگیز بەو ئاراستەیە هەنگاو هەڵناگرن رێز لە دەستووری عێراق بگرن و وەك خۆی جێبەجێی بکەن، بەڵام بۆ ئەوەی چانسێکی دیکە بدرێتەوە بە شیعەکان، سەرۆك بارزانی بەو مەرجە رازی بووە کە د.رۆژ نوری شاوەیس کە لەو کابینەیەدا جێگری سەرۆك وەزیران بوو، وەك نوێنەری تایبەتی خۆی لە بەغدا چاودێری جێبەجێکردنی تەواوی رێککەوتنەکە بکات.

٣. دوای چاوەڕوانی زیاتر لە ١٥ی مانگ، نوری مالیکی نەك هەر هیچ خاڵێکی رێککەوتنەکەی هەولێری جێبەجێ نەکرد، بەڵکو بە کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە کۆتایی ٢٠١١ لە عێراق، ئیدی بە تەواوەتی رێچکەی دیکتاتۆریەتی گرت و نەك هەر رێککەوتنی هەولێری پێشێل کرد، بەڵکو ئەو دەستوورەشی پشتگوێ خست کە بە گەرەنتی مانەوەی یەکپارچەیی عێراق لە قەڵەم دەدرێت. هەر بۆیە سەرۆك بارزانی لە پەیامی نەورۆزی ٢٠١٢ بە هەموو جیهانی راگەیاند کە ئەو سیاسەتەی نوری مالیکی پیادەی دەکات، دوورە لە جێبەجێکردنی دەستوور و عێراق بەرەو گێڕانەوەی دیکتاتۆریەت دەبات و گەلی ئێمەش جارێکی دیکە نابێتەوە بە بەشێك لە رژێمێکی دیکتاتۆری و دەگەڕێینەوە بۆ رای گەلی کوردستان و هەر بڕیارێك بدات، ئێمەش هەر ئەو بڕیارە جێبەجێ دەکەین.

٤. ئەم پێشبینییەی سەرۆك بارزانی وەك بەرچاوڕوونییەك بۆ هەموو جیهان، تەنیا تێڕوانینێکی تاکلایەنەی کوردستانییانە نەبوو، یان بیانووگرتن نەبوو بە حکومەتەکەی نوری مالیکی، بەڵکو ئەو سیاسەتەی کە نوری مالیکی لە کابینەی دووەمی حکومەتەکەی پیادەی کرد، گەیشتە ئەو ئاستەی نید پارکەری بەرپرسی ئۆفیسی رویتەرز لە بەغدا، توێژینەوەیەکی مەیدانی لەسەر حکومەتەکەی نوری مالیکی لە ژمارەی نیسان و ئایاری ساڵی ٢٠١٢ی گۆڤاری فۆرین ئەفێرز بە ناوونیشانی (ئەو عێراقەی دوای خۆمان بەجێمان هێشت: جیهان پێشوازی لە دەوڵەتێکی دیکەی فاشیل دەکات)، لەم توێژینەوەیەدا جەخت لەسەر ئەوە کراوەتەوە کە نوری مالیکی نەك هەر

دەستوورەکەی پشتگوێ خستووەو کاری پێ ناکات، بەڵکو تەواوی ئەو دامەزراوانەشی کە بە هاوکاری ئەمریکییەکان بۆ پاراستنی سیستمە فیدراڵییەکە لە عێراقدا دامەزراون، هەر هەمووی لەبەر یەك هەڵوەشاندوون و کردوونی بە دامەزراوەیەك بۆ پاراستنی سیاسەتی شیعەگەرایی لە عێراقدا.

٥. لە میانەی درێژەپێدانی ئەم سیاسەتە شیعەگەراییە پرۆئێرانییەی لەلایەن مالیکییەوە، عێراق لە ساڵی ٢٠١٣ تێکڕای دامەزراوەکانی پەکی کەوت و سەرەتای شەڕێکی تائیفی گەورە لە نێوان عەرەبی شیعە و سوننە دەستی پێکرد، مەترسیی ئەم شەڕە خوێناوییە گەیشتبووە ئاستێك کە کریستیان ئامانپور ڕۆژنامەنووسی کەناڵی CNN ئەو پرسیارەی ڕووبەڕووی وەزیری دەرەوەی ئەوکاتی عێراق کردەوە: (ئایا تەواوی دامەزراوەکانی عێراق پەکیان کەتووە. Is Iraq unraveling ؟) بێگومان بەرپرسانی عێراقی نکۆڵییان لەوە دەکرد کە عێراق گەیشتبێتە ئەو ئاستە ترسناکە، بەڵام پرۆفیسۆر مایکل نایتس گەورە توێژەری ئامۆژگای واشنتۆن بۆ دیراسەتی ڕۆژهەڵاتی نزیك لە توێژینەوەیەکدا زۆر ڕاشکاوانە وەڵامی پرسیارەکەی CNNی بەم ناونیشانە دایەوە: (بەڵێ، بە تەواوەتی دامەزراوەکانی عێراق لەکار کەتوون. yes Iraq is unraveling)، هەربۆیە بەردەوامبوون لەسەر ئەم سیاسەتە تائیفەگەرییە و نەگەڕانەوە بۆ دەستوور، بووە هۆکاری ڕاگەیاندنی ڕێکخراوی داعش لە سەرەتای ٢٠١٤ و لە حوزەیرانی ٢٠١٤ دەرکەوت کە سوپای عێراق وەك دامەزراوەیەکی سیستمی بەرگری بە ئاستێك پەکی کەوتووە کە بە یەکجار پێنج فیرقەی سوپا بە چەك و تەواوی ئامێر و کەلوپەلی سەربازییەوە خۆیان تەسلیمی داعش کردو موسڵیان بە بێ تەقە داگیرکردو خەلافەتی ئیسلامی داعشیان لە عێراق و سووریا ڕاگەیاند.

٦. ئیدارەی باراك ئۆباما بە داگیرکردنی موسڵ لەلایەن چەند سەد چەکدارێکی داعشەوە بە ئاستێك تووشی شۆك بوو کە توانای ئەوەی نەبوو هیچ بڕیارێك بدات، بەڵام گەیشتە ئەو قەناعەتەی داگیرکردنی موسڵ لەلایەن داعشەوە و ڕاگەیاندنی خەلافەتی ئیسلامی، بەرەنجامی شەڕی ناوخۆی تائیفی نێوان عەرەبی شیعە و سوننەیە و هۆکاری سەرەکی و فیتنەی ئەم ئاژاوەگێڕییە تائیفییەش ئەو سیاسەتە چەوتەیە کە نوری مالیکی لەدوای کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق پیادەی کردووە، هەربۆیە مەرجی هاریکاریکردنی ئەمریکا بۆ حکومەتی عێراق گرێدرایەوە بەوەی دەبێت جارێکی دیکە نوری مالیکی پۆستی سەرۆك وەزیرانی عێراق وەرنەگرێتەوە.

٧. لە پێکهێنانی کابینەکەی عەبادیدا لە نۆڤەمبەری ٢٠١٤، هەرێمی کوردستان بە گوشاری ئەمریکا و بەریتانیا و نەتەوە یەکگرتووەکان بەو مەرجە بەشداری ئەو کابینەی کرد، کە حکومەتی عەبادی پابەند بێت بە پرۆژە یاسای بودجەی عێراق و بڕی ١٧٪ بنرێت بۆ کوردستان و لەمەش زیاتر مانگانە بڕی ١٠٠ ملیۆن دۆلار بۆ بودجە و مووچەی پێشمەرگە لە بودجەی سەروەریی تەرخان بکات، لەبەرامبەردا هەرێمی کوردستانیش ڕۆژانە بڕی ٥٥٠ هەزار بەرمیل لە بۆرییە نەوتییەکانی هەرێمی کوردستانەوە هەنارده بکات و تەسلیمی کۆمپانیای سۆمۆی بکات، لەبەرامبەریشدا لە یاسای بودجەی ٢٠١٥ ئەو خاڵە زیاد کرابوو بەوەی (هەر لایەك پابەند نەبێت، ئەوا لایەنەکەی دیکەی دەتوانێت پێوەی پابەند نەبێت)، حکومەتی عەبادی هەر لەمانگی یەکەمی ٢٠١٥وە بە ڕێککەوتنەکە پابەند نەبوو، بۆیە هەرێمی کوردستان ناچار بوو لە چوارچێوەی ئەو داهاتە کەمەی لە هەناردەکردنی نەوتی کوردستانەوە دەستی دەکەوت، بەرنامەیەکی چاکسازی بە هاوکاری بانکی نێودەوڵەتی دابڕێژێت، بۆ ئەوەی بتوانێت هەم مووچەی فەرمانبەران دابین بکات، هەمیش خەرجی بەرەیەکی ١٠٠٠ کیلۆمەتری شەڕ و خەرجی نزیکەی دوو ملیۆن ئاوارە دابین بکات، بۆیە ئەم حاڵەتە گەیشتە ئەوەی ئەو پرسیارە بێتە ئاراوە: ئەگەر دەسەڵاتدارانی شیعە ناتوانن بەپێی دەستووری عێراق، دەوڵەتێکی مەدەنی و دیموکراتی و فیدراڵی لە چوارچێوەی جێبەجێکردنی دەستووری عێراق بونیاد بنێنەوە، بۆچی دەبێت جارێکی دیکە شەڕێکی خوێناوی لە نێوان کوردستان و عەرەبی عێراق دروست

**ئەگەر هەتا وادەی هەڵبژاردنەکانی داهاتووی عێراق، ئەمریکا و ئەوروپا و نەتەوە یەکگرتووەکان نەتوانن حکومەتی عێراق ناچار بکەن کە ڕێز لە دەستووری عێراق بگرێت و هەنگاوی جددی بۆ جێبەجێکردنی ئەو دەستوورە هەڵنەگرێت، ئەوا دوای هەڵبژاردنی عێراق دەبێت خۆیان بۆ ئەوە ئامادە بکەن کە دەبێت باسی جێبەجێکردنی دەستوور لەگەڵ (هادی عامری و مەهدی موهەندیس و قاسم ئەعرەجی و نوری مالیکی و جەلالەدین سەغیر و عەلی یاسری و قەیس خەزعەلی و ئەکرەم کەعبی) بکەن**

**دەستووری عێراقی بەتەنیا بۆ ئەوە نەنووسراوە کە کێشەکانی نێوان کوردستان و عێراق چارەسەر بکات، بەڵکو ئەم دەستوورە بۆ ئەوە نووسراوەتەوە کە هەموو لایەنە سەرەکییەکان لە پێناوی پێکەوەژیان و بونیادنانی دەوڵەتێکی مەدەنی و دیموکراتی و پەرلەمانی و فیدراڵی، کۆمپرۆمایز بۆ یەکتری بکەن، ئەم دەستوورە فەرزی دەکات کە هیچ لایەنێک لە جێبەجێکردنی ئەو دەستوورە لە چوارچێوەی (براوە و دۆڕاو) پۆلێن ناکرێت**

**ئێستا کە ئەمریکاو فەرەنسا و یەکێتی ئەوروپا و نەتەوە یەکگرتووەکان، پێشوازی لە شێوازی مامەڵەی کوردستان دەکەن بۆ دەستپێکردنەوەی وتوویژ لە چوارچێوەی دەستووری عێراقدا، ئەمە لەبەرامبەردا فەرزی دەکات بەسەر حکومەتەکەی حەیدەر عەبادی و تەواوی هاوپەیمانی نیشتمانیی شیعە کە ئەوانیش وەک کوردستان پابەندبوونی خۆیان بە دەستووری عێراقەوە پیشان بدەن**

ببێتەوە؟ ئایا باشتر نییە هەردوولا (کوردستان و عێراق) بە شێوەیەکی ئاشتییانە بەدوای میکانیزمێکی دیکە بۆ پەیوەندی داهاتووی عێراق و کوردستان بگەڕێن؟ ئەم پرسیارە لەماوەی ساڵانی ٢٠١٥و ٢٠١٦ و ٢٠١٧، لە هەموو ئەو دیدارانەی سەرۆك مسعود بارزانی کردوویەتی بۆ ئەمریکا و تەواوی دەوڵەتانی ئەوروپا، ئاراستەکراون و هەروەها لەمیانەی سەردانی شاندەکانی ئەمریکا و تەواوی دەوڵەتانی هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی و سەردانی شەخسی ئەنتۆنیۆ گۆتریس ئەمینداری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان و هەروەها سەردانی شەخسی ئەحمەد ئەبو غەیس ئەمینداری کۆمکاری عەرەبی، باس لە پرسی پەیوەندی ئایندەی نێوان کوردستان و عێراق کراوەو ئەو راستییانە خراونەتە بەرچاو، ئەگەر بەغدا نەتوانێت دەستوور جێبەجێ بکات، ئەوا دەبێت گەلی کوردستان رای خۆی بدات بۆ ئەوەی میکانیزمێکی ئاشتییانە بۆ پەیوەندی داهاتووی نێوان کوردستان و عێراق دابڕێژدرێت.

٨. لەماوەی سێ ساڵی شەڕی دژی داعش، وەڵامی هەموو لایەنەکان بۆ داواکارییەکانی کوردستان ئەوە بوو، کە ئێستا ئەولەوییەت شەڕی دژی داعشەو باشترە ئەم پرسە دوابخرێت، بەڵام کاتێك پلان بۆ ئازادکردنەوەی موسڵ داڕێژرا، ئەم پلانەش بە بێ بەشداری و هاوکاری هێزی پێشمەرگەی کوردستان جێبەجێ نەدەکرا، لایەنی کوردستان جەختی لەسەر ئەوە کردەوە، پێش ئازادکردنەوەی موسڵ و هاوکات لەگەڵ گرێدانی رێککەوتنێکی سەربازی بۆ ئازادکردنەوەی موسڵ، با رێککەوتنێکی سیاسیش لە نێوان کوردستان و عێراق ئیمزا بکرێت بۆ ئەوەی بزانین دوای نەمانی داعش، پەیوەندییەکانی نێوان کوردستان و عێراق چۆن دەبێت، بەڵام ئەمجارەشیان بە گوشاری ئەمریکا و هاوپەیمانیی نێودەوڵەتی، رێککەوتنی سەربازی بۆ ئازادکردنەوەی موسڵ داڕێژدرا، بەڵام رێککەوتنی سیاسی پشتگوێ خرا.

٩. لە حوزەیرانی ٢٠١٧، پاش ئەوەی سەرکەوتنی ئۆپەراسیۆنی ئازادکردنەوەی موسڵ راگەیەندرا، ئەمەش واتە کۆتاییهاتنی شەڕی داعش لە عێراقدا، هەموو حزبە سیاسییەکانی کوردستان بێجگە (لە کۆمەڵ و گۆڕان) کۆبوونەوە و گەیشتنە ئەو قەناعەتەی، لەبەر ئەوەی لەماوەی زیاتر لە سێ ساڵی بودجە و مووچەبڕینی خەڵکی کوردستان و نەبوونی ئامادەباشی لەلایەن حکومەتی عێراق و هاوپەیمانی ئیئتلافی نیشتمانی شیعە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان کوردستان و عێراق، ئەوا گەلی کوردستان مافی خۆیەتی، خۆی بڕیار لەسەر چارەنووسی خۆی بدات، لەماوەی دیاریکردنی رۆژی ریفراندۆم لە ٧ی حوزەیرانی ٢٠١٧ هەتا رۆژی ئەنجامدانی ریفراندۆم لە ٢٥ی ئەیلوولی ٢٠١٧، سەرکردایەتی سیاسی لیژنەی باڵای ریفراندۆم بەردەوام لەگەڵ ئەمریکا و دەوڵەتانی هاوپەیمانی دژی داعش و نەتەوە یەکگرتووەکان و کۆمکاری عەرەبی لە وتوویژدا بوو بۆ ئەوەی ئەوان ببنە گەرەنتی بۆ ئەوەی حکومەتی عێراق پابەند بێت بەجێبەجێکردنی دەستوورەکەوە، هەر بۆ وەڵامدانەوەی گوشارە نێودەوڵەتییەکانیش، شاندی کوردستان بەر لە دوو رۆژ پێش ئەنجامدانی ریفراندۆم سەردانی بەغدای کرد، بەڵام ئەو کاتیش هیچ وەڵامێکیان لەبەغداوە چنگ نەکەوت بۆ ئەوەی دەست بکرێت بە وتوویژی راستەوخۆ لە نێوان کوردستان و عێراق، بۆیە هەرێمی کوردستان لە رۆژی ٢٥ی ئەیلوول ریفراندۆمی ئەنجامدا، بۆ ئەوەی جیهان بخاتە بەر دوو بژاردە، یان ئەوەیە دوای ریفراندۆمیش وتوویژەکانی نێوان کوردستان و عێراق بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان لە چوارچێوەی دەستووری عێراق بەردەوام دەبێت، یان ئەگەر بەغدا نەیتوانی دەستوورەکە جێبەجێ بکات، ئەوا بژاردەی دووەم کە رای خەڵکی کوردستانە دەبێت جیهان رێزی لێ بگرێت.

١٠. بەداخەوە ئەو گەرەنتییەی کوردستان پێش ئەنجامدانی ریفراندۆم داوای دەکرد، بەوەی حکومەتی عێراق ناچار بکرێت پابەند بێت بە دەستوور و رێزگرتن لە عێراقێکی فیدراڵی و دیموکراتی، ئەو گەرەنتییە بوونی نەبوو، بەڵام دوای ئەنجامدانی ریفراندۆم وەزارەتی دەرەوە و ئەمریکا و شەخسی ریکس

**هەرێمی کوردستان لەماوەی یەک مانگ دوای کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەر بۆ هەموو جیهانی سەلماند، ئەگەر بەغدا و دەسەڵاتدارانی شیعەی عێراق خۆیان لە دەستوورەکە یاخی نەکەن و دەستوورەکە ژێرپێ نەخەن، ئەوا کوردستان ئامادەیە رێز لەو دەستوورە بگرێت کە خۆی دەنگی پێداوە و بە دەستکەوتێکی گرنگی بۆ مافەکانی کوردستان دادەنێت**

تیلیڤزیۆن زۆر بەتوندی هاتنە سەرخەت و داوایان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان کرد کە رێز لە دەسەڵاتی فیدراڵیی عێراق بگرێت، ئەم هاتنە سەرخەتەی ئەمریکا، لەلایەن عێراق و ئێران و تورکیا وەك پیشاندانی تیشکی سەوز بۆ سڕینەوەی وجوودی سیاسی کیانی هەرێمی کوردستان خوێندرایەوە، هەر بۆیە هەتا ئەمریکا لەو راستییە تێگەیشت کە گێڕانەوەی دەسەڵاتی فیدراڵی بۆ کوردستان بە مانای تێکشکاندنی ئیرادەی خەڵکی کوردستان و سڕینەوەی وجوودی هەرێمی کوردستان نییە، ئەوا میلیشیا پرۆئێرانیەکانی حەشدی شەعبی بە فەرمانی راستەوخۆی قاسم سولەیمانی فەرماندەی هێزی قودسی سوپای پاسداران، نەك هەر تەنیا کەرکوکی داگیر کرد، بەڵکو پەیامێکی زۆر راشکاوانەشی بۆ سەرۆك ترەمپ نارد و پێی راگەیاند، ئەوەی بریار لەسەر ئایندەی عێراق دەدات، شەخسی قاسمی سولەیمانی و سوپای پاسدارانە نەك ئیدارەی ئەمریکی، بۆیە وەك هەنگاوی یەکەم، وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا پشتگیری خۆی بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان و شەخسی نێچیرڤان بارزانی و قوباد تاڵەبانی دووپاتکردەوە، بەڵام ئەو هەڵەیەی ئەمریکا بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئاکامی ریفراندۆمی کوردستان، هەڵەیەکە بە ئاسانی راست ناکرێتەوە و ئەمریکا دڵی دۆستێکی خۆی بریندار کرد کە بە حکومەت و گەلەوە خۆیان بەدۆستی ئەمریکا دەزانی.

لە ئێستادا کە حکومەتی عێراق و شەخسی حەیدەر عەبادی سەرۆك وەزیران، لەبەرچاوی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەو جۆرە خۆی نمایش دەکات کە ئەو رێز لە دەوڵەتی فیدراڵی عێراق دەگرێت و پابەندە بە دەستووری عێراقەوە، قۆناخێکی نوێ لە پرۆسەی سیاسیی نێوان کوردستان و عێراق دەست پێدەکات، حکومەتی عێراق و تەواوی کۆمەڵگەی نیودەوڵەتی دەکەونە بەرامبەر دوو بژارە، ئەویش یان ئەوەیە گوشاری تەواو لە سەر حکومەتی عێراق و هاوپەیمانیی نیشتمانیی شیعە دروست بکرێت بۆ ئەوەی وەك خۆی دەستووری عێراق جێبەجێ بکات و رێز لە تەواوی ماددەکانی ئەو دەستوورە و ئەو دەسەڵاتانە بگرێت کە ئەو دەستوورە بە هەرێمی کوردستانی داوە، یان دەبێت رێز لەو دەنگانە بگرن کە لە ٢٥ی ئەیلوول گەلی کوردستان بۆ سەربەخۆیی داویەتی.

سیاسەتمەدارانی شیعەی عێراق کاتێك بانگەشە بۆ ئەوە دەکەن کە لە دەستووری عێراقدا باس لە ریفراندۆم نەکراوەو دەبێت ئەو ریفراندۆمە هەڵبوەشێتەوە، بەم سیاسەتی (بانێك و دوو هەوایە) ناتوانن خۆڵ لە چاوی خەڵکی کوردستان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بکەن، راستە لە دەستووردا باس لە ریفراندۆم نەکراوە، بەڵام لەبەرامبەردا لەم دەستوورەشدا، سیاسەتی تائیفەگەری و هەوڵدان بۆ دامەزراندنی کۆماری ئیسلامی هاوشێوەی ئێران نەك هەر رێگەپێدراو نییە، بەڵکو تەحریم و تەجریمیش کراوە.

## ● لۆژیك و هێمنیی حکومەتی کوردستان و لەخۆباییبوون و گوتاری حەماس ئامێزی بەغدا

د.حەیدەر عەبادی لەبەر ئەوەی لە تەواوی ژیانی خۆیدا نەیتوانیوە ببێتە سیاسەتمەدارێکی ئەوتۆ کە لەناو هێزە سیاسییەکانی عێراقدا بوونی هەبێت، ئەوا ئێستا کە بۆتە سەرۆك وەزیرانی عێراقیش، ناتوانێت وەك دەوڵەتمەدارێك بە هێمنی و لۆژیك بیربکاتەوە و کێشەکانی بەشێوەیەکی ئاشتییانە چارەسەر بکات.

بۆچوون و تێڕوانینی سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان بەگشتی و شەخسی سەرۆك مسعود بارزانی لەسەر د.حەیدەر عەبادی هەتا دوای ئەنجامدانی ریفراندۆمیش، هەر بەوجۆرە بووە کە ئەم کەسە لەبەر ئەوەی لەماوەی پەنابەرێتیدا لە لەندەن بووەو بۆ رۆژیکیش چییە نەگەڕاوەتەوە بۆ رۆژهەڵاتی ناوەڕاست یاخود ئێران، ئەوا لەو راستییە تێگەیشتووە کە سیاسەتی شۆڤێنی قەومی و تائیفەگەرایی توندڕۆ، هۆکاری هەڵوەشانەوە و کۆتایهێنانی عێراقە، بەڵام هەڵوێستەکانی لەدوای ٢٥ی ئەیلوول و پاشانیش داگیرکردنەوەی کەرکووك بەفەرمانی قاسم سولەیمانی بەبێ ئاگاداری ئەو، دەریانخست، ئەم پیاوە چۆن لە ماوەی ژیانی ٣٠ ساڵەی سیاسی خۆیدا نەیتوانی ببێتە سیاسەتمەدارێکی سەرکەوتوو، ئەوا لەماوەی سێ ساڵی حکومڕانیشدا نەیتوانی

**شێوازی مامەڵەی نێچیرڤان بارزانی لەگەڵ ئەو پیلانە نێودەوڵەتییە، رەفتار و مامەڵەی دەوڵەتمەدارێک بووە کە نەک هەر هۆکارێک بوو بۆ هەڵوەشانەوەی ئەو پیلانەی دژی کیانی سیاسیی هەرێمی کوردستان داڕێژدرا بوو، لەهەمانکاتدا پشتیوانییەکی گەورەی نێودەوڵەتیشی دووبارە دروستکردەوە کە پرۆسەی سیاسیی عێراق بخاتە ناو چوارچێوە دەستوورییەکەی خۆی و پشتگیری جیهان بۆ جێبەجێکردنی دەستووری عێراق بەدەست بهێنێتەوە**

**لایەنە شیعەکانی عێراق، بەتایبەتی فەرماندەی میلیشیا پرۆئێرانییەکانی حەشدی شەعبی وەک کازم سەیادی پەرلەمانتار و فەرماندەی هیزەکانی حەشدی شەعبی زۆر راشکاوانە لەدوای ١٦ی ئۆکتۆبەر رایانگەیاند، کە پاڵەوانی هێرشکردنە سەر کوردستان، حاجی قاسم سولەیمانی-یە نەک حەیدەر عەبادی، بۆیە لەم لایەنەشەوە، هێندەی نفووزی شیعەی پرۆئێرانی زیادی کرد، هیچ پشتیوانییەک بۆ حەیدەر عەبادی زیادی نەکرد**



بیبێتە دەوڵەتمەدارێکی ئەوتۆ کە ئایندەی عێراق لەبەرچاو بگرێت. ئەمەش زۆنگاوێکی بۆ دروستکردووە کە زەحمەتە بە ئاسانی لێی دەربچێت.

هەڵەی حەیدەر عەبادی لە دوای ٢٥ی ئەیلوول ئەوە بوو کە وای لێکدابووەوە، بە دژایەتی دڕندانەی خەڵکی کوردستان بەگشتی و شەخسی سەرۆك مسعود بارزانی، بەشێك لە حزبە سیاسیەکانی کوردستان و لایەنە سیاسیەکانی عەرەبی سوننە دەبنە هاوپەیمان و پشتیوانی، بەمەش پشتگیرییەکی گەورەی ئەمریکا و هاوپەیمانان و سعودیە و دەوڵەتانی کەنداو مسۆگەر دەکات و بە ئاسانی هەڵبژاردنی داهاتوو دەباتەوە. بەڵام عەبادی ئەوەی لەبیر خۆی بردووەتەوە کە هۆکاری سەرەکی لە سەرکەوتنی شەڕی دژی داعش، پشتگیری سەرۆك بارزانی و هێزی پێشمەرگەی کوردستان بووە بۆ سیاسەتەکانی عەبادی، هەروەها هەماهەنگی و هاوکاری تەواو بۆ سەرکەوتنی پرۆسەی ئازادکردنەوەی موسڵ بووە. دیارە سەرکەوتنی لەشەڕی دژی داعش لە ئازادکردنەوەی موسڵ، بارتەقای هەموو شەڕی دژی داعش بووە لە ماوەی سێ ساڵی رابردوو لە عێراقدا، بۆیە ئەگەر بە هێمنی و لۆژیکانە مامەڵەی لەگەڵ کوردستان بکردایە و گرنگترین دۆستی خۆی کە سەرۆك مسعود بارزانی بوو لەدەستی نەدایە، ئەوا چۆن کوردستان و سەرۆك مسعود بارزانی بوونە هۆکاری سەرکەوتنی لە شەڕی دژی داعش، ئەوا بە هەمان شێوە دەبوونە پشتیوانێکی دیکە بۆ سەرکەوتنی لە هەڵبژاردنەکانی داهاتووی عێراقیشدا. هەر بۆیە کە لە ئێستادا دەیەوێت وەك پاڵەوانی شەڕی داعش و داگیرکردنەوەی کوردستان خۆی نمایش بکات، بەو حیسابەی دەتوانێت هەڵبژاردنی داهاتووش بباتەوە، ئەوا هەر لە ئێستاوە ئاماژەکان دەرکەوتوون، کە لایەنی دۆڕای سەرەکی لە هەڵبژاردنەکانی داهاتووی عێراقدا خودی حەیدەر عەبادی



دەبێت، لەبەرامبەردا ئەوانەی خۆیان بە براوەی شەڕی دژی داعش و شەڕی هەڵبژاردنی داهاتوو دادەنێن کە بێگومان میلیشیاکانی حەشدی شەعبین، ئاشکراشە عەبادی پێش هەموان گوێی لە لێدوانەکانی مەهدی موهەندیس و قەیس غەزعەلی و ئەکرەم کەعبی و عەلی یاسری بووە، کە بە ئاشکرا دەڵێن، حەیدەر عەبادی سەرۆك وەزیرانی عێراقیش داوا بکات ملیشیاکانی حەشدی شەعبی هەڵبوەشێتەوە، حەشدی شەعبی هەڵناوەشێتەوە، ئەمەش مانای ئەوەیە حەیدەر عەبادی ئەگەر وەك چەکدارێکی حەشدی شەعبی خۆی پێناسە بکات، ئەوا سەرۆك وەزیرانە و ئەگەر خۆشی بە فەرماندەی گشتی هێزە چەکدارەکانی عێراق دەزانێت و دەیەوێت بە فەرمانێك حەشدی شەعبی هەڵبوەشێنەتەوە، ئەوا لەو دەقەیەوە سەرکردەکانی حەشدی شەعبی هیچ حیسابێکی بۆ ناکەن.

ئەو لایەنانەی کە پێش ٢٥ی ئەیلوول خواستی ئەوەیان هەبوو پشتگیری حەیدەر عەبادی بکەن، بە پلەی یەکەم بریتی بوون لە تەیاری سەدر و ئەیاد عەلاوی و کوردستان و لایەنەکانی دیکەی عەرەبی سوننەی عێراق، ئەم لایەنانەش بێجگە لەوەی لەلایەن ئەمریکا و هاوپەیمانی نێودەوڵەتییەوە پشتگیرییان لێدەکرا، ئەوا لەسەر ئاستی دەوڵەتانی کەنداو عەرەبییش راستەوخۆ پشتگیری دەکران و بەمەش هاوسەنگی پرۆسەی سیاسیی عێراق بۆ بەرژەوەندی عەبادی باڵادەست دەبوو، لایەنەکانی حەشدی شەعبی پرۆێژانی خاوەنی قسەی کۆتایی و یەکلاکەرەوە نەدەبوون لە عێراقدا.

لەچوارچێوەی ئەم واقیعە تازەیەی عێراقدا، راستە حەیدەر عەبادی بە مامەڵە خراپ و درندەکانی لەگەڵ ئاکامی ریفراندۆم، زەبرێکی کاریگەری لە کوردستان وەشاند، بەڵام ئەو گورزەی لە ئاکامی کاردانەوەی ئەو رەفتارانەی لە ئایندەیەکی نزیکدا بەر خۆی دەکەوێت، زۆر

لەو گورزە کاریگەرتر دەبێت کە بەر کوردستان کەوتووە، عەبادی بەنیاز بوو ئەم دەستکەوتانە بچنێتەوە، بەڵام بە پێچەوانە بە ڕووی خۆیدا شکایەوە، لەوانە:

١. عەبادی وای دانابوو بە چوونە ژێر کاریگەری پەرلەمانتارە تائیفی و شۆڤینییەکانی ناو پەرلەمانی عێراق دەتوانێت بەدیل بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان دروست بکات و لەگەڵ ئەو لایەنانە ڕاستەوخۆ وتووێژ بکات کە دەبنە هاوپەیمانی بۆ ڕەفتارە توند و دڕندەکانی دژی کوردستان، بەڵام ئەمریکا فەرزی کرد بە سەریدا کە نوێنەری خەڵکی کوردستان حکومەتی هەرێمی کوردستان و شەخسی (نێچیرڤان بارزانی و قوباد تاڵەبانی)یە، بۆیە لەم حیساباتەی عەبادی سەرچیغ چوو، ئەوەی دەیویست بۆی نەهاتەدی.

٢. ڕاستە لایەنەکانی عەرەبی سوننە لە سەرەتاوە پشتگیری خۆیان پیشاندا بۆ ڕەفتارەکانی عەبادی دژی کوردستان، بەڵام هەر زوو بۆیان دەرکەوت کە هیچ جیاوازییەك لەنێوان سیاسەتەکانی عەبادی و مالیکی نییە و ئەویش هەموو سیاسەتەکانی دەکەوێتە بەرژەوەندی ئێرانەوە، هەربۆیە پێش ئەوەی کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەر ڕووبدات، هەر یەك لە ئوسامە نجیفی و سەلیم جبوری و ئەیاد عەلاوی هەوڵیاندا ڕۆڵی ناوبژیوانی لە نێوان کوردستان و عێراق بگێڕن، لەدوای ١٦ی ئۆکتۆبەریشەوە گوێمان لە قسەکانی نوجێفی و جبوری و ئەیاد عەلاوی بووە کە ڕاشکاوانە دان بەو ڕاستییانەدا دەنێن کە ئێستا لە عێراقدا ئێران باڵادەستە و حکومەتی عێراق هیچ دەسەڵاتێکی نییە. ئەم لایەنەشی بە پێچەوانە بەسەری خۆیدا شکایەوە.

٣. عەبادی هەوڵیدا بە بەکارهێنانی هێزی سەربازی و حەشدی شەعبی، پێگەی خۆی لەناو لایەنەکانی شیعەی عێراقدا بەهێز بکات و ببێتە نوێنەرێکی بەهێزی شیعەکان بۆ هەڵبژاردنەکانی داهاتووی عێراق، بەڵام لایەنە شیعەکانی عێراق، بەتایبەتی فەرماندەی میلیشیا پرۆئێرانییەکانی حەشدی شەعبی وەك کازم سەیادی پەرلەمانتار و فەرماندەی هێزەکانی حەشدی شەعبی زۆر ڕاشکاوانە لەدوای ١٦ی ئۆکتۆبەر ڕایانگەیاند، کە پاڵەوانی هێرشکردنە سەر کوردستان، حاجی قاسم سولەیمانی-یە نەك حەیدەر عەبادی، بۆیە لەم لایەنەشەوە، هێندەی نفوزی شیعەی پرۆئێرانی زیادی کرد، هیچ پشتیوانییەك بۆ حەیدەر عەبادی زیادی نەکرد، بۆیە لەم لایەنەشەوە ڕەنج بەخەسار دەرچوو.

لەبەرامبەر ئەم هەموو خۆنمایشکردن و گوتارە حەماسئامێزە تائیفییانەی عەبادی، ئەگەر سەیری شێوازی مامەڵە و چۆنیەتی ڕەفتارکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان و شەخسی نێچیرڤان بارزانی لەم بارودۆخە قورس و کارەساتئامێزە بکەین کە بەسەر کوردستان هاتووە، ئەمە بێجگە لەوەی کە هەموو لایەك دەزانن لەو ماوەیەدا نێچیرڤان بارزانی لەژێر چ گوشارێکی جەماوەریدا بووە، ئەوا دەگەینە ئەو ڕاستییەی کە شێوازی مامەڵەی کوردستان لەگەڵ ئەو پیلانە نێودەوڵەتییە، ڕەفتار و مامەڵەی دەوڵەتمەدارێك بووە کە نەك هەر ئەم شێوازی مامەڵەکردنە هۆکارێك بوو بۆ هەڵوەشانەوەی ئەو پیلانەی دژی کیانی سیاسیی هەرێمی کوردستان داڕێژدرا بوو، لەهەمانکاتدا پشتیوانییەکی گەورەی نێودەوڵەتیشی دووبارە دروستکردەوە کە پرۆسەی سیاسیی عێراق بخاتە ناو چوارچێوە دەستوورییەکەی خۆی و پشتگیری جیهان بۆ جێبەجێکردنی دەستووری عێراق بەدەست بهێنێتەوە.

هەرێمی کوردستان لەماوەی یەك مانگ دوای کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەر بۆ هەموو جیهانی سەلماند، ئەگەر بەغدا و دەسەڵاتدارانی شیعەی عێراق خۆیان لە دەستوورەکە یاخی نەکەن و دەستوورەکە ژێرپێ نەخەن، ئەوا کوردستان ئامادەیە ڕێز لەو دەستوورە بگرێت کە خۆی دەنگی پێداوە و بە دەستکەوتێکی گرنگی بۆ مافەکانی کوردستان دادەنێت.

ئێستا کە ئەمریکاو فەرەنسا و یەکێتی ئەورووپا و نەتەوە یەکگرتووەکان، پێشوازی لە شێوازی مامەڵەی کوردستان دەکەن بۆ دەستپێکردنەوەی وتووێژ لە چوارچێوەی دەستووری عێراقدا، ئەمە لەبەرامبەردا فەرزی دەکات بەسەر حکومەتەکەی حەیدەر عەبادی و تەواوی هاوپەیمانی نیشتمانیی شیعە کە ئەوانیش وەك کوردستان پابەندبوونی خۆیان بە دەستووری

**ڕاستە لایەنەکانی عەرەبی سوننە لە سەرەتاوە پشتگیری خۆیان پیشاندا بۆ ڕەفتارەکانی عەبادی دژی کوردستان، بەڵام هەر زوو بۆیان دەرکەوت کە هیچ جیاوازییەک لەنێوان سیاسەتەکانی عەبادی و مالیکی نییە و ئەویش هەموو سیاسەتەکانی دەکەوێتە بەرژەوەندی ئێرانەوە، هەربۆیە پێش ئەوەی کارەساتی ١٦ی ئۆکتۆبەر ڕوویدات، هەر یەک لە ئوسامە نجیفی و سەلیم جبوری و ئەیاد عەلاوی هەوڵیاندا ڕۆڵی ناوبژیوانی لە نێوان کوردستان و عێراق بگێڕن**

**حەیدەر عەبادی لە دوای ٢٥ی ئەیلوول ئەوە بوو کە وای لێکدابووەوە، بە دژایەتی دڕندانەی خەڵکی کوردستان بەگشتی و شەخسی سەرۆک مسعود بارزانی، بەشێک لە حزبە سیاسیەکانی کوردستان و لایەنە سیاسیەکانی عەرەبی سونە دەبنە هاوپەیمان و پشتیوانی، بەمەش پشتگیرییەکی گەورەی ئەمریکا و هاوپەیمانان و سعودیە و دەوڵەتانی کەنداو مسۆگەر دەکات و بە ئاسانی هەڵبژاردنی داهاتوو دەباتەوە**

عێراقەوە پیشان بدەن، خاڵی لەمە گرنگتر کە لە پابەندبوون بە دەستووری عێراق خۆی بەرجەستە دەکاتەوە، ئەوەیە کە ئەم دەستوورە بەتەنیا بۆ ئەوە نەنووسراوە کە کێشەکانی نێوان کوردستان و عێراق چارەسەر بکات، بەڵکو ئەم دەستوورە بۆ ئەوە نووسراوەتەوە کە هەموو لایەنە سەرەکییەکان لە پێناوی پێکەوەژیان و بونیادنانی دەوڵەتێکی مەدەنی و دیموکراتی و پەرلەمانی و فیدراڵی، کۆمپرۆمایز بۆ یەکتری بکەن، ئەم دەستوورە فەرزی دەکات کە هیچ لایەنێك لە جێبەجێکردنی ئەو دەستوورە لە چوارچێوەی (براوە و دۆڕاو) پۆلین ناکرێت، بەڵکو کاتێك ئەو دەستوورە جێبەجێ دەکرێت، ئەوا هەرسێ لایەنی سەرەکی (کورد و شیعە و سوننە) و تەواوی پێکهاتەکانی دیکەی عێراق خۆیان بە براوە دەزانن.

لە ئێستادا کە چوارچێوەی پابەندبوون بەدەستوورەوە دەرگای جیاوازی و ناکۆکییەکان بەرەو کرانەوە و دیالۆگێکی راشکاوانە دەبات، لە هەمانکاتدا دەنگی بەکارهێنانی زمانی هێز و شەڕ و کوشتاری خامۆش کردووە، ئەمەش تاقیکردنەوەیەکی باشە بۆ هەموو لایەك بەوەی ئایا کام لایەنە دەتوانێت ریگە لەشەڕ و ئاژاوە بگرێت و کام لایەنیش بێجگە لە زمانی هێز و شەڕ لە هیچ زمانێکی دیکە تێناگات؟ وەڵامی ئەم پرسیارە هەڵوێستەکانی ئەمریکا و ئەورووپا و نەتەوە یەکگرتووەکان دەیداتەوە و بە راشکاوی دەبێت لەگەڵ لایەنی کێشەکان بەو زمانە قسە بکرێت کە خۆیان مەبەستانە قسەی پێبکەن و هەر دەبێت ئەو زمانەش بەکار بهێنرێت بۆ ئەوەی لێی تێبگەن.

### ● جێبەجێکردنی دەستووری عێراق
### ئەو کارتە سوورەیە کە شیعەی پرۆئێرانی دەکاتە دەرەوە

ئەگەر هەتا وادەی هەڵبژاردنەکانی داهاتووی عێراق، ئەمریکا و ئەورووپا و نەتەوە یەکگرتووەکان نەتوانن حکومەتی عێراق ناچار بکەن کە رێز لە دەستووری عێراق بگرێت و هەنگاوی جددی بۆ جێبەجێکردنی ئەو دەستوورە هەڵنەگرێت، ئەوا دوای هەڵبژاردنی عێراق دەبێت خۆیان بۆ ئەوە ئامادە بکەن کە دەبێت باسی جێبەجێکردنی دەستوور لەگەڵ (هادی عامری و مەهدی موهەندیس و قاسم ئەعرجی و نوری مالیکی و جەلالەدین سەغیر و عەلی یاسری و قەیس خزعەلی و ئەکرەم کەعبی) بکەن، بێگومان ئەم ناوانەش هەموویان نوێنەرایەتی میلیشیاکانی ( بەدر و عەسائبی ئەهلی هەق و حەرەکاتی حزبوڵای عێراقی و نوجەبا و سەرایای خۆراسانی و مەجلیسی ئەعلا و.. هتد) دەکەن، هەموو ئەمانەش بە رێگەی سندوقی دەنگدان دەبنە بەشێك لە پرۆسەی سیاسیی عێراقی.

کێشەی سەرەکی لەگەڵ ئەم میلیشیایانە بە پلەی یەکەم ئەوەیە، ئەوان نەك هەر بڕوایان بەدەستوور نییە، بەڵکو هێندەی عەلی خامنەئی رێبەری باڵای شۆڕشی ئێرانی بە مەرجەعی خۆیان دەزانن و هێندە سیستانی بە مەرجەعی خۆیان نازانن، هەر بۆیە ئەگەر لە دوای هەڵبژاردنەکانی ساڵی داهاتوو بتەوێت وتووێژ لەگەڵ ئەم میلیشیایانە بکەیت، ئەوا دەبێت لەسەر جیاوازییەکانی نێوان نەجەف و قوم قسە بکرێت، نەك لەسەر ئەوەی ئەم دەستوورە جێبەجێ بکرێت، یان نە.

شیعەی عێراق بەوانەی خۆیان بە عێراقی دەزانن و بەوانەشی خۆیان بە پرۆئێرانی دەزانن، لەئێستادا دەستووریان کردۆتە چەکێکی کاریگەر بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانی خۆیان و بۆ هەر پرسێك کە دێتە پێشەوە باس لە یاسا و دەسەڵاتەکانی حکومەتی ئیتحادی دەکەن، ئەم دەسەڵاتانەش بەو جۆرە هەتا ئێستا پیادەیان کردووە کە هەموو دەسەڵاتەکانی حکومەتی ئیتحادی بریتییە لە (لبیك یا حسین، لبیك یا زینب)، ئەوجا لەمەش سەیرتر ئەوەیە دەسەڵاتەکانی حکومەتی ئیتحادی حەسری و سنووردارن، بەڵام کاتێك حەشدی شەعبی ئاڵای (لبیك یا حسین و لبیك یا زینب) بەرز دەکەنەوە، پێمان دەڵێن، دەسەڵاتەکانی حەشد رەها و موتڵەقن.

ئەمجۆرە ئەقڵییەتە تائیفەگەرایی و شۆڤینییەی کە هەتا پێش ٢٥ی ئەیلوول، چەمکی حکومەتی ئیتحادی و فیدراڵییان بە چەمکی سەربەخۆیی و جیابوونەوەی کوردستان تەرجەمە دەکرد، دیارە ئەمەشی کە دەیڵێن هەروا بۆچوونێکی رقاوییانە نییە دژی ئەقڵییەتی

**سیاسەتمەدارانی شیعەی عێراق کاتێک بانگەشە بۆ ئەوە دەکەن کە لە دەستووری عێراقدا باس لە ریفراندۆم نەکراوە دەبێت ئەو ریفراندۆمە هەڵبووەشێتەوە، بەم سیاسەتی (بانێک و دوو هەوایە) ناتوانن خۆڵ لە چاوی خەڵکی کوردستان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بکەن، راستە لە دەستووردا باس لە ریفراندۆم نەکراوە، بەڵام لەبەرامبەردا لەم دەستوورەشدا، سیاسەتی تائیفەگەری و هەوڵدان بۆ دامەزراندنی کۆماری ئیسلامی هاوشێوەی ئێران نەک هەر رێگە پێدراو نییە، بەڵکو تەحریم و تەجریمیش کراوە**

**هەتا ئەمریکا لەو راستییە تێگەیشت کە گێڕانەوەی دەسەڵاتی فیدراڵی بۆ کوردستان بە مانای تێکشکاندنی ئیرادەی خەڵکی کوردستان و سڕینەوەی وجوودی هەرێمی کوردستان نییە، ئەوا میلیشیا پرۆئێرانیەکانی حەشدی شەعبی بە فەرمانی راستەوخۆی قاسم سولەیمانی فەرماندەی هێزی قودسی سوپای پاسداران، نەک هەر تەنیا کەرکووکی داگیر کرد، بەڵکو پەیامێکی زۆر راشکاوانەشی بۆ سەرۆک ترەمپ نارد و پێی راگەیاند، ئەوەی بڕیار لەسەر ئایندەی عێراق دەدات، شەخسی قاسمی سولەیمانی و سوپای پاسدارانە نەک ئیدارەی ئەمریکی**



شیعەگەرایی لە عێراقدا، بەڵکو باشترین بەڵگە لەبەر دەستە، کە ئەویش مەراسیمی سوێندخواردنی کابینەکەی دووەمی نوری مالکییە کە تیایدا شیعەکان لەکاتی سوێندخواردندا، وشەی ئیتحادییان پەڕاندبوو، ئەمەش بەو مانایەی سوێند ناخۆن عێراقێکی ئیتحادی بپارێزن، لەبەر ئەوەی ئەوان ئیتحادی بە ئینفساڵ و جیابوونەوە تێگەیشتبوون.

بۆ ئێستا کە ئەمریکا و ئەورووپا و نەتەوە یەکگرتووەکان داوای ئەوە دەکەن دەبێت حکومەتی هەرێمی کوردستان حکومەتێکی بەهێز بێت لە چوارچێوەی عێراقێکی فیدراڵی بەهێزدا، دەبێت بزانن، بۆ ئەوەی ئەم دروشمە بکرێتە پراکتیک، ئەوا دەبێت ستراتیژیەتێك بۆ جێبەجێکردنی دەستووری عێراق دابڕێژرێت، لەم ستراتیژیەدا تەفسیرکردنی ماددەکانی دەستوور هەمووی پێکەوە دەبێت تەفسیرێکی بێلایەنانە بێت و مەرجدار بێت بەوەی کە دەبێت هەموو لایەك ڕێزی بگرێت و جێبەجێی بکات، ئەوەشی کە نەیتوانی جێبەجیی بکات، یان ڕێزی بگرێت، ئەوا دەبێت ئەو دستوورە وەك کارتێکی سوور بەرامبەر ئەو میلیشیا و لایەنە شیعە پرۆئێرانییانە بەرز بکرێتەوە و لەناو پرۆسە سیاسییەکە بکرێتە دەرەوە.

لایەنی ئەمریکی کە لە هەمووان زیاتر جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە زۆر بە بەهێزی پشتگیری جێبەجێکردنی دەستووری عێراق دەکەن، لەکاتی دەستپێکردنی ئەم پرۆژەیەدا ئەو ئاستەنگانە دەبینین کە لەلایەن شیعەی پرۆئێرانییەوە دێتە بەردەمیان، لابردنی ئەو ئاستەنگانە لەگەڵ ئەوەی کارێکی ئاسان نییە و پێویستی بە ئامادەبوونێکی بەهێزی نێودەوڵەتی هەیە لەکاتی جێبەجیکردنی دەستوورەکەدا، بەڵام سەرەنجام بۆیان دەردەکەوێت کە شیعەی پرۆئێرانی لە عێراقدا، دەستووری عێراق وەك دستوورێکی سەپاو بەسەریاندا مامەڵەی لەگەڵ دەکەن و



هەرگیز ئامادە نابن پابەندی ئەو دەستوورە بن کە سنووریك بۆ دەسەڵاتەکانی ئێران لە عێراقدا دابنێن، جێگەی وەبیر هێنانەوەیە لە ساڵانی ٢٠٠٦ و ٢٠٠٧ کە شەڕی نێوان عەرەبی شیعە و سوننە گەیشتە ئەو ئاستەی هیچ ئومێدێك بۆ کپکردنەوەی نەمێنێت، جۆزیف بایدنی جێگری سەرۆکی پێشووی ئەمریکا کە ئەوکات سەرۆکی لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی سەنات بوو، پلانی B بۆ دابەشکردنێکی نەرمی عێراق لەچوارچێوەی سێ هەرێمی فیدراڵی خستەڕوو، بەڵام ئەمیتا ئیزایۆنی کە بیرمەندێکی سیسیۆلۆژی ئەمریکایە لەبەرامبەر پلانەکەی بایدن، پلانی Z ی وەك دوایین پلان بۆ ئەمریکا ڕاگەیاند و ڕاشکاوانە پێی گوتن: ئەگەر ئەمریکا دەیەوێت ئەو سیستەمەی ئێستا موقتەدا سەدر لە شاری سەدری ناو بەغدا پیادەی دەکات، بگۆڕێت بۆ دیموکراتی، ئەوە هەڵەیەکی گەورە دەکات، لێیان گەڕێن خۆیان چییان دەوێت با ئەوە بکەن، ئەوان (مەبەستی عەرەبی شیعەی عێراقە) کە بڕوایان بە عەمامەی ڕەشە حوکمیان بکات، نەك سیستمێکی دیموکراتی.

هەر بۆیە کە ئێستا ئەمریکا زۆر بە توندی و بەهێزەوە هاتۆتە مەیدان و داوا دەکات پێش عێراق، کوردستان دەستوورەکە جێبەجێ بکات، دڵنیای دەکەینەوە کە کوردستان ئامادەیە دەستوورەکە جێبەجێ بکات و بە دەستووری خۆیشی دەزانێت، بەڵام کاتێك لە نیوەی ڕێگە لەگەڵ شیعەکان دەگاتە ئەوەی ئەم دەستوورە ناکرێ و ناتوانرێت جێبەجێ بکرێت، ئەوکات دەزانن کوردستان بۆچی بڕیاری ئەنجامدانی ریفراندۆمی دا. ئەمریکا چۆن لە ١٩٩١ لە ئاکامی ئەنجامدانی ریفراندۆمی کۆسۆڤۆ تێنگەیشت و لە ٢٠٠٨ بە ناچاری و بێ ریفراندۆم پشتیوانی سەربەخۆی کۆسۆڤۆی کرد، ئەوا هەمان حاڵەتی کۆسۆڤۆش لە جێبەجێکردنی دەستووریشدا لەگەڵ کوردستان دووبارە دەبێتەوە.



### دکتۆر فازڵ نەبی عوسمان

بریکاری پێشووی وەزارەتی دارایی عێراق بۆ گوڵان:

# پرۆژە یاسای بوودجەی ٢٠١٨ی عێراق بە تێڕوانینێکی سیاسی نەک ئابووری داڕێژدراوە

## پێویستە هەرێمی کوردستان هەوڵەکانی بخاتەگەڕ بۆ راستکردنەوەی پێشێلکارییە زەقەکانی نێو پرۆژە یاسای بوودجەی عێراق

سەرپێچییەکانی ناو پرۆژە یاسای بوودجەی عێراق لە بەرامبەر کوردستاندا واقیعێکمان پێ دەڵێت کە هێشتا حکومەتی ئیتحادی لە سزادانی گەلی کوردستان بەردەوامە، ئەوەتا حکومەتی بەغدا گەمە بە کات دەکات و بێ گەڕانەوە بۆ مافە دەستووری و یاساییەکانی هەرێمی کوردستان سەرپێچی یاسایی لە پرۆژە یاسای بوودجە بەرامبەر بە کوردستان ئەنجام داوە، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە و چەند تەوەرێکی دیکە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی دکتۆر فازڵ نەبی عوسمان بریکاری پێشووی وەزارەتی دارایی عێراق کرد. کە لێرەدا دەقی قسەکانی بڵاودەکەینەوە.

*** حکومەتی ناوەندی چەندین پێشێلکاری دەستووری و دارایی دەرهەق بە هەرێمی کوردستان ئەنجام داوە؛ کە لەکۆتاییدا بڕینی بەشە بوودجەو مووچەی خەڵکی کوردستانی لێکەوتەوە، ئێستاکەش بەغدا باس لە گەڕانەوە بۆ دەستوور دەکات، ئایا کەمکردنەوەی بەشە بوودجەی کوردستان و بەکارهێنانی ئەو دەستەواژە هەڵەو سیاسییانەی کە لەناو پرۆژە یاسای بوودجەکەدا هەیە سەرپێچییەکی بەردەوام نییە دژی قەوارەی هەرێمی کوردستان؟**

- پێش ئەوەی وەڵامی ئەو پرسیارەتان بدەمەوە، بە پێویستی دەزانم کەمێك بگەڕێمەوە بۆ دواوە، بەتایبەتی بۆ سەردەمی حکومەتەکەی دکتۆر ئەیاد عەللاوی کە دەسەڵاتێکی جێبەجێکردن و تەشریعیشی هەبوو، لەو سەردەمەدا هەردوو حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی مەرکەزی لە بەغدا لەسەر دیاریکردنی پشکی لە ١٧٪ی هەرێمی کوردستان لە ناو بوودجەی گشتی عێراقدا ڕێککەوتن. - بە دڵنیاییەوە دوای دەرکردنی خەرجی سەروەری و خەرجی حاکیمە-، تا ئەو کاتەی سەرژمێری گشتی لەعێراقدا ئەنجام دەدرێت، بەمەش بڕە پارەیەکی باش کە نزیکەی ١١ بۆ ١٣ تریلیۆن دینار بوو تا ٢٠١٣/١٢/٣١ لەبوودجەی گشتی عێراق بۆ هەرێمی کوردستان ڕەوانە دەکرا. لەم ڕوانگەیەوە تا ئەو کاتەی سەرژمێریی گشتی لەعێراق و کوردستاندا ئەنجام دەدرێت، پێویستە هەرێمی کوردستان لەهەموو گفتوگۆ و دانوستانەکانیدا لەگەڵ بەغدا پێداگیری لەسەر پابەندبوون بەم ڕێککەوتنەوە بکات، چونکە ئەمە تا ڕاددەیەك هێزێکی یاساییشی وەرگرتووە، چونکە لەو کاتەدا هەروەك ئاماژەم پێکرد، حکومەتەکەی د.عەللاوی دەسەڵاتی تەشریعیشی هەبوو، ئەمە تا ئەو کاتەی سەرژمێری دەکرێت، یاخود ڕێککەوتنێکی نوێ دەکرێت. بەڵام بە داخەوە، هەروەك هەموولایەك دەزانێت حکومەتی عێراق لە سەرەتای ساڵی ٢٠١٤دا بڕیاریدا بوودجەی هەرێمی کوردستان ببڕێت، ئەمە لە کاتێکدا مەسەلەی کەمکردنەوەی بەشە بوودجەی هەرێم و بیرۆکەی بڕینی بوودجە لەلایەن حکومەتی ئیتحادییەوە لە ناوەڕاستی ٢٠١٢وە هەبووە بە بیانووی ئەوەی کوردستان هیچ بڕە نەوتێك تەسلیمی بەغدا ناکات، بەڵام دواتر ڕێککەوتنێك کرا لەسەر ئەوەی هەرێمی کوردستان ١٠٠ هەزار بەرمیل نەوت ڕۆژانە بداتە بەغدا، لەبەرامبەر ئەوەی بەغدا بوودجەی هەرێمی کوردستان ڕەوانە بکات، ئەوە بوو توانرا تاوەکو ٣١ی ٢٠١٣/١٢ ئەو ڕێککەوتنە جێبەجێ بکرێت، بەڵام کاتێك ڕێککەوتنە نەوتییەکە ئیشکالیەتی تێکەوت و حکومەتی بەغداش دەمێك بوو مەرامی بڕینی بوودجەکەی هەبوو، ئەوە بوو هەلی جێبەجێنەکردنی ڕێککەوتنە نەوتییەکەی قۆستەوەو بوودجەی کوردستانیان بڕی، من ئەو کاتە زۆر پێداگریم لە جێبەجێکردنی ڕێککەوتنەکە دەکردەوە، بەڵام جەنابی وەزیری سامانە سروشتیەکانی حکومەتی هەرێمی ئەو کات تەئکیدی لەوە دەکردەوە کە ئەم مەسەلەیە گرنگ نییە و ئەو دەیگوت من دەتوانم مووچەی خەڵکی کوردستان بدەم، بە داخەوە کێشەکە لەوێوە دەستی پێکرد، کە نەدەبوو بوار بەوە بدرایە. ئەوە بوو لەمانگی ٢ی ٢٠١٤ لەسەر بڕینی بوودجەی هەرێم دەست لەکارکێشانەوەی خۆم ئاراستەی وەزارەت کرد. من بەحوکمی پۆستەکەم پەیوەندی باشم لەگەڵ نوری مالیکی سەرۆك وەزیرانی پێشووی عێراق هەبوو و پەیوەندی پێوەکردم بۆ چارەسەرکردنی کێشەی بەشە بوودجەی کوردستان، ئەو پێداگیری لەوە دەکردەوە کە ئەگەر کوردستان نەوتی ڕادەست نەکات لە ١٧٪ی بوودجە نانێرێت، چونکە هەڵمەتی هەڵبژاردنی لەپێشە و گرفتی بۆ دروست دەبێت، من زۆر داوام لێکرد کە ئەگەر کێشەشت لەگەڵ حکومەتی هەرێمدا هەیە، ئەوا نابێت سزای خەڵکی کوردستان بدەیت، چونکە مووچە بابەتێکی پەیوەندارە بە بژێوی ژیانی خەڵکەوە و دەکرێت خەرجییەکانی حکومەت ببڕیت، نەك مووچە و قوتی خەڵك. ئەوە بوو دوای ماوەیەك بڕیاری بڕینی بوودجەکەیان جێبەجێ کرد. کاتێکیش جەنابی هۆشیار زێباری پۆستی وەزیری دارایی وەرگرت، ڕێککەوتنێکی نوێ دروست بوو، لەو کاتەدا کە شاندی هەرێمی کوردستان هاتنە بەغدا من ئەوەم بۆ شاندەکە خستەڕوو کە پێویستە لە کاتی دەستپێکردنی گفتوگۆکاندا زیاد لە بەدیلێکیان پێبێت، بەڵام بەداخەوە هەندێك لەو بەرپرسانەی حکومەتی هەرێمی کوردستان دڵخۆش نەبوون بەم قسانەی من- ئەگەرچی سەرۆکی حکومەت بەم قسانەی من دڵخۆش بوو- و ئەوە بوو قسەکانی منیان بە هەند هەڵنەگرت، کە من پێموایە ئەگەر ئەو قسانە لەبەرچاو بگیرانایە، ئەو کاتە ڕێککەوتنەکە لە بەرژەوەندی هەرێمی کوردستان دەبوو. کە دەهاتن بۆ بەغدا و بەشداری گفتوگۆکانیان دەکرد لەوە نەدەچوو پرۆژە یاسای بوودجەیان خوێندبێتەوە، ئەوەبوو کاتێك چوونە نێو گفتوگۆکانەوە لەگەڵ بەغدا، دەرکەوت کە بە باشی یاسای بوودجەیان نەخوێندۆتەوە، بەتایبەتی کەسە تایبەتمەند و هونەرییەکان، ئەمە لە کاتێکدا پێویستە ئەم کەسانە زۆر باش ئەو یاسایەیان بخوێندایەتەوە بۆ ئەوەی دوچاری کێشە نەبن، ئەوە بوو دوای واژووکردنی ڕێککەوتنەکە من هەر ئەو کاتە پێم وتن ئەم ڕێککەوتنە لەبەرژەوەندی کوردستان نییە، بەڵام هەرچۆنێك بێت بۆ ماوەی شەش مانگ ڕێککەوتنەکە جێبەجێ کرا. دواتر لە هەردوولاوە تەگەرە بۆ ڕێککەوتنەکە دروست کرا و هەڵوەشێندرایەوە. لەو ڕۆژەوە تا ئێستا هەرێمی کوردستان نەوتی خۆی دەفرۆشێت و بەغداش جگە لەهەندێك

**کاتێک لەگەرمەی ڕووداوەکانی دوای ١٦ی ئۆکتۆبەرو هێرشکردنە سەر کوردستان ئەمریکا ڕایگەیاند: ئێمە حکومەتێکی کوردستانی بەهێزمان دەوێت لەچوارچێوەی عێراقێکی یەکگرتوودا. کەواتە دەبێت پێشنیارو بۆچوونەکان بەپێی بارودۆخە نوێیەکە بێت**

**کە وادەی داڕشتنی پرۆژە یاسای بوودجەی گشتی هاوکات دەبێت لەگەڵ نزیکبوونەوەی هەڵبژاردنەکان، کە وادەی هەڵبژاردنەکان نزیک بووەوە بەرپرسانی باڵای حکومەتی عێراقیش ئامادەی نەرمینواندن نابن لە بەرامبەر مافەکانی کورد و بگرە سەرسەختتر دەبن، بۆ ئەوەی بنکەی جەماوەریی خۆیان لەدەست نەدەن**

**هەر زوو داوام کرد کە پێویستە حکومەتی هەرێم هەوڵەکانی بخاتەگەڕ، چونکە بەشە بوودجەکەی لە ١٤,٨ ترلیۆن دینارەوە کراوەتە ٦,٨ تریلیۆن، واتە کەمتر لە نیوە، خۆ ئەگەر حکومەتی بەغدا هەموو ئەم بڕە پارەیە بداتە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەوا بەشی مووچەی ٦ بۆ ٧ مانگ ناکات**

دەرمان و بابەتی تری وەکو بەشە خۆراك و خەرجی حاکیمە و پارەی جووتیاران هیچی دیکەی بۆ هەرێمی کوردستان نەناردووە.

*** بەڵام لەساڵی ٢٠١٤ وە لەعێراقدا پارەو داهاتێکی زۆر بە گەندەڵی و گرێبەستی ژێربەژێری کڕینی چەك و تەمویلکردنی میلیشیاتە چەکدارەکان خەرج کراوە، تەنانەت بۆ ئەم بوارە قەرزێکی زۆریش وەرگیراوە؛ ئایا چۆن بەبێ چاودێری ئەم هەموو داهات و قەرزە بەفیڕۆ دراوە؟**

- لەساڵی ٢٠١٤ پرۆژە یاسای بوودجە ئامادە نەکرا واتا لەو ساڵەدا رەنگە داهات و پارەیەکی زۆر بێ چاودێری خەرج کرابێت، بەڵام لە یاسادا دەڵێت ئەگەر لە ساڵێکدا بوودجە ئامادە نەکرێت دەبێت پرۆژە یاسای بوودجەی ساڵی پێشوو جێبەجێ بکرێت، بەڵام هەرچۆنێك بێت بوار دروست دەبێت بۆ ئەوەی ئەنجومەنی وەزیران بە ئارەزووی خۆیان داهات خەرج بکەن. لە٢٠١٥ دا کاتێك حکومەتەکەی عەبادی لەسەر حوکم بوو، بەڵام بەپێی ئەوەی هەردوو وەزارەتی بەرگری و ناوخۆ بوودجەی تایبەت بەخۆیان هەبوو، ئەوا هەر بڕە پارەیەك کە خەرك دەکرا لە چوارچێوەی بوودجەی خۆیاندا بوو، چونکە ناکرێت تۆ لە دەرەوەی بوودجە پارە خەرح بکرێت، کەس ناتوانێت ئەم کارە بکات، چونکە ئەمە پێشێلێکردنێکی گەورەیە و لێپێچینەوەی بە دوادا دێت. لەبەر ئەوە لە دەرەوەی بوودجە هیچ بڕە پارەیەکی دیکە خەرج نەکرا. تەنها هەندێ قەرز هەبوو، وەك ئەو قەرزەی وڵاتی ئەمەریکا بەخشیبوی بە وەزارەتی بەرگری کە ئەویش تەرخان کرابوو بۆ کڕینی چەك. هەروەها سەرقاڵی وەرگرتنی قەرزێکی دیکە بووین لە وڵاتی چین، ئەویش بۆ کڕینی چەك بوو، بەڵام ئەو رێککەوتنەش کاری پێنەکرا. هەروەها من دەمەوێت ئەوە بڵێم کە لە هەموو ئەو قەرزانەی لەساڵانی ٢٠١٤ و ٢٠١٥ و ٢٠١٦ وەرگیراون، هەرێمی کوردستانی لێ بێبەش کراوە، بە بیانووی ئەوەی ئەو قەرزانە بۆ پڕکردنەوەی کورتهێنانی بوودجەیە، بەتایبەتی دوای دابەزینی نرخی نەوت و کەوتنەوەی قەیرانی دارایی، ئەو کاتە حکومەت دەیگوت: (کاتێك بەشی هەرێم لە قەرزەکان دەدەم کە کوردستان پابەندی رێککەوتنی نەوتی بێت و پارە لە بوودجە وەربگرێت)، بەڵام ئەگەر بهاتایە عێراق قەرزی لە دەرەوەی بوجە بکردایە، واتە بۆ پڕکردنەوەی کورتهێنانی بوودجە نەبووایە، ئەوا دەبوو پشکی لە سەدا ١٧ بداتە هەرێمی کوردستان. من لێرەدا دەڵێم ئەگەر سەرەتا ئەو رێککەوتنە جێبەجێ بکرایە کە لەگەڵ مالیکیدا هاتەئاراوە، ئەوا دەرئەنجامەکەی لە بەرژەوەندی خەڵکی کوردستان دەبوو و هیچ یەکێك لەو کێشانەش دروست نەدەبوون. بەڵام رێککەوتنەکەی ساڵی ٢٠١٥ بە هیچ شێوەیەك لە بەرژەوەندی هەرێمی کوردستان نەبوو، چونکە لەو کاتەدا هەرێم نزیکەی ٩٠٠ ملیۆن دۆلاری لە فرۆشتنی نەوت دەستدەکەوت، لە کاتێکدا بە گوێرەی رێککەوتنەکە و لە باشترین حاڵەتدا هەرێمی کوردستان ٥٥٠ ملیۆن دۆلاری لە بەغدا وەردەگرت.

*** را و سەرنجتان چییە لەسەر پرۆژە یاسای بوودجەی ساڵی ٢٠١٨ی عێراق کە پشکی کوردی بە رێژەیەکی بەرچاو تێدا کەم کراوەتەوە؟**

- سەرەتا دەبێت ئەوە بڵێم کە پرۆژە یاسای بوودجەی ٢٠١٨ی عێراق بە تێڕوانینێکی سیاسی نەك ئابووری گەڵاڵەکراوە و داڕێژدراوە، دواتر ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ بوودجەی ساڵانی پێشتر (٢٠١٥، ٢٠١٦، ٢٠١٧)، ئەوا سەرەڕای ئەوەی رێککەوتنەکەی نێوان هەولێر و بەغدا جێبەجێ نەدەکرا و سەرباری ئەوەی کە بەغدا بەشە بوودجەی هەرێمی رەوانە نەدەکرد، بەڵام بەشی هەرێم لە نێو بوودجەکەدا دەستکاری نەکرابوو، واتە هەر رێژەی لە سەدا ١٧ی کوردستان بە جێگیری مابۆوە بە بێ ئەوەی خەرجی سەروەریش زیاد بکرێت، واتە لەو ساڵانەدا بەشە بوودجەی هەرێمی کورستان لە ١٤ تریلیۆن دینار بەسەرەوەیە. سەبارەت بە کەمکردنەوەی پشکی هەرێمی کوردستان لە پرۆژە یاسای بوودجەدا، ئەوا هۆکارەکانی زیاتر سیاسین، بەڵام هۆکاری دیکەشی هەیە، یەکێك لە هۆکارەکان ئەوە بوو هەرێمی کوردستان کەسێکی نەبوو لە نێو وەزارەتی دارایی عێراقدا، چونکە پێشتر لەبەر بوونی کوردێك وەك وەکیل وەزیر و هەروەها وەزیر، بنچینەکانی پرۆژەی یاسای بوودجە بە راست و دروستی گەڵاڵە دەکران و خۆ ئەگەر ئەنجومەنی وەزیرانی بیوستیایە دەستکاری بکات، ئەوا نەیدەتوانی بە رادەیەکی گەورە ئەو کارە بکات، کە من کاتێك خانەنشین بووم داوام کرد کەسێکی کورد لەو پۆستە دابنرێت، بۆ ئەوەی بتوانێت بەرگری بکات. هۆکارێکی دیکە ئەوەیە بە شێوەیەکی گشتی پێگەی کورد لە بەغدا لاواز بووە، چونکە پێشتر پێگەیەکی بەهێزی هەبوو و ئەم پێگەیەش لەبەرچاو دەگیرا. بەڵام هەروەك ئاشکرایە لە ساڵی ٢٠١٨دا کورد ئەو خاڵە بەهێزانەی لە بەغدا لە دەست داوە. هەروەها کاتێك ورد دەبینەوە ئەوا تێبینی دەکەین کە کەسانی سیاسی بەشداری بوون لە داڕشتنی بوودجە، چونکە هەندێ بابەت جێگیرکراون لە بوودجەدا کە ئەرکی وەزارەتی دارایی نییە ئەو کارانە بکات، بەهەر حاڵ ٣ خاڵی سەرەکی لە نێو ئەم پرۆژە بوودجەیەدا کە کاریگەری گەورە و سلبییان لەسەر هەرێمی کوردستان هەیە بریتییە لە:

١. بەکارهێنانی دەستەواژەی پارێزگاکانی هەرێم کە ئەمە پێشێلکارییەکی دەستووریی زەقە، ئەمە لە کاتێکدا لە سەرجەم بوودجەی ساڵانی پێشوودا تەنیا دەستەواژەی

**دانانی رێژەی لە سەدا ١٧ بە رێککەوتن بووە لەگەڵ حکومەتەکەی د.عەللاوی و بڕیار بووە ئەم رێککەوتنە جێبەجێ بکرێت تا ئەو کاتەی کە سەرژمێری دانیشتووان دەکرێت**

**بەرزکردنەوەی خەرجی سەروەرێتی (سیادی) کە ساڵانە لە نێوان ٢٨ بۆ ٣٠ تریلیۆن دینار بووەو ئەمساڵ بەرز بۆتەوە بۆ ٤٣ تریلیۆن دینار، واتە بە بڕی ١١ تریلیۆن و ٩٦٠ ملیار دینار زیادی کردووە، ئەمەش بە زیانی هەرێمی کوردستان تەواو دەبێت، چونکە دوای دەرکردنی ئەم خەرجیانە پشکی هەرێمی کوردستان دیاری دەکرێت**

**بەکارهێنانی دەستەواژەی پارێزگاکانی هەرێم کە ئەمە پێشێلکارییەکی دەستووری زەقە، ئەمە لە کاتێکدا لە سەرجەم بوودجەی ساڵانی پێشوودا تەنیا دەستەواژەی هەرێمی کوردستان بەکار هاتووە، لەوەش زیاتر تەنانەت پشکی هەر یەک لە پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆک تەرخان کراوەو بێ ئەوەی باسی پارێزگای هەڵەبجەش بکرێت. کە ئەمەش هۆکاری سیاسی لە پشتە**

هەرێمی کوردستان بەکار هاتووە، لەوەش زیاتر تەنانەت پشکی هەر یەك لە پارێزگاکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆك تەرخان کراوەو بێ ئەوەی باسی پارێزگای هەڵەبجەش بکرێت. کە ئەمەش هۆکاری سیاسی لە پشتە.

٢. کەمکردنەوەی پشکی هەرێمی کوردستان لە بوودجەی گشتی عێراقدا لە ١٧٪ بۆ ١٢,٦٧٪، ئەمەش دەتوانم بڵێم پێشێلکارییەکی یاساییە، چونکە هەروەك پێشتر ئاماژەم پێکرد دانانی ڕێژەی لە سەدا ١٧ بە ڕێککەوتن بووە لەگەڵ حکومەتەکەی د.عەللاوی و بڕیار بووە ئەم ڕێککەووتنە جێبەجێ بکرێت تا ئەو کاتەی کە سەرژمێری دانیشتووان دەکرێت.

٣. بەرزکردنەوەی خەرجی سەروەرێتی (سیادی) کە ساڵانە لە نێوان ٢٨ بۆ ٣٠ تریلیۆن دینار بووەو ئەمساڵ بەرز بۆتەوە بۆ ٤٣ تریلیۆن دینار، واتە بە بڕی ١١ تریلیۆن و ٩٦٠ ملیار دینار زیادی کردووە، ئەمەش بە زیانی هەرێمی کوردستان تەواو دەبێت، چونکە دوای دەرکردنی ئەم خەرجیانە پشکی هەرێمی کوردستان دیاری دەکرێت.

من لێرەدا دەمەوێت ئەوە بڵێم کە ئەم سێ خاڵە کاریگەری گەورەیان هەیە و نابێت ببنە بابەتی گفتوگۆ و پێویستە ڕاست بکرێنەوە. واتە پێویستە دەستەواژەی هەرێمی کوردستان بچەسپێنرێتەوە، چونکە بەم دواییەی حەیدەر عەببادی لە لێدوانێکیدا باسی لەوە کرد ئەوان پابەندن بە مافە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستان. هەروەها دەبێت ڕێژەی (١٧٪)ەکە وەك خۆی دابنرێتەوە، خاڵی سێیەمیش دەبێت ئەو ١١ تریلیۆن و ٩٦٠ ملیار بگەڕێتەوە بۆ خەرجی ئاسایی و لە خەرجی سەروەری دەربکرێت. بەم شێوەیە پشکی هەرێمی کوردستان بە ڕێژەیەکی بەرچاو زیاتر دەبێت. من هەر زوو داوام کرد کە پێویستە حکومەتی هەرێم هەوڵەکانی بخاتەگەڕ، چونکە بەشە بوودجەکەی لە ١٤,٨ ترلیۆن دینارەوە کراوەتە ٦,٨ تریلیۆن، واتە کەمتر لە نیوە، خۆ ئەگەر حکومەتی بەغدا هەموو ئەم بڕە پارەیە بداتە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەوا بەشی مووچەی ٦ بۆ ٧ مانگ ناکات و داوام کرد پەیوەندی بە نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەمریکاوە بکرێت بۆ ئەوەی ئەوان هەوڵ بدەن بوودجەکە لە ئەنجومەنی وەزیران رابگیرێت و ڕەوانەی پەرلەمان نەکرێت، چونکە ئێستا ئەنجومەنی وەزیران پەسەندی کردووە، هەرچەندە بڕگەیەکی تێدایە باس لەوە دەکات سەرۆکی حکومەت دەتوانێت دەستکاری بکات، واتە جۆرە نەرمی نواندنێك بەدی دەکرێت، ئەویش لە دەرئەنجامی پەیوەندی و فشارەکانەوە بووە.

*** ئایا نەرمی واندنەکە تەنیا لەم بڕگەیەکدا بەدی دەکرێت؟**

- لە راستیدا خاڵێکی دیکەی نەرمینواندنەکە ئەوەیە کە لەکاتێکدا زیاتر لە ١٥ ڕۆژە پرۆژەکە لەلایەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە پەسەند کراوە، بەڵام ڕەوانەی ئەنجومەنی نوێنەران نەکراوە. من بە حوکمی ئەو پەیوەندییانەی هەمبوو لەگەڵ بەڕێز عەببادی، پێشبینی دەکەم ئەو کێشانە چارەسەر بکرێت، گەرچی ئەوە دووەم جارە –جاری یەکەمیان لە ساڵی ٢٠١٤ بوو- کە وادەی داڕشتنی پرۆژە یاسای بوودجەی گشتی هاوکات دەبێت لەگەڵ نزیکبوونەوەی هەڵبژاردنەکان، کە وادەی هەڵبژاردنەکان نزیك بووەوە بەرپرسانی باڵای حکومەتی عێراقیش ئامادەی نەرمی نواندن نابن لە بەرامبەر مافەکانی کورد و بگرە سەرسەختر دەبن، بۆ ئەوەی بنکەی جەماوەریی خۆیان لەدەست نەدەن. هەرچۆنێك بێت تێپەڕاندنی بوودجەکە وەکو خۆی، حکومەتی هەرێم دەخاتە ناو دۆخێکی ئابووریی زۆر قورسەوە، هەربۆیە دەبێت لێزانانە مامەڵە لەگەڵ دۆخەکە بکرێت. کاتێك لەگەرمەی ڕووداوەکانی دوای ١٦ی ئۆکتۆبەرو هێرشکردنە سەر کوردستان ئەمریکا ڕایگەیاند: ئێمە حکومەتێکی کوردستانی بەهێزمان دەوێت لەچوارچێوەی عێراقێکی یەکگرتوودا. کەواتە دەبێت پێشنیارو بۆچوونەکان بەپێی بارودۆخە نوێیەکە بێت.

*** بەم دواییە باس لەوە دەکرا حکومەتی عەببادی ئامادەیە مووچەی فەرمانبەرانی کوردستان ڕەوانە بکات، رای ئێوە لەم بارەیەوە چی دەبێت؟**

- لە راستیدا کاتێك بەغدا دەتوانێت ئەم کارە بکات کە لەناو پرۆژە یاسای بوودجەدا جێگای کردبێتەوە، ئێمە تا ئێستا لەناو ساڵی ٢٠١٧ داین و بڕی تەرخانکراوی پارە لە ناو بوودجەی گشتی عێراقدا بۆ هەرێمی کوردستان زۆرە، بەڵام حکومەتی عێراق ڕایگەیاندووە تا سەرجەم داهاتەکانی هەرێم بۆ بەغدا نەنێردرێت، بەشە بوودجەکە نانێرێت. مەسەلەی مووچەخۆران ڕاستە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان قورسە، بەتایبەتی بۆ ساڵی ٢٠١٨ کە ئەگەر پرۆژەی بوودجەکە هەموار نەکرێتەوە، ناتوانرێت مووچە وەکو خۆی بدرێت، کاتێك لەساڵانی ٢٠١١ و ٢٠١٢ و ٢٠١٣ ژمارەی مووچە خۆران زۆریش بوو، بەڵام توانرا مووچە لەکاتی خۆیدا بدرێت، چونکە پشکی هەرێمی کوردستان لە ١٧٪ بوو، بەغدا لەبوودجەی ٢٠١٥ ئەم ژمارەیەی بە ٦٧٠ هەزار کەس دانابوو لەکاتێکدا لە ٢٠١٣ زیاتر لە یەك ملیۆن مووچە خۆرمان هەبووەو مووچەکەش دابین کراوە، واتە مەسەلەکە ژمارەی مووچەخۆران نییە بەقەد ئەوەی مەسەلەی پشکی هەرێمە لەناو بوودجەکەدا.

**ڕێککەوتنەکەی ساڵی ٢٠١٥ بە هیچ شێوەیەک لە بەرژەوەندی هەرێمی کوردستان نەبوو، چونکە لەو کاتەدا هەرێم نزیکەی ٩٠٠ ملیۆن دۆلاری لە فرۆشتنی نەوت دەستدەکەوت، لە کاتێکدا بە گوێرەی ڕێککەوتنەکە و لە باشترین حاڵەتدا هەرێمی کوردستان ٥٥٠ ملیۆن دۆلاری لە بەغدا وەردەگرت**

**لەساڵی ٢٠١٤ پرۆژە یاسای بوودجە ئامادە نەکرا واتا لەو ساڵەدا ڕەنگە داهات و پارەیەکی زۆر بێ چاودێری خەرج کرابێت، بەڵام لە یاسادا دەڵێت ئەگەر لە ساڵێکدا بوودجە ئامادە نەکرێت دەبێت پرۆژە یاسای بوودجەی ساڵی پێشوو جێبەجێ بکرێت، بەڵام هەرچۆنێک بێت بوار دروست دەبێت بۆ ئەوەی ئەنجومەنی وەزیران بە ئارەزویی خۆیان داهات خەرج بکەن**

**لەمانگی ٢ی ٢٠١٤ لەسەر بڕینی بوودجەی هەرێم دەست لەکارکێشانەوەی خۆم ئاراستەی وەزارەت کرد. من بەحوکمی پۆستەکەم پەیوەندی باشم لەگەڵ نوری مالیکی سەرۆک وەزیرانی پێشووی عێراق هەبوو و پەیوەندی پێوەکردم بۆ چارەسەرکردنی کێشەی بەشە بوودجەی کوردستان، ئەو پێداگیری لەوە دەکردەوە کە ئەگەر کوردستان نەوتی ڕادەست نەکات لە ١٧٪ی بوودجە**

# ئایندەی پەیوەندیی نێوان بەغداو هەولێر دوای ریفراندۆم

ئێمە لە ساڵی ٢٠٠٥دا ریفراندۆمێکی نافەرمیمان ئەنجامدا، ئەنجامێکی سەرسوڕهێنەریشی هەبوو کە رێژەی ٨-٩٨٪ لێکەوتەوە، ئەمە ئەزموونێکی دیموکراسیی سەرکەوتوو بوو، بەڵام مەبەستمان لەوەدا راگەیاندنی دەوڵەتی کوردستان نەبوو، لە هەمان کاتدا تاقیکردنەوەیەك بوو بۆ گەلی کوردستان کە مانەوەی هەڵبژارد لەنێو دەوڵەتێکی سەربەخۆدا، لە ساڵی ٢٠١٤دا سەرکردایەتیی کوردستانی نیازی هەبوو کە ریفراندۆم بۆ سەربەخۆیی ئەنجام بدات، بەڵام رووبەڕووی داعش بووینەوە و پڕۆژەکەش بەهۆی دەوڵەتێکی ئیقلیمییەوە زیندەبەچاڵکرا، زۆربەی حزبە کوردستانییەکان بە سەرپەرشتیی بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە ٧ی حوزەیرانی ٢٠١٧دا بڕیاریان دا کە ٢٥-٧-٢٠١٧ بۆ ئەم پرۆسەیە دەست نیشان بکەن، ئەم بڕیارە مێژووییە بە توندییەوە لەلایەن دەوڵەتانی ئیقلیمی و نێودەوڵەتییەوە رەتکرایەوە، هەندێ لەو دەوڵەتانە لەبەر ئەوە رەتیان کردەوە کە کاتەکە گونجاو نییە لەگەڵ داننانیان بەوەی کە مافی گەلی کوردستانە ئەو مافە سرووشتییە پیادەبکات، هەندێ دەوڵەتیش بە تەواوی رەتیان کردەوە، ئەوان ئەو پرۆسەیەیان بە هەڵگیرسانی دووبەرەکی و شەڕو پەرتکردنی هاوکاریی دژی داعش لەقەڵەم دا، هەروەها گوایە دەبێتە هۆی دامەزراندنی ئیسرائیلی دووەم و دابەشکردنی عێراق و ناوچەکە لەلایەن ئیسرائیل و ئەمریکاوە، هەموو ئەمانە بۆ دواخستنی بوو لە ئایندەدا، ئەوانەی داوای دواخستنیان دەکرد مەبەستیان هەڵوەشاندنەوەو پەکخستنی بوو، بۆیە کاتێ داوامان لێکردن کاتێکی دیکەمان بۆ دیاری بکەن رەتیان کردەوە، هەروەها بۆ ئەلتەرناتیڤێکی دیکە هەمدیسان رەتیان کردەوە، ئەمەش بەڵگەیە بۆ ئەوەی کە هەر لە بنەڕەتەوە نەکرێت، بۆیە سەرکردایەتیی کوردستانی و بە تایبەتی سەرۆك بارزانی دەرکی بە نیازخراپیی ئەوان کردو داواکەیانی رەتکردەوە، ناوبانگی ئەو ریفراندۆمە گەیشتە هەموو جیهان، هەتا لە ئەنجومەنی ئاسایش پێشوازییان لێ نەکرد، بەڵام سەرکردایەتیی کوردستانی دەرکی بەوە کرد کە ئیرادەی گەل لە ئیرادەی هەموو دنیا بەهێزترە، ئیرادەی بەهێزی ئەم گەلە هاتە دی، ئەو گەلەی چەندین مەینەتی ومالوێرانی بینیوە بەدرێژایی سەد ساڵ، ئایا ئەو هەموو ماوەیە بەس نییە؟ کوردستان تائێستا بۆتە تاقیگە بۆ حکومەتە شکستخواردوو و گەندەڵەکانی عێراقی، گەلی کوردستان حوکمی پاشایەتی و کۆماری و بەعسی و دەعوەیی بینیوە و هیچی لێ دەست نەکەوتوون جگە لە وێرانکاری و بە هیلاکبردن و گەندەڵی و نەداری.

بڕیاری ئەنجامدانی ریفراندۆم مێژوویی بوو، رۆژی دەنگدانیش خۆشترین رۆژ بوو لە ژیانی گەلی کوردستان، رۆژی لەدایکبوونی ئەو گەلە بوو، نەك هەر لە باشووری کوردستان بەڵکو لە هەموو پارچەکانی کوردستان، ئەم ریفراندۆمە هەستی نەتەوەیی و نیشتمانیی نەتەوەی کوردی لە هەموو شوێنێکی سەر زەوی زیندووکردەوە، چونکە لەوەتەی سەد ساڵە دەوڵەتانی کۆلۆنیالی و داگیرکار ئازادییان لێ زەوت کردووین، لە ساڵی ١٩٢٥ واتا ساڵێك دوای هەرەسهێنانی دەوڵەتی عوسمانی سەرپشکیان کردین لەنێوان تورکیاو عێراقدا، عێراقمان هەڵبژارد نەك لەبەر چاوو خۆشەویستیی عێراق، بەڵکو لەبەر ئەوەی رەهەندی ئایینی کاریگەریی هەبوو، چونکە کورد پێی وابوو عێراق وڵاتێکی عەرەبییە و عەرەبیش ئەسڵی ئیسلامە، بە هەرحاڵ لێیان نەپرسین چیتان دەوێت؟ بەڵکو لێیان پرسین چ هەڵدەبژێرن؟ ئەگەر بیانپرسیبایە چتان دەوێت بە دڵنیاییەوە دەمانگوت وەك گەلانی ناوچەکە دەوڵەتێکی سەربەخۆمان دەوێت.

بۆ یەکەم جارە لەوەتەی سەدەیەکە بە فەرمی لە گەلی کوردستان دەپرسن چیتان دەوێت، بە هەموو ئازادییەکەوە لە پرۆسەیەکی دیموکراسیدا



د.عەرەفات کەرەم ستونی*

بۆ گوڵان نووسیویەتی

گوزارشتی لە رای خۆی کرد بە چاودێریی لایەنی ناوخۆیی و بیانی، رێژەی ٩٢-٩٣٪ ڕێژەیەکی بەرزە و شەرعییەت دەداتە گەلی کوردستان کە بەپێی یاسا نێودەوڵەتییەکانەوە دەوڵەتی سەربەخۆیی رابگەیەنێت، هەروەها مافی چارەی خۆنووسین Self-determination مافێکی سرووشتیی هەموو گەلانی جیهانە، زۆربەی دەوڵەتانیش هەر بە ریفراندۆم سەربەخۆبوونە، کە پێشتریش لە وتارێکمدا لە گوڵان نموونەم هێناوەتەوە. بەمەش ئیرادەی گەلمان سەرکەوت، بۆیە ئەگەر هەندێ دەوڵەت سەربەخۆ بوونە، ئەوا رەنگە لە دەوڵەتانی بەهێزو دیموکراسی جیابووبنەوە، بەڵام گەلی کوردستان لە دەوڵەتێکی شکستخواردووی گەندەڵ و ئایدیۆلۆژی دۆزەخ جیادەبێتەوە، خەڵکەکە هاتە سەر شەقام بە جۆشوخرۆشەوە ئاهەنگیان دەگێڕا، نیگەران بوون لە دواخستنی، بەڵام بۆ خواو مێژوو دەڵێم سەرۆك بارزانی هۆکاری دوانەخستنی بوو، سووربوونی توندی ئەو و بڕوابەخۆبوون و ئەزموونی سیاسی و مێژوویی و هاندانی بۆ گەلەکەی و سەرکردایەتیی کوردستانی بووە هۆی ئەم سەرکەوتنە مەزنە. ئێستا کە ریفراندۆمەکە ئەنجامدرا و ئەنجامێکی باشی هەبوو، کاتی ئەوە هاتووە دانوستان لەنێوان هەولێرو بەغدا دەست پێ بکات، بەڵام بەغدا بە تەواوی دانوستان رەتدەکاتەوە، بە پاساوی ئەوەی کە نا دەستووریی و نایاساییە، بە کورتی دەڵێم تەنیا وەسفکردنی ریفراندۆم بەوەی کە پرۆسەیەکی دیموکراسییە بەسە بۆ دەستووری و یاسایی و شەرعییەتی ئەم پرۆسەیە، شەرعییەتەکەی لە دەنگدەرانەوەیە نەك لە تەماشاکەران، بۆ زانیاریش بەغدا کاتێ دەکەوێتە کێشەو قەیرانەوە پاساوی دەستوور دێنێتەوە، بە چ ماددەیەکی دەستووری تانە لە ریفراندۆم دەدەن، بە چ ماددەیەکیش بوودجەتان بڕی و پارێزگاری کەرکووکتان لەسەرکار لابرد؟ یان قەدەغەی مووچەی پێشمەرگەو چەك و تەقەمەنیتان کرد؟ بە چ ماددەیەك بوودجەی کوردستانتان لە ١٧٪ بۆ ١٢-٦٧٪ کەمکردەوە و فڕۆکەخانەوە مەرزەکانتان داخست؟ زۆربەی بڕیارەکانی بەغدا پێچەوانەی دەستوورن، ئەگەر نا چۆن پەنادەباتە بەر چارەسەری سەربازی بۆ چارەسەرکردنی ناکۆکییە سەربازییەکانی ناوخۆ؟.

جێی سەرسوڕمان و پێکەنینە کە ئەوان داوای هەڵوەشاندنەوەی دەکەن، لە کەناڵێکی عەرەبی پێمگوتن: ئێمە رازین ریفراندۆم هەڵوەشێنینەوە، بەڵام بە مەرجێك، ریفراندۆمێکی دیکە بکەینەوەو داوا لە گەلی کوردستان بکەین بچنەوە سەر سندووقەکان و دەنگ بدەنەوە، لەسەر کارتەکەش بنووسرێت : ئایا ریفراندۆم هەڵدەوەشێنیتەوە یان نا ؟ بە دڵنیاییەوە رازی نابن، چونکە چاك دەزانن کە بەهۆی ئەو هەڵوێستە توندانەی دژ بە خواستەکانی گەلی کوردستان ئەوا رێژەی دەنگدان بە بەڵێ لە رێژەکەی پێشوو زیاتر دەبێت، تەنانەت ئەوانەی بە نەخێر دەنگیان دابوو پەشیمان دەبنەوە بەهۆی ئەو هەڵوێستە ناشارستانییانە، ریفراندۆمی کوردستان وەك ئەوە وایە کۆرپەیەکی تازە بە شەرعی لەدایك بێت نەتوانرێت بخرێتەوە سکی دایکی، کە نابێ بیکوژیت، یەکەمیان ئەستەمەو دووەمیشیان تاوانە، بۆیە دەبێ بە داناییەوە مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت تا سبەی گەورە دەبێت، کەس ناتوانێت و ئەستەمە ریفراندۆم هەڵوەشێنێتەوە، چونکە بڕیاری تاکە کەس یان حزبێکی دیاریکراو نییە، ناکرێ ئیرادەی گەلێك هەڵوەشێنیتەوە، تەنانەت دادگای فیدڕالیش نەیتوانی تانە لە نادەستووریەتی بدات، بەڵکو بڕیارێکی دەرکرد بە راگرتنی ئەنجامدانی تا بڕیاری یەکلاکەرەوە، کە کردیشمان دادگاکە نەیتوانی تانەی لێبدات، بەڵکو تەنیا گوتی دەستوور رێگەنادات هیچ بەشێك لە عێراق جیابێتەوە تەنانەت کەوتیشە هەڵەوە، چونکە ئاماژەی نەکرد بۆ دیباجەی دەستوورەکە کە دەڵێت: پابەندبوون بەم

**زۆربەی حزبە کوردستانییەکان بە سەرپەرشتیی بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە ٧ی حوزەیرانی ٢٠١٧دا بڕیاریان دا کە ٢٥-٧-٢٠١٧ بۆ ئەم پرۆسەیە دەست نیشان بکەن، ئەم بڕیارە مێژووییە بە توندییەوە لەلایەن دەوڵەتانی ئیقلیمی و نێودەوڵەتییەوە ڕەتکرایەوە، هەندێ لەو دەوڵەتانە لەبەر ئەوە ڕەتیان کردەوە کە کاتەکە گونجاو نییە لەگەڵ دانانیان بەوەی کە مافی گەلی کوردستانە ئەو مافە سرووشتییە پیادەبکات، هەندێ دەوڵەتیش بە تەواوی ڕەتیان کردووە**

**بڕیاری ئەنجامدانی ریفراندۆم مێژوویی بوو، رۆژی دەنگدانیش خۆشترین رۆژ بوو لە ژیانی گەلی کوردستان، رۆژی لەدایکبوونی ئەو گەلە بوو، نەک هەر لە باشووری کوردستان بەڵکو لە هەموو پارچەکانی کوردستان، ئەم ریفراندۆمە هەستی نەتەوەیی و نیشتمانیی نەتەوەی کوردی لە هەموو شوێنێکی سەر زەوی زیندووکردەوە، چونکە لەوەتەی سەد ساڵە دەوڵەتانی کۆلۆنیالی و داگیرکار ئازادییان لێ زەوت کردووین**

دەستووره یەکێتیی ئارەزوومەندانەی عێراق دەپارێزێت، ئاماژەی بە ماددەی یەکەم نەکرد کە دەڵێت: دەستوور زەمانی یەکێتیی عێراقە، دیباجەکە ئاماژە دەکات بۆ ئەو یەکێتییە کە بەزۆری نییە بەڵکو ئارەزوومەندانەیە، پاشان پابەندنەبوون بە دەستوور پاساو دەدات بۆ ئەوەی کە دەیەوێت لەو بەڵگەنامەیە دەربچێت کە بەندەکانی پێشێلکراون، بەغدا پێشێلکاریی لە زیاد لە پەنجا ماددەی دەستووری کردووە، ئەمەش مانای وایە دەستوورەکە شەرعییەتی لەدەستداوە، لەو کاتەدا یەکێتیی وڵات رووبەڕووی دابەشبوون دەبێتەوە، جا چونکە دادگای فیدرالی بەسیاسیکراوە، بۆیە لەم پرسە مەترسیدارو چارەنووسسازانەدا چۆن پشتی پێ ببەسترێت.

حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاری سڕکردنی ریفراندۆمی دا، بەڵام ئەمە مانای هەڵوەشاندنەوە نییە بەڵکو وەك بەڵگەنامەیەکی مێژووی دەمێنێتەوە، هەر کاتێ گەلی کوردستان سەربەخۆیی ویست ئەو قۆناغەی تێپەڕاندووە، باشترین چارەسەر دانووستانی راستەقینەیە لەنێوان بەغداو هەولێر، نەتەوە یەکگرتووەکان و ئەمریکاو فەرەنساو سعودیە پێشوازییان لە بڕیارەکەی حکومەتی کوردستان کرد، تەنانەت تورکیاو ئێرانیش بە هەمان شێوە، چونکە ناکرێ حکومەتێکی هەڵبژێردراوو شەرعی و دەستووری پەراوێزبخرێت، بەیاننامەی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ئاماژەی بە پشتیوانیکردنی ئەو حکومەتە کرد بە سەرۆکایەتیی نێچیرڤان بارزانی و جێگرەکەی قوباد تاڵەبانی، جەختیشی کردەوە کە ئەو حکومەتە بەهێز بێت و پێویستە حزبە کوردستانییەکان پشتیوانیی بکەن، ئەمەش پەیامێکی بەهێزە بۆ ئەوانەی دەیانەوێت پەراوێزی بخەن، چونکە بەغدا هەوڵدەدات مامەڵە لەگەڵ پارێزگاکانی هەرێم بکات لەجیاتی حکومەت، بەداخەوە ئەم دەستەواژەیە لە بوودجەی ساڵی ٢٠١٨دا هات، هەندێ سیاسەتوان و پەرلەمانتاری عێراقی هەوڵدەدەن زاراوەی هەرێمی باکووری عێراق لەباتی هەرێمی کوردستان بەکاربێنن، لەهەمان کاتدا بەیاننامەکە وەك پەیامێکی بەهێزە بۆ ئەوانەی هەوڵی پێکهێنانی حکومەتێکی رزگاریی نیشتمانی دەدەن، کە هەوڵێکە لەلایەن هەندێ لایەنی سیاسیی کوردییەوەیە کە دەیانەوێت خۆیان لە شکست رزگاربکەن.

راستە بنیادنانی دەوڵەت ئاسان نییەو پرۆسەیەکی سەخت و ئاڵۆزە بە تایبەتی لە عێراق، بەڵام ریفراندۆم مانای راگەیاندنی دەوڵەت و دەستنیشانکردنی سنوور نییە، بەڵکو گوزارشت لە بیروڕا دەکات بە شێوەیەکی دیموکراسی و دەستووری عێراقیش ئەو مافەی داوە، هاوکات مانای کۆتایی عێراق و دنیا و دانوستان نییە.

## ● چارەسەر چییە؟

من پێموایە حکومەتی کوردستان بڕیارێکی بوێری دا بە سڕکردنی ریفراندۆم لەپێناو دەستپێکردنی دانوستان لەگەڵ بەغدا، تاکو شەڕ لەنێوان تاکەکانی یەك وڵات روونەدات، ئەوەی لە کەرکوك و ناوچەکانی دیکە روویدا لە کردەوەی سەربازی بەهۆی ریفراندۆمەوە نەبوو، بەڵکو بەغدا لەمێژبوو پلانی هەبوو بۆ ئەنجامدانی ئەو کردەوە سەربازییە، بەڵام ئەوە بووە پاساو بۆ ئەوەی دەستتێوەردان لەو ناوچانەدا بکات.

بەغدا نەیدەتوانی هێرشی سەربازی بکات، چونکە دەیزانی کە هێزی پێشمەرگە بە توندی شەڕدەکات، هەروەها کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش رەتی دەکاتەوە و ناوبانگی حکومەتەکەی عەبادیشی پێ لەکەداردەبێت، بەڵام پەنای بردەبەر شێوازی پەرتکردنی ماڵی کورد، ئەمەش بە دەستی دەرەکی هاتەئاراوە، توانی چەند کەسێك رازی بکات کە لە ئەوروپا گەورەبوونە و لە ژیانیاندا مەینەتییان وەك پێشمەرگە نەچەشتووە، نیشتمان لای ئەوانە بەهای نییە، بەڵکو نیشتمانیی ئەوان تەنیا ئەوەیە کە پارەکانیان لە دەرەوە دابنێن، ئەو کەسانە کەمێکن لەنێو حزبێکی دیاریکراودا کە کودەتایان بەسەر گەلی کوردستان و سەرکردایەتیی حزبەکەیاندا کرد، بەم شێوەیە کەرکوك لەدەست چوو، کاتێ سەرۆك بارزانی بەم پیلانە مەترسیدارەی زانی فەرمانی بە پێشمەرگە کرد بکشێتەوە تاکو شەڕی ناوخۆ روونەدات، کوردیش بەمە سەرکەوت چونکە شەڕ لەنێوانیان رووی نەدا، راستە کەرکوك چوو، بەڵام خوێنی پێشمەرگەمان لە دەست نەچوو، چونکە خوێنی پێشمەرگە لە کەرکوك چاکترە، پێموایە چارەسەری سەربازی رەوشەکە ئاڵۆزتردەکات و گەلی کوردستان هاندەدات بۆ بەرگری و کۆڵنەدان، با بگەڕێینەوە بۆ دانوستان، دەستوور بکەینە حەکەم، جێگەی داخە کە شەڕ لەنێوان سوپای عێراق و پێشمەرگە رووبدات کە تا دوێنێ بەیەك ریز دژی دوژمنێکی هاوبەش دەجەنگان، ئەویش داعش بوو، جێگەی داخە کە ئەو چەکە پێشکەوتووانە کە پێشکەش سوپای عێراق کرابوون بۆ شەڕ دژی داعش دژی پێشمەرگە بەکاربهێنرێت، ئایا ئەمە سەرپێچیی دەستوورو رێکەوتننامەکانی پێشوو نییە. پاشان چۆن دڵتان هات شەڕ دژی گەلی کوردستان بکەن کە لەسەردەمی ناخۆشیدا ئێوەی حەواندەوە و خاکی کوردستان بووبووە پەناگە لەسەردەمی ئۆپۆزسیۆندا، کوا بەڵێن و ڕێکەوتننامەکانی واژۆتان لەسەر

**بەغدا نەیدەتوانی هێرشی سەربازی بکات، چونکە دەیزانی کە هێزی پێشمەرگە بە توندی شەڕدەکات، هەروەها کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش رەتی دەکاتەوە و ناوبانگی حکومەتەکەی عەبادیشی پێ لەکەداردەبێت، بەڵام پەنای بردەبەر شێوازی پەرتکردنی ماڵی کورد، ئەمەش بە دەستی دەرەکی هاتەئاراوە، توانی چەند کەسێک رازی بکات کە لە ئەوروپا گەورەبوونە و لە ژیانیاندا مەینەتییان وەک پێشمەرگە نەچەشتووە، نیشتمان لای ئەوانە بەهای نییە، بەڵکو نیشتمانیی ئەوان تەنیا ئەوەیە کە پارەکانیان لە دەرەوە دابنێن**

کردبوو. راستییەکی تاڵە کە کێشە راستەقینەکەمان بۆ دەردەخات کە نە لە دەستوور و نە سامان و نە لە هێزو کەسەکاندا نییە، بەڵکو لەو عەقڵییەتەیە کە نەگۆڕاوە لەوەتەی دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق لە ١٩٢١، سەدەیەك تێپەڕی و دۆزی کورد هەر بە هەڵپەسێردراوی ماوەتەوە و هەر واش دەمێنێتەوە، سەردەمی پاشایەتی و دواتر کۆماری و بەعسی و دەعوەییەکان هات و ئەم کێشەیە هەر چارەسەرنەکرا، دۆزی کورد بۆتە بازرگانییەکی پڕقازانج بۆ ئەو کەسەی دەیەوێت بازرگانی بە خوێنی گەلی کوردستانەوە بکات، چیمان پێبڕا: بۆ نموونە ماوەی نێوان بەعسیەکان و دەعوەییەکان لە ستەمی سیاسیەوە بوو بە ستەمی ئایینی مەزهەبیی، لە سوپای عەرەبچێتییەوە بۆ سوپای ئایدیۆلۆجی، لە کەسێکەوە بۆ چەند کەسێك کە هەموویان لە کۆتاییدا شەڕیانە دژی گەلی کوردستان.

سەرکەوتنی راستەقینە لە هەر شەڕێکدا بریتییە لە بەدەستهێنانی دڵی خەڵك، نەك شکاندنی دڵیان، چەندین سەرکەوتن لە زۆر ناوچە هاتۆتەدی، بەڵام دواتر بۆتە شکست و نسکۆ، ئایا سووتاندنی خانووی کوردان لە کەرکوك و خورماتوو و ئاوارەکردنی خەڵکەکەی و سووکایەتی پێکردنیان بە سەرکەوتن دادەنرێت؟ ئەو هێزە سەربازییە بە هەڵسوکەوتەکانیان بۆ کوردیان سەلماند کە ژیان لەگەڵ ئەوانە ئەستەمە، پێکەوەژیانی هاوبەش هەرەسی هێنا، ئەو هێزانە دەیانویست ئاسایش لەو شوێنانە بەرقەراربکەن، بەڵام پێش هاتنی ئەوان ئاسایش تێیاندا سەقامگیربووە، بە هاتنی ئەوان ئاژاوە دروستبوو، ترس و دڵەڕاوکێ لەجیاتی ئاشتی و دڵنیایی هاتەئاراوە، ئەو ناوچانە تەنیا بە گەڕانەوەی پێشمەرگە سەقامگیردەبنەوە کە پێشتر لەدەست داعش رزگاریان کردن.

من پێموایە کە ئەمە رای خۆمە نەك وا بزانرێت رای حزبە، دەڵێم ناتوانرێت بگەڕێینەوە قۆناغی پێش ریفراندۆم، ئەمڕۆ ئێمە لە قۆناغێکی تازەداین، کە قۆناغی نزیکبوونەوەیە لە سەربەخۆیی، ئەوەی ئەو قەناعەتەی لا دروستکردم ئەوەیە کە دانوستانی نێوان بەغداو هەولێر داخوازییەکانی گەلی کوردستان نایەنێتەدی، چونکە ریفراندۆم لە خەیاڵی عەرەبی عێراقیدا وا وێناکراوە کە خیانەت و تاوان و پیلانێکی مەترسیدارە، هەروەها پلانێکی ئیسرائیل و ئەمریکایە بۆ دابەشبوونی عێراق و دروستبوونی ئیسرائیلی دووەم لە ناوچەکەدا، لە عەقڵی کوردستانیشدا گەورەترین دەستکەوتە کە لەوەتەی سەد ساڵە هاتبێتەدی، کەواتە جیاوازییەکی زۆر و مەترسیدار هەیە لەنێوان ئەو دوو عەقڵ و کۆمەڵگەیەدا، ئەگەر جیاوازییەکە کۆمەڵگەیی بێت زەحمەتە چارەسەربکرێت، بە پێچەوانەی هەندێ ناکۆکیی سیاسی کە بە ئاسانی چارەسەردەکرێت، من پێموایە هەندێ گوتاری ئایینی ئەو قەناعەتەی لە عەقڵی عەرەبی عێراق چەسپاندووە، بۆیە وای دەبینم کە دانوستان درێژ دەبێت و بێ سوودە، لەوەش خراپتر نزیکبوونەوەی هەڵبژاردنەکانی عێراقە، چونکە لە بەرژەوەندیی عەبادیدا نییە لاپەڕەیەکی تازە لەگەڵ کوردستاندا بکاتەوە، تاکو بەوە تۆمەتبارنەکرێت کە کەوتۆتە ژێر باری کوردستانەوە، هەروەها نایەوێت ناوبانگی سەرکەوتنەکانی بەسەر داعشدا بشێوێنێت بەو رەخنانەی کە بە هۆی دانوستانی لەگەڵ کوردستان لێیدەگیرێن، بۆیە تائێستا بەپیر داواکەی کوردستانەوە نەهاتووە بۆ قبوڵکردنی گفتوگۆ، چەند دانوستان دوابکەوێت لە بەرژەوەندیی ئەودایە، مەگەر ئەمریکا بە توندی بێتە ناوەوە، ئەو کاتە پرۆسەی دانوستانەکە خێراتردەبێت، بەڵام چەند جاریش ئەمریکا هاتۆتە بەینەوە، هەر بێ سوود بووە، بۆیە پێویستە یەکەم جار ماڵی کورد رێکبخرێتەوە تا بتوانین رووبەڕووی تەحەدییەکانی قۆناغی داهاتوو ببینەوە، بەڕێز نێچیرڤان بارزانی خۆشحاڵ بوو بە گەڕانەوەی وەزیرانی بزووتنەوەی گۆڕان و بەشداریکردنی هەموو هێزە کوردستانییەکان بۆ رزگاربوون لەو قەیرانە، هەروەها گەڕانەوەی پەرلەمانتارانی کورد بۆ پەرلەمان و پارتی دیموکراتی کوردستانیش خۆشحاڵ بوو بە گەڕانەوەیان و گەڕانەوەی دکتۆر یوسف سەرۆکی پەرلەمان، چونکە ئەمە بەرپرسیارتییەکی مێژووییە پێویستە هەموو لا بە یەك ریز بەرامبەر بەغدا بوەستن، دووەم شتیش ئەوەیە داوای چاودێریی نێودەوڵەتی بکرێت لە دانوستانەکاندا، بە تایبەتیش نەتەوە یەکگرتووەکان و یەکێتیی ئەوروپا، پێموایە ئەمریکا باشترە چونکە کاریگەریی بەهێزی لە ناوچەکەدا هەیە، هاوکات کارکردن لەگەڵ حزبە عێراقییەکان ئەوانەی بڕوایان بە دیموکراسی و مەدەنییەت هەیە، تاکو بەیەکەوە کێشەکانی نێوان بەغداو هەولێر چارسەربکەن، بەغدا گفتوگۆ قبوڵدەکات، بەڵام دانوستانێکی زەحمەت و پڕ لە ئاستەگ و کێشە دەبێت، جا ئەگەر نەگەیشتینە چارەسەرێك کە گەلی کوردستان پێی رازی بێت، پێموایە چاکترین رێگەچارە کشانەوە بێت لە پرۆسەی سیاسی، ئەمەش بە کۆبڕیار دەبێت لەلایەن هەموو حزبە کوردستانییەکانەوە تاکو ببێتە پرسی گەلێك نەك پرسی چەند حزبێکی دیاریکراو.

---

*** سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق**

**حکومەتی کوردستان بڕیارێکی بوێری دا بە سڕکردنی ریفراندۆم لەپێناو دەستپێکردنی دانوستان لەگەڵ بەغدا، تاکو شەڕ لەنێوان تاکەکانی یەک وڵات روونەدات، ئەوەی لە کەرکوک و ناوچەکانی دیکە روویدا لە کردەوەی سەربازی بەهۆی ریفراندۆمەوە نەبوو، بەڵکو بەغدا لەمێژبوو پلانی هەبوو بۆ ئەنجامدانی ئەو کردەوە سەربازییە، بەڵام ئەوە بووە پاساو بۆ ئەوەی دەستتێوەردان لەو ناوچانەدا بکات**

**ئەمڕۆ ئێمە لە قۆناغێکی تازەداین، کە قۆناغی نزیکبوونەوەیە لە سەربەخۆیی، ئەوەی ئەو قەناعەتەی لا دروستکردم ئەوەیە کە دانوستانی نێوان بەغداو هەولێر داخوازییەکانی گەلی کوردستان نایەنێتەدی، چونکە ریفراندۆم لە خەیاڵی عەرەبی عێراقیدا وا وێناکراوە کە خیانەت و تاوان و پیلانێکی مەترسیدارە، هەروەها پلانێکی ئیسرائیل و ئەمریکایە بۆ دابەشبوونی عێراق و دروستبوونی ئیسرائیلی دووەم لە ناوچەکەدا، لە عەقڵی کوردستانیشدا گەورەترین دەستکەوتە کە لەوەتەی سەد ساڵە هاتبێتەدی**

ئەحمەد مەجیدیار
تایبەتمەند لە پرسی ئێران لە ئامۆژگای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆ گوڵان:

# ئەمریکا و سعودیە سەرقاڵی یەکخستنی هەڵوێست و سیاسەتەکانیانن بۆ پاشەکشەپێکردنی دەستڕۆیشتوویی ئێران

*** هەروەك دەزانن لە ئێستادا ڕووداوەکان لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا زۆر بە خێرایی تێدەپەڕن و نادڵنیاییەکی زۆریش باڵی کێشاوە بەسەر ئەم ناوچەیەدا، تێڕوانینی ئێوە چییە بۆ بارودۆخەی ئێستای ناوچەکە و پێتانوایە بە چ ئاقارێکدا ئاراستەی گرتووە؟**

- بە دڵنیاییەوە بارودۆخەکە بە ڕەوتێکی خێرا بەرەو هەڵکشان دەڕوات، بێگومان ئاشکرایە کە پەیوەندییەکانی سعودیە و ئێرانیش بە ڕەوتێکی خێرا بەرەو ئاڵۆزی چووە، بەتایبەتی لە دوای مانگی کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠١٦وە کاتێك باڵیۆزی سعودیە لە تاران کرایە ئامانجی هێرشی گردبوونەوەی شۆڕشگێڕانە، هەروەها کونسولگەرییەکی دیکەی سعودیە و لە شارێکی دیکەی ئێران هێرشی کرایەسەر، لە دەرئەنجامیشدا، لەو کاتەوە ئەو دوو وڵاتە پەیوەندیی دیپلۆماسی لەنێوانیاندا لە ئارادا نەبووە، سەرەڕای ئەوەش بارگرژی لەنێوان ریاز و تاران لەبارەی دۆخی سووریاوە لە ئارادا بووە، بە هەمان شێوە هەردوو وڵات تێڕوانین و بۆچوونی جیاوازیان هەبووە لەبارەی عێراقەوە، لەلایەکی دیکەوە بینیمان لە دەرئەنجامی رکابەریی ناوچەیی نێوان سعودیە و ئێراندا قەیرانی قەتەر هاتەئاراوە، بەم دواییەش ئاکامی ئەم ململانێیە پەلی کێشا بۆ لوبنان، کە ئاشکرایە بۆ چەند دەیەیەکە ئێران و سعودیە رکابەری دەکەن لەسەر درێژکردنەوەی دەستڕۆیشتوویی خۆیان لە لوبنان، بەڵام لەبەر ئەوەی لەم ساتەوەختەدا حزبوڵڵا- کە وەکیلی ئێرانە- باڵادەستە بەسەر گۆڕەپانی سیاسی، هەروەها ئەمنی لوبناندا، ئەوا سعودیە بە راوێژکردن لەگەڵ ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی دیکەدا- بڕیاری داوە کە هەڵوێستی توندتر بگرێتەبەر لە ئاست ئێراندا، ئەمەش وەك سەرەتایەك لێکدەدرێتەوە بۆ گرتنەبەری ئەو



**پرۆفیسۆر ئەحمەد مەجیدیار بەڕێوەری پرۆژەی چاودێریکردنی ئێرانە لە ئامۆژگای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، خاوەنی بڕوانامەی ماستەرە لە ڕۆژنامەگەری کە لە زانکۆی وێستمینستەر بەدەستی هێناوە، هەروەها بڕوانامەی دیپلۆمی لە بواری کاروباری نێودەوڵەتیدا هەیە، شارەزای چەند بوارێکی گرنگە، وەك تیرۆریزم و بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزم، تایفەگەریی نێوان شیعە و سوننە، سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا. هەروەها شارەزای کاروباری وڵاتانی ئێران و ئەفغانستان و پاکستانە. بۆ قسەکردن لەسەر دوایین پەرەسەندن و پێشهاتەکانی ناوچەکە لە پەیوەندی بە هەڵکشانی بارگرژییەکانی نێوان سعودیە و ئێران و چەند پرسێکی پەیوەندیداری دیکە، گوڵان دیمانەیەکی لەگەڵدا ئەنجامدا و ئەویش بەم شێوەیە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.**

سیاسەتەی کە سعودیە و هاوپەیمانەکانی باسیان لێوەدەکرد بۆ پاشەکشەپێکردنی دەستڕۆیشتوویی ئێران لە ناوچەکەدا. کەواتە دەتوانین بڵێین لە ئایندەدا دوژمنکاری و ڕووبەڕووبوونەوەی زیاتر لەنێوان سعودیە و ئێراندا بەدی دەکەین، نەك هاوکاریکردن لە نێوانیاندا.

*** هەروەك دەزانن لە ماوەی ڕابردوودا سەرۆك وەزیرانی لوبنان- سەعد حەریری- دەستی لەکار کێشایەوە و ئەوەندی دیکەی قەیرانی ئەو وڵاتەی قووڵتر کرد، بەڵام زۆر کەس پێیانوایە ئەم پرسە پەیوەندی بە هەڵکشانی دۆخی یەمەنەوە هەیە، بەتایبەتی بوونی حزبوڵا لە یەمەندا کە ئەمەش سعودیەی ناچار کرد فشار بۆ دەست لەکارکێشانەوەی حەریری دروست بکات، بۆچوونی ئێوە لەم بارەیەوە چییە؟**

- لە ڕاستیدا ئەمە پرسێکی فرەڕەهەندە، واتە تەنیا دەرئەنجام و دەرهاویشتەی یەك کێشە نییە، وەك کێشەی یەمەن، بەڵام ئەوەی لە یەمەندا دەگوزەرێت، کێشەیەکی گەورەیە و ئەمەش بە مانای ئەوە دێت کە سعودیە دەیەوێت بە ئێران و حزبوڵا بڵێت کە دەبێت دەست لە پشتیوانیی گروپە یاخیبووە حوسییەکان هەڵبگرن لە یەمەن کە لە شەڕ و ناکۆکیدان لەگەڵ سعودیەدا. ئەمە لایەنێکی کێشەکەیە. خۆ ئەگەر لە ڕوانگەی ئێرانەوە لە مەسەلەکە بڕوانیت و ئەگەر لە ڕاگەیاندنەکانی ئێران و لێدوانی بەرپرسە ڕەسمییەکانیان ورد ببیتەوە، ئەوا ئێران خۆشحاڵ نەبوو بە دەست لەکارکێشانەوەی سەعد حەریری، چونکە پێکهاتەی حکومەتی لوبنان لە بەرژەوەندیی ئێراندا بوو، لەبەر ئەوەی حەریری -کە کەسێکی نزیکە لە سعودیە و ئەمریکاوە- لە پێگەیەکی لاوازدا بوو، بە پێچەوانەوە حزبوڵا لە پێگەیەکی زۆر بەهێزدا

بوو لە نێو ئەو حکومەتەدا، هەروەها سەرۆکی ئەو وڵاتەش میشێل عەون، کەسێکی نزیکە لە ئێرانەوە، کەواتە بوونی حەریری لە حکومەتدا- کە لە پێگەیەکی لاوازدا بوو- دەبووە هۆی شەرعییەت بەخشین بە حکومەتی ئەو وڵاتە و دەبووە هۆی پاراستنی ئەو وڵاتە لە سەپاندنی سزای زیاترو رووبەڕووبوونەوەی رێوشوێنی توندتر بەتایبەتی لەلایەن ئەمریکاو ئەورووپاو هێزەکانی دیکەوە. واتە لەبەر ئەوەی لە ئێستادا حەریری لە حکومەتدا نەماوە، ئەوا ئێران نیگەرانە لەوەی ئەمریکا و هێزە ئیقلیمییەکانی دیکە سزای ئابووری زیاتر و کێشەی زیاتر لە لوبناندا دروست بکەن، کە ئەمەش زیان بە ئێران دەگەیەنێت و کێشەی بۆ دروست دەکات لە پەیوەندی بە هاوکاریکردنی حزبوڵلا و هاوپەیمانەکانی دیکەیەوە لە لوبناندا.

*** واتە دەتانەوێت بڵێن دەست لەکارکێشانەوەی حەریری بواری رەخساندووە بۆ ئەوەی سزای زیاتر بەسەر حزبوڵلادا بسەپێندرێت؟**

- بە دڵنیاییەوە ئەوەی ئێوە دەیڵێن دەقاودەق راستە، چونکە هەروەك ئاماژەم پێکرد بوونی حەریری لە حکومەتدا- هەرچەندە لە پێگەیەکی لاوازیشدا بوو- شەرعییەتی بەو حکومەتە دەبەخشی و ئەمەش بە ناڕاستەوخۆ شەرعییەتی بە کارەکانی ئێران دەدا لەو وڵاتەدا و ئێستاش کە لەو حکومەتەدا نەماوە، ئەوا ئەگەری زیاترە حزبوڵلا رووبەڕووی سزای نێودەوڵەتیی زیاتر ببێتەوە لەلایەن ئەمریکاو هێزە ئیقلمییەکانی دیکەوە، بەتایبەتی کە لە ئێستادا ئەمریکا چەند سزایەکی بەسەر حزبوڵلادا سەپاندووە.

*** ئەوەی لە وەڵامەکانی ئێوەوە بەدی دەکرێت ئەوەیە کە سعودیە و ئێران تەواوی ناوچەکەیان کردۆتە گۆڕەپانی ململانێی هێز و دەستڕۆیشتوویی خۆیان، پرسیارەکە ئەوەیە ئایا پەرەسەندنە دراماتیکییەکانی ئەم دواییە ئاماژەن لەسەر چڕبوونەوەی زیاتری رکابەری ناوچەیی و تایفەگەری لەنێوان ئەم دوو وڵاتەدا؟**

- بە دڵنیاییەوە ئەمە وایە، هەروەها ئەم هەڵکشانی ناکۆکی و ململانێیە کاریگەری خراپی دەبێت لەسەر سەقامگیریی ناوچەکە، خۆ ئەگەر لە مێژوو بڕوانین، ئەوا لە ساڵی ١٩٧٩وە ئێران و سعودیە هەوڵیان داوە خۆیان لە رووبەڕووبوونەوەی راستەوخۆی یەکتر بپارێزن، ئەگەرچی لە ساڵانی هەشتاکاندا ئێران هەوڵی هەڵنان و هاندانی شیعەکانی نێو سعودیەی دا، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی ئەم دوو وڵاتە خۆیان بە دوور گرتووە لە رووبەڕووبوونەوەی راستەوخۆ و پتر لە رێی وەکیل و هاوپەیمانەکانیانەوە شەڕی یەکتریان کردووە. بەڵام لە دوای قووڵبوونەوەی قەیرانی ئەم دواییەی لوبنانەوە، رەنگە دۆخەکە بەرەو هەڵکشانی جددیتر بچێت، چونکە ئەوەتا دەبینین سعودیە نەك تەنیا لە لوبنان، بەڵکو لە شوێنەکانی دیکەش هەنگاوی هەڵگرتووە، بۆ نموونە بەم دواییە هەوڵیدا پەیوەندیی نزیکتر لەگەڵ شیعەی عێراقدا دروست بکات، وەك هەوڵێك بۆ کەمکردنەوەی دەستڕۆیشتوویی ئێران، ئەگەرچی دەبێت چاوەڕوان بین و ببینین ئایا تا چەند ئەو هەوڵانە ئاکام و بەرهەمیان دەبێت. هەرچۆنێك بێت، ئەوەی بەدی دەکرێت، ئەوەیە کە ئەمریکا و سعودیە سەرقاڵی یەکخستنی هەڵوێست و سیاسەتەکانیانن بۆ پاشەکشەپێکردنی دەستڕۆیشتوویی ئێران.

*** بەڵام ناکرێت بڵێین ئەگەری رووبەڕووبوونەوەی راستەوخۆ لەنێوان سعودیە و ئێران لە ئارادایە، یاخود بەلای کەمەوە ئەمە لە ئایندەیەکی نزیکدا روونادات؟**

- من ئەم ئەگەرە نادیدە ناگرم، بەڵام راستە لەم ساتەوەختەدا ئەگەری بەهێز نییە کە رووبدات، چونکە نە سعودیە و نە ئێران خوازیاری رووبەڕووبوونەوەیەکی راستەوخۆی سەربازی نین لەگەڵ یەکتردا، چونکە هەردوولا خاڵی لاوازیان هەیە و هەردوولا دەتوانن زیان بە بەرژەوەندییە ئەمنییەکانی یەکتر بگەیەنن. هەر لەبەر ئەوەشە کە دەبینین هەڵکشانی بارگرژیی نێوانیان زیاتر لە وڵاتانی دیکەدا رەنگی داوەتەوە و هەردوو وڵات ئەم کارە لە رێی وەکیل و هاوپەیمانەکانیانەوە دەکەن، نەك لە رێی رووبەڕووبوونەوەی راستەوخۆی سەربازی، بەڵام هەروەك ئاماژەم پێکرد، من ئەگەرەکە نادیدە ناگرم.

*** ئەی چ خوێندنەوەیەکتان بۆ ئەگەری هێرشێکی سەربازی لەلایەن ئیسرائیلەوە بۆ سەر ئێران هەیە؟**

- من پێموایە ئەگەر هێرشێکی سەربازی

**خامنەئی دوو داواکاری دیاریکراوی هەبوو لە عەبادی، یەکەمیان هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق نەمێننەوە لە دوای تێکشکاندنی داعش و دووەمیان داوای لێکرد حەشدی شەعبی هەڵنەوەشێنێتەوە**

**ئەگەر حکومەتی بەغدا بەرژەوەندییەکانی ئێران لەبەرچاو نەگرێت، ئەوا تاران توانای ئەوەی هەیە حکومەتی عێراق لاواز بکات و بگرە بیرووخێنێت لە رێی وەکیلەکانیەوە. لە ئێستاشدا پەیوەندییەکی زۆر باش لە نێوان ئەم دوو وڵاتەدا هەیە**

لەلایەن ئیسرائیلەوە بکرێتەسەر ئێران، ئەوا هۆکارەکەی پرۆگرامی ناوکی ئێران دەبێت، نەك پرسی سووریا. لەگەڵ ئەوەشدا بارگرژی لە سووریادا لە هەڵکشاندایە، چونکە هەروەك دەزانن بەم دواییە شاندێکی ئەمریکا سەردانی تەل ئەبیبیان کرد بۆ ئەوەی رێککەوتنی هێورکردنەوەی دۆخەکە — لە نێوان رووسیا و ئەمریکا لە باشوور و رۆژهەڵاتی باشووری سووریا- بۆ بەرپرسە رەسمییەکانی ئیسرائیل روون بکەنەوە، لەبەر ئەوەی میلیشیا شیعە عێراقی و ئەفغانییەکان، هەروەك حزبوڵاش لە نێو سووریادا و لە نزیك سنووری ئیسرائیل جێگیر بوون و ئیسرائیلیش زۆر نیگەرانە لەو بارەیەوە و رایگەیاندووە ئەگەر رووسیا و ئەمریکا نەیانتوانی ئەو میلیشیایانە لەو ناوچە سنوورییانە دووربخەنەوە، ئەوا ئیسرائیل خۆی رێوشوێنی پێویست دەگرێتەبەر و لە ماوەی رابردووشدا بینیمان کە ئیسرائیل چەند جارێك هەنگاوی گرتۆتەبەر لەم رووەوە. کەواتە دۆخەکە لە هەڵکشاندایە، بەتایبەتی کە لە ئێستادا داعش لە لێواری داڕووخاندایە، ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی بارگرژی لە نێوان هێزەکانی دیکەدا زیاتر ببێت. چونکە تا ئێستا داعش دوژمنی هاوبەش بووە لەنێوان زۆرێك لە هێزەکانی ناوچەکە و تەنانەت لەنێوان ئەمریکا و ئێرانیشدا، کەواتە بە دڵنیاییەوە بە نەمانی داعش بارگرژییەکانی ناوچەکە هەڵدەکشێن. هەروەها بەلای منەوە ئەگەری ئەوە لە ئارادا نییە کە رووسیا ئامادە بێت، یاخود تەنانەت بتوانێت بە تەواوەتی هێزە پشتیوانیکراوەکان لەلایەن ئێرانەوە لە سنووری ئیسرائیل دوور بخاتەوە، هەر لەبەر ئەوەشە کە دەڵێن ئەو بارگرژییانە زیاتر دەبن لە ئایندەدا.

*** کەواتە نەمانی داعش دەبێتەهۆی ئەوەی ململانێیەکی دیکە سەرهەڵبدات کە رەهەندی ئیقلمی و نێودەوڵەتیشی دەبێت؟**

- بە دڵنیاییەوە، چونکە پێشتر داعش خاکێکی بەرفراوانی لە ژێر دەستدا بوو لە عێراق و سووریادا و ئێستاش تێکشکانی داعش بۆشاییەکی زۆری دروست کردووە کە کاراکتەرە مەحەلی و ئیقلیمییەکان هەوڵی پڕکردنەوەی دەدەن و ئەمەش گرژییەکانی زیاتر دەکات، چونکە ئێمە بینیمان لەگەڵ داڕووخانی داعش لە عێراقدا کێشە و ناکۆکییەکانی نێوان بەغدا و هەولێر زیاتر بوون، کە بۆی هەیە لە ئایندەدا کێشە و ناکۆکی زیاتر لە نێوان شیعە و سوننەدا ببینین و تەنانەت بۆی هەیە ململانێ و بارگرژی زیاتر لەنێوان خودی شیعەکان خۆیان، لە نێو گروپەکانی حەشدی شەعبی و لایەنەکانی دیکەدا دروست بێت. هەروەها ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ناکۆکیی نێوان ئێران و ئیسرائیل لە پەیوەندی بە بوونی گروپە پشتیوانیکراوەکان لەلایەن ئێرانەوە لە سووریا و لە نزیك سنووری ئیسرائیلەوە، ئەوا لە روانگەی ئیسرائیلەوە ئەم مەسەلەیە مەترسیدارترە لە بوونی داعش — کە پێشتر لەو ناوچەیەدا بوونی هەبوو-، چونکە ئیسرائیل نایەوێت ئێران حاڵەتی باشووری لوبنان، یان بەرەیەکی دیکەی دژ بە ئیسرائیل لە سووریا دووبارە بکاتەوە، هەموو ئەمەش ئاماژە بە ئاڵۆزبوونی زیاتری دۆخەکە دەکەن، تەنیا ئەو کاتە نەبێت کە رووسیا جددی بێت لە دوورخستنەوەی هێزە پشتیوانیکراوەکان لەلایەن ئێرانەوە کە لە سووریادا و لە نزیك سنووری ئیسرائیل بوونیان هەیە. هەر ئەمەش هۆکاری ئەوە بووە کە تا ئێستا ئیسرائیل هێرشی نەکردۆتەسەر داعش، بەڵام بینیمان چەند جارێك لە نێو سووریادا هێرشی ئەنجامدا بە پاساوی ئەوەی رێگری کردووە لە گواستنەوەی چەك بۆ حزبوڵا.

*** وەك دەزانن ئیسرائیل نیگەرانە لەوەی ئەمریکا دوای کۆتاییهاتنی داعش لە ناوچەکە بکشێتەوە، ئایا تا چەند دەستڕۆیشتوویی ئێران لە ناوچەکەدا ئاسایشی نەتەوەیی ئیسرائیل دەخاتە مەترسییەوە؟**

-لە راستیدا ئەمە پتر پەیوەست بووە بەو راستییەی کە ئەمریکا سەرکردایەتی شەڕی دژ بە داعشی کردووە، واتە ئەمریکا پتر جەختی لەسەر تێکشکاندنی داعش کردۆتەوە، نەك لەسەر بەرەنگاربوونەوەی هێزەکانی ئێران. تەنانەت لە عێراقدا ئەمریکا بە ئەمری واقیع بووە هاوپەیمانی میلیشیا شیعە پشتیوانیکراوەکان لەلایەن ئێرانەوە- حەشدی شەعبی- کە شەڕی دژ بە داعشیان دەکرد، بەڵام ئێستا کە داعش بەرەو کۆتایی دەچێت ئیسرائیل نیگەرانە لەوەی ئەمریکا لە ناوچەکە بکشێتەوە و جددی نەبێت

**ئیسرائیل نیگەرانە لەوەی ئەمریکا لە ناوچەکە بکشێتەوە و جددی نەبێت لە پاشەکشە پێکردنی دەستڕۆیشتوویی ئێران لە ناوچەکەدا و ئەگەر ئێران بتوانێت درێژە بەو دەستڕۆیشتووییەی خۆی بدات لە باشووری سووریادا، ئەوا ئەمە دەبێتە نیگەرانییەکی جددی بۆ ئاسایشی نەتەوەیی ئیسرائیل**

**ئەمریکا پتر جەختی لەسەر تێکشکاندنی داعش کردۆتەوە، نەك لەسەر بەرەنگاربوونەوەی هێزەکانی ئێران. تەنانەت لە عێراقدا ئەمریکا بە ئەمری واقیع بووە هاوپەیمانی میلیشیا شیعە پشتیوانیکراوەکان لەلایەن ئێرانەوە- حەشدی شەعبی- کە شەڕی دژ بە داعشیان دەکرد**

لە پاشەکشەپێکردنی دەستڕۆیشتوویی ئێران لە ناوچەکەدا و ئەگەر ئێران بتوانێت درێژە بەو دەستڕۆیشتووییەی خۆی بدات لە باشووری سووریادا، ئەوا ئەمە دەبێتە نیگەرانییەکی جددی بۆ ئاسایشی نەتەوەیی ئیسرائیل.

*** ئاشکرایە ئێران هەوڵ و کۆششێکی زۆری کرد بۆ ئەوەی ڕێگە نەدات ڕژێمەکەی ئەسەد بڕووخێت، ئێستاش کە ڕژێمی سووریا خەریکی تۆکمەکردنەوەی دەسەڵاتی خۆیەتی و توانیویەتی خاکی زیاتر کۆنترۆڵ بکاتەوە، ئایا دەتوانین بڵێین ئێران براوەی دۆخی نوێی سووریایە؟**

- لە ڕاستیدا ئێران براوەیە لە هەردوو وڵاتی سووریا و عێراقدا. تۆ ئەگەر لە وڵاتی عێراق بڕوانیت، ئەوا داگیرکردنی ئەم وڵاتە لە ساڵی ٢٠٠٣دا بووە هۆی لەناوبردنی دوژمنێکی گەورەی ئێران، هەروەها لە دوای کشانەوەی ئەمریکا لە ساڵی ٢٠١١وە داعش لە عێراقدا دروست بوو، کە سەرهەڵدانی داعشیش بووە هەڕەشە لەسەر دەستکەوتەکانی ئێران لە عێراقدا، بەڵام ئێران توانیویەتی ئەو هەڕەشەیە بگۆڕێت بۆ دەرفەت، چونکە توانیویەتی ژمارەیەکی زۆری میلیشیای شیعە پێکبهێنێت و ئێستاش ئێران دەستڕۆیشتووترین وڵاتە لە نێو عێراقدا. بە هەمان شێوە لە سووریاشدا ڕژێمی ئەو وڵاتە لە لێواری ڕووخاندا بوو، بەڵام ئێران بە گوڕوتینەوە دەستێوەردانی کردو تەنانەت قەناعەتی بە ڕووسیاش کرد کە دەستێوەردان بکات، کە ئێستاش دەبینین ڕژێمی ئەو وڵاتە براوەی دۆخەکەیەو خاکی زیاتر بەدەست دەهێنێت لەبەرامبەر ئەو موعارەزەیەی کە ئەمریکا و وڵاتانی دیکەی ناوچەکە هاوکارییان دەکرد. کەواتە بە دڵنیاییەوە لە ئێستادا ئێران براوەی ئەو شەڕەیە.

*** ئایا ئەمە بە مانای ئەوە دێت کە هەردوو ڕژێمی سووریا و عێراق قەرزباری ئێران دەبن؟**

- بەڵێ، ئەمە بۆ ئایندەی نزیك و مامناوەندیش ڕاستە، چونکە ئەگەر تۆ لە عێراق بڕوانیت، ئەوا عێراق زۆر لاوازە و ئێرانیش دەستڕۆیشتوویەکی زۆری هەیە لەو وڵاتدا، بە چەشنێك ئەگەر حکومەتی بەغدا بەرژەوەندییەکانی ئێران لەبەرچاو نەگرێت، ئەوا تاران توانای ئەوەی هەیە حکومەتی عێراق لاواز بکات و بگرە بیڕووخێنێت لە ڕێی وەکیلەکانییەوە. لە ئێستاشدا پەیوەندییەکی زۆر باش لەنێوان ئەم دوو وڵاتەدا هەیە، بە حوکمی ئەوەی زۆرینەی هەردوو وڵات شیعەن و سنوورێکی دوورودرێژ لە نێوانیاندایە. بەڵام ئەگەر هاتوو دامەزراوە ئابووری و سیاسی و ئەمنییەکانی عێراق بەهێز بوون، ئەوا ئەمە دەبێتەهۆی کەمبوونەوەی دەستڕۆیشتوویی ئێران لەو وڵاتەدا.

*** کەواتە ئایا تا چەند ئەم میلیشیا شیعانەی نێو عێراق کە بوونەتە وەکیلی ئێران، بەتایبەتی (عصائب اهل الحق) و (حرکە النجباء) بوونەتە هۆی زامنکردنی دەستڕۆیشتوویی ئێران لە عێراقدا؟**

- لە ڕاستیدا من دەمەوێت ئاماژە بەو ڕاستییە بکەم کە لە ماوەی چەند مانگی ڕابردودا سەرۆك وەزیرانی عێراق، حەیدەر عەببادی- دوو جار سەردانی تارانی کرد کە تێیدا خامنەئی دوو داواکاری دیاریکراوی هەبوو لە عەبادی، یەکەمیان هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق نەمێننەوە لە دوای تێکشکاندنی داعش و دووەمیان داوای لێکرد حەشدی شەعبی هەڵنەوەشێنێتەوە، چونکە هەروەك ئێوەش ئاماژەتان پێکرد، وەلائی گروپەکانی وەك ڕێکخراوی (عصائب اهل الحق و حرکە النجباء) زیاتر بۆ تارانە نەك بۆ بەغدا و ئێرانیش وەك ئامرازێك بەکاریان دەهێنێت، نەك بۆ درێژکردنەوەی دەستڕۆیشتوویی خۆی لە عێراقدا، بەڵکو لە تەواوی ناوچەکەدا. هەروەها دەبینین لە ئێستادا هەندێکیان هەوڵ دەدەن ببنە هێزێکی سیاسی و بەشداری لە هەڵبژاردنەکانی داهاتوودا بکەن و تەنانەت هەندێکیان ڕۆچوونەتە نێو دەزگا ئەمنییەکان و دەیانەوێت لەم ڕێیەوە پارێزگاری لە دەستڕۆیشتوویی خۆیان بکەن.

*** باشە پێتوایە هەڵوێستی ئەمریکا چی دەبێت، یان با بڵێین ئایا ئەمریکا چ ڕێوشوێنێك دەگرێتەبەر بۆ بەرەنگاربوونەوەی دەستڕۆیشتوویی ئێران، بەتایبەتی دوای ئەوەی ئیدارەی ئەمریکا ستراتیژیەتێکی نوێی لە ئاست ئێراندا ڕاگەیاند و تەنانەت سوپای پاسدارانیشی خستە نێو خانەی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکانەوە؟**

- بە دڵنیاییەوە ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی فشاری ئابووری و سیاسی لەسەر ئێران

**پێشتر داعش خاکێکی بەرفراوانی لەژێر دەستدا بوو لە عێراق و سووریادا و ئێستاش تێکشکانی داعش بۆشاییەکی زۆری دروست کردووە کە کاراکتەرە مەحەلی و ئیقلیمییەکان هەوڵی پڕکردنەوەی دەدەن و ئەمەش گرژییەکانی زیاتر دەکات**

**تا ئێستا داعش دوژمنی هاوبەش بووە لەنێوان زۆرێک لە هێزەکانی ناوچەکە و تەنانەت لە نێوان ئەمریکا و ئێرانیشدا، کەواتە بە دڵنیاییەوە بە نەمانی داعش بارگرژییەکانی ناوچەکە هەڵدەکشێن**



زیاتر دەکەن و وەك بینیمان سزای زیاتریشیان بەسەر ئێراندا سەپاند، بەڵام ئەوەی پەیوەندی لە عێراقەوە هەبێت، ئەوا من ستراتیژیەتێکی گشتگیر بەدی ناکەم بۆ بەرەنگاربوونەوەو پاشەکشەپێکردنی دەستڕۆیشتوویی ئێران لە عێراقدا، کە دەبینین هێشتا دۆخی عێراق زۆر لەرزۆکە و داعش بە تەواوەتی تێکنەشکاوە و لە ئێستادا ئەمریکا ڕێوشوێنی توند ناگرێتەبەر لە دژی ئێران لە نێو عێراقدا، بەڵام لە ئایندەدا بارگرژییەکانی نێوانیان زیاتر دەبێت، بەڵام سیاسەتی ئەمریکا ئەوەیە کار لەسەر بەهێزکردنی دامەزراوەکانی عێراق بکات بۆ ئەوەی عێراق خۆی بەرەنگاری دەستڕۆیشتوویی ئێران ببێتەوە. ئەوەی پەیوەندی بە سووریاشەوە هەبێت، ئەوا بینیمان کە ژەنەڕاڵ ماتیس باسی لەوە کرد کە ئەمریکا لە رووی سەربازییەوە لە سووریادا دەمێنێتەوە، تا ئەو کاتەی شەڕی داعش بمێنێت، هەروەها ئاماژەی بە پرۆسەی جنێف کرد، کە ئەوەش پەیوەستە بە بوونی قۆناغێکی ئنیتقالی لە سووریادا، مەبەستم ئەوەیە بڵێم ئەمانە ئاماژەن بەوەی ئەمریکا بەم زووانە سووریا جێ ناهێڵێت.

*** وەك دوا پرسیار پێتانوایە سیناریۆی ئەرێنی و نەرێنی لە ناوچەکدا چی دەبێت؟**

- لە راستیدا من ئاماژەی خراپ و ئاماژەی ئیجابیش بەدی دەکەم، ئاماژە ئیجابییەکە ئەوەیە داعش کە پێشتر زیاتر لە سەدا ٣٠ی خاکی عێراق و رووبەرێکی هاوشێوەی لە خاکی سووریا داگیر کردبوو، ئێستا لە لێواری تێکشکانی سەربازیدایە، ئەگەرچی لە رووی ئایدیۆلۆژییەوە لەناو نەچووە، واتە سەرەڕای ئەوەش شەڕی دژ بە تیرۆر لە ناوچەکەدا بەردەوام دەبێت. بەڵام رکابەری ئیقلیمی و تایفەگەریی نێوان سعودیە و ئێران، هەروەها بارگرژیی نێوان ئێران و ئەمریکا و ئێران ئیسرائیل، هەموو ئەمانە کاریگەریی خراپیان هەبووە لەسەر ناوچەکەدا، هەروەك ئەوەی لەم دواییەدا لە لوبناندا بەدیمان کرد.

**ئێران خۆشحاڵ نەبوو بە دەست لەکارکێشانەوەی سەعد حەریری، چونکە پێکهاتەی حکومەتی لوبنان لە بەرژەوەندیی ئێراندا بوو، لەبەر ئەوەی حەریری -کە کەسێکی نزیکە لە سعودیە و ئەمریکاوە- لە پێگەیەکی لاوازدا بوو، بە پێچەوانەوە حزبوڵا لە پێگەیەکی زۆر بەهێزدا بوو لە نێو ئەو حکومەتەدا**

## پەیامی مووشەکی حوسییەکان بە مەرەکەبی فارسی نووسرابوو

# مووشەکەکە و جڵەوکردنی کودەتا گەورەکە





**غەسان شربل**

سەرنووسەری رۆژنامەی «الشرق الأوسط»

گومان لە ناسنامەی ئەو مووشەکە ناکرێت کە ماوەیەك لەمەوبەر ئاراستەی خاکی سعودیە کراو خودی ریازیش دانی پێدا نا، هاوکات سوپای ئەمریکاش دووپاتی لێ کردەوە، هەتا پاشماوەو ئاسەوارەکەشی بەڵگەیە لەسەر ئەوەی کە پێویست بە لێکدانەوەو بۆچوون ناکات بۆ سەلماندنی ئەو راستییەی کە مووشەکێکی حوسی- ئێرانی بووە، ئەمە بۆ حوسییەکان دەرفەتێك بووە تاکو بەرەو سعودیە رایوەشێنن، رەنگە هەر ئەو رووداوە ئەوە دەربخات بۆچی سعودیە ناچاربوو بکەوێتە نێو شەڕێکەوە لە یەمەن، ئەو پێی وا بوو کە مەرامی کودەتای حوسییەکان ئەوە بووە تا نوێنەرێکی ئێرانی بهێنن و بیکەنە بەرپرسی جبەخانەی مووشەکەکان کە ئامانجی یەکەم و کۆتایی هەڕەشە بێت بۆ سەر ئاسایشی سعودیە.



پەیامی ئەو مووشەکە زۆر دیارو بەهێز بووەو بە مەرەکەبی فارسیش نووسراوە، جەختکردنەوەیە لە گواستنەوە لە ستراتیژییەتی گەمارۆدان و گورزی شاردراوە بۆ دەستدرێژیی روون و ئاشکرا، هەروەها پرۆسەیەکی پێشێلکردنی ئاشکرایە کە بە هێڵی سوور ناودەبرێت، دیارە سعودیەش ناتوانێت لەبەرامبەر ئەو دەستدرێژییە بێ دەنگ بێت کە هەڕەشەیە بۆسەر ئاسایش و سەقامگیریی نیشتمانیی ئەو وڵاتە.

جێگەی سەرسامی نییە کە ئێران پەنابباتە بەر پەڕینەوە لەو هێڵە سوورە، چونکە ئەو رژێمە بە سرووشتیی خۆی وایە کە گوێ بە یاسا نێودەوڵەتییەکان نادات، واتا ئەو یاسایانەی کە بەدەق رێگە بە دەوڵەتان دەدات لە دەروازە شەرعییەکانەوە بێنە ژوورەوە و رێز لە سەروەریی دەوڵەتان بگیرێت، هاوکات بەپێی بەڵگەنامەو نەریتە نێودەوڵەتییەکان مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت، هەروەها دەست نەخرێتە نێو کاروباری ناوخۆیانەوە، سیاسەتی ناسەقامگیریش لەسەر بنەمای نەهێشتنی هەیبەتی هێڵی سوور و پێشێلکردنی یاسا نێودەوڵەتییەکان بنیاد دەنرێت.

هەر چاوخشاندنەوەیەکی خێرا بە سیاسەتەکانی ئێران لە ماوەی چوار دەیەی رابردوودا بە ئاشکرا دەریدەخات کە رژێمی ئێران دووچاری ئاڵوودەیی بووە بە پێشێلکردنی هێڵە سوورەکان، ئەو رژێمە مافی ئەوەی بەخۆی داوە کە دەستتێوەردان بکات لە هەر نەخشەیەك بێت هەتا ئەگەر دەسەڵاتی شەرعیش راوبۆچوونی لەسەر هەبێت، هاوکات رێگەی بەخۆی داوە واقیعی خۆی بەسەر هەموو ناوچەیەکدا بسەپێنێت و دەسەڵاتەکەی ناچاربکات دەستتێوەردانەکەی قبووڵ بکات، یان لەگەڵیدا بگوزەرێت، دیارە پاساوگەلێکی زۆریش بۆ ئەمە دەهێنێتەوە وەك مەزندەکردن بەوەی کە رەنگە رەوتێکی نەیار هەبێت بە مەبەستی بەرگریکردن لە کەمایەتییەك لە یەکێك لەو ناوچانە.

پێشتر هەرگیز رووی نەداوە کە دەوڵەتێکی ئیقلیمی ئەو ژمارە دزەکردنەی لە نەخشەی وڵاتانی دیکە ئەنجامدابێت و ناسنامەو ئاراستەکەیشیانی گۆڕیبێت، هەروەها رووی نەداوە کە دەوڵەتێکی ئیقلیمی دەستتێوەردانی کردبێت ئەو کەمایەتییانە لە پێکهاتەی نیشتمانی خۆیان دابڕێنێت بە پاساوی ئەوەی کە هاوشێوەی ئینتیمای مەزهەبیی ئەون، بەمەش لەژێر ناوی جیاجیادا دەیانخاتە نێو پاشکۆی بڕیارە ئیقلیمییەکە، ئەو پرۆسەیە لەو پێشێلکردنە زیاتر رەتی داوە کە بەتەواوی بۆتە هەوڵێك بۆ سەپاندنی فەرهەنگێکی تازە، هاوکات داماڵینی پیرۆزیی لە سنوورە نێودەوڵەتییەکاندا، هەروەها لابردنی مافی سوپای نیشتمانی بەوەی کە ببێتە تاکە هێزی چەکدار لەسەر خاکی نیشتمانیی خۆیدا، لەلایەکی دیکەوە ماف بداتە هاوپەیمانەکەی لە نێو ئەو نەخشەیەدا کە پەلپ و ڤیتۆ دژی بڕیارەکانی حکومەتەکەی بگرێتەبەر، کە دواتر لە رووی سیاسەتی ناوخۆو دەرەوەشدا بە ئارەزووی خۆی بژاردەی بەسەردا بسەپێنێت.

کێشەی خەڵکی هەرێمەکە لەگەڵ ئێراندا ئەوەیە کە شۆڕشێکە گۆڕین بۆ دەوڵەتێکی سروشتی رەتدەکاتەوە یان ترسی لەو گۆڕانکارییە هەیە، دەوڵەتی سروشتی لەنێو دەوڵەتی خۆیدایەو هێزە چەکدارەکەشی هەر لەسەر خاکی خۆیەتی، دەوڵەتێکە رێز لە بڕیارو بەڵگەنامەو نەریتە نێودەوڵەتییەکان دەگرێت و بەو زمانەی کە پێی ناسراوە قسە لەگەڵ دەوڵەتانی نزیك و دووردا دەکات، دەوڵەتی سروشتی واتا هاووڵاتی مافی هەیە لە حکومەتەکەی بپرسێت ئاخۆ لە پەرەپێدان و دابینکردنی هەلی کارو چاککردنی هەلومەرجیی ژیاندا چی کردووە، ئەو پرسیارانەیە بۆ نموونە سەرۆکی چین دەتوانێت بە روونی وەڵامیان بداتەوە، بەڵام سەرۆکی ئێران ئەمەی پێ ناکرێت.

هەروەها کێشەی خەڵکی هەرێم لەگەڵ ئێراندا بریتییە لەوەی کە دەیانەوێت دەوڵەتێکی سرووشتی بن، بەڵام ئێران ئەوەی ناوێت، سیاسەتی هەناردەکردنی شۆڕش تاکە ناوونیشانی هەمیشەیی ئێرانە، سەرباری ئەو پشوو و گفتوگۆیانەی کە لەسەر مێزدا پێویستن، ئەمە سیاسەتێکی چەسپاوە هیچ کاتێك ناگۆڕێت بە زەردەخەنەکانی محەمەد خاتەمی یان حەسەن رۆحانی یان لەژێر ئاکارەکانی رووگرژیی ئەحمەدی نەژاد، سەرۆکی ئێران، بەچاوپۆشی لە ئەنجامەکانیشی لە هەڵبژاردنەکاندا کە

**کێشەی خەڵکی هەرێمەکە لەگەڵ ئێراندا ئەوەیە کە شۆڕشێکە گۆڕین بۆ دەوڵەتێکی سروشتی رەتدەکاتەوە یان ترسی لەو گۆڕانکارییە هەیە، دەوڵەتی سروشتی لەنێو دەوڵەتی خۆیدایەو هێزە چەکدارەکەشی هەر لەسەر خاکی خۆیەتی، دەوڵەتێکە رێز لە بڕیارو بەڵگەنامەو نەریتە نێودەوڵەتییەکان دەگرێت و بەو زمانەی کە پێی ناسراوە قسە لەگەڵ دەوڵەتانی نزیك و دووردا دەکات**

لەلایەن رژێمەوە بەپێی پێداویستییەکانی ئەو بەرنامە هەمیشەییە هەڵدەسووڕێندرێت، ئەو لە کۆتاییدا فەرمانبەرێکی باڵاپۆستە لە نووسینگەی رابەردا، نەك دوا شاگردی سیاسەتە و مافی پەڵپگرتنی فیعلی لە وردەکاریی بڕیارەکاندا نییە.

کێشەی خەڵکی هەرێمەکە لەگەڵ ئێراندا ئەوەیە کە نموونەیەکی سەرنجراکێشی نییە کە کەسانی دیکە سەرکەوتنە ئابوورییەکان پەیڕەوبکەن و هەوڵبدەن سوودی لێوەربگرن، ئەزموونەکان ئەوەیان سەلماند کە ئەو نموونەی ئێستا ناتوانرێت لە وڵاتێکی دیکەدا پەیڕەوبکرێت، بەتایبەتیش لەو دەوڵەتانەی کە فرەپێکهاتەن، چاکترین بەڵگەش ئەوەیە کە هەڵکشانی هەژموونی ئێران لە هەر دەوڵەتێکدا بێت ئەنجامەکەی درزخستنە نێو ئەو نەخشانەو لێکترازانی یەکێتیی نیشتمانییە، هەروەها خوڵقاندنی هەلومەرجە بۆ ناکۆکیی درێژخایەن کە دواتر ئەو دەوڵەتانە لێکهەڵدەوەشێنێتەوە و پەرتیان دەکات. ئایا دەکرێ بۆ نموونە یەکێتیی عێراق زامن بکرێت ئەگەر تاران خاوەنی یەکەم وشەو دوا وشە بێت لە بەغدا؟ دەکرێ هەمان پرسیار ئاراستەی سووریا و لوبنان و یەمەنیش بکرێت.

دیارە ئێران بەردەوامە لە سیاسەتی (کودەتا گەورەکە) و قۆستنەوەی دەرفەت بۆ پێشکەوتن و خۆقایمکردن و پێشڕەویکردن، ئاشکرایە کە هێرشە بەربڵاوەکەی ئێران لە ناوچەکەدا دوابەدوای رووخانی ئەو بەربەستە زیاتر کڵپەی سەندو خێراتربوو کە سەدام حوسێن درووستی کردبوو، هەرچەندە زۆر سەختە، بەڵام چەندین وێستگەی جیاجیا لە پرۆژەی کودەتا گەورەکەدا بەدی دەکرێت، دوابەدوای هێرشی ئەمریکا بۆ عێراق ئێران و سووریا لە کۆبوونەوەیەکدا لە تاران لەسەر ئاستێکی باڵا رێککەوتن کە نەهێڵن حکومەتێکی سەقامگیر لەسایەی بوونی ئەمریکا لە عێراق دابمەزرێت، دواتر ئەحمەدی نەژاد وەك یەکەم سەرۆك لە ناوچەکە سەردانی بەغداو زۆنی سەوزی کردو بە بەردەم بەربەستە ئەمریکییەکاندا رەت بوو، دوای تیرۆرکردنی رەفیق حەریری هەردوولا بڕیاریان دا حکومەتێکی سەقامگیر لە لوبنان دانەمەزرێت، دوای ناچاربوونی هێزەکانی سووریا کە لە لوبنان بکشێنەوە، لە راستیدا ئەمە رووی دا، خاڵێکی دیکە هەیە زۆر کەس لەبیری دەکات، ئەویش ئەوەیە کە ئێران خاوەنی رۆڵی سەرەکییە لە لەباربردنی رێککەوتنی ئۆسلۆ و دەستپێکردنی کردەوە خۆکوژییەکان و بەسەربازکردنی راپەڕینی دووەم، هەروەها سەرئەنجامەکانیش بەسەر رێککەوتنەکەو یاسر عەرەفات دیار بوون.

سعودیە لەبەردەم پرۆژەی کودەتا گەورەکەدا کەوتە شێوەی ئاستەنگێکی گەورەوە بەهۆی قورسایی عەرەبی و ئیسلامی و نێودەوڵەتی خۆیەوە، بۆیە سعودیە ئامانجێکی هەمیشەیی ئەو بەرنامەیە بوو، کاتێکیش نەکرا لەرێی بەحرەینەوە گەمارۆبدرێت، بیرۆکەی گەمارۆدانی لەرێی یەمەنەوە هاتە ئاراوە، هەروەها دانانی جبەخانەی مووشەك لەژێر دەستی حوسییەکان.

زۆربەی مەزەندەکان ئەوەن کە ئێران لەبەردەم شێوەی تازەی سعودیە زۆر نیگەرانە، واتا دەوڵەتێك کە لەسەر ئاستی دەرەوەو ناوەوە چالاکە، پەیوەندیی بەهێزی لەگەڵ ئەمریکا هەیەو شەراکەتی ئابووریی ستراتیژیی لەگەڵ دەوڵەتە مەزنەکان پتەوە، سعودیە لەسەر ئاستی ناوخۆدا بەرنامەیەکی فراوانی پەیڕەوکرد بۆ گۆڕانکاریی ئابووری و کۆمەڵایەتی کە بە هەنگاوی گەورە دەستی پێکرد هەروەك سەرۆکی میسر عەبدولفەتاح سیسی وەسفی کردووە، ئەم هەنگاوە واقیعییانە سعودیەی زیاتر کردە ئامانج.

ئەو مووشەکە بوارێکی تازەی لە پەیوەندییەکانی سعودیە- ئێران، هەروەها لە پەیوەندییەکانی کەنداو- ئێراندا کردەوە، ئێران پابەندە بە سیاسەتی پێکهێنانەوەی هەرێم تاکو پێگەی یەکەمی تێدا بگرێت، رەنگە بۆ ئەوەی ببێتە گەورەترین شەریکی (شەیتانە گەورەکە)، دیارە سعودیەی تازە رێبازێکی تازەی پەیڕەوکرد لە ئیحتیواکردن و بەرپەچدانەوەی کودەتا گەورەکە، مووشەکەکەی حوسی- ئێرانی بژاردەیەکی خستە بەردەم سعودیە تاکو هەموو تواناو پەیوەندییەکانی تەرخان بکات بۆ جڵەوکردنی کودەتا گەورەکە، ئەویش شەڕی ئایندەو هاوکێشەکانی هەرێمەکەیە.

**دوابەدوای هێرشی ئەمریکا بۆ عێراق ئێران و سووریا لە کۆبوونەوەیەکدا لە تاران لەسەر ئاستێکی باڵا رێککەوتن کە نەهێڵن حکومەتێکی سەقامگیر لەسایەی بوونی ئەمریکا لە عێراق دابمەزرێت، دواتر ئەحمەدی نەژاد وەك یەکەم سەرۆك لە ناوچەکە سەردانی بەغداو زۆنی سەوزی کردو بە بەردەم بەربەستە ئەمریکییەکاندا رەت بوو، دوای تیرۆرکردنی رەفیق حەریری هەردوولا بڕیاریان دا حکومەتێکی سەقامگیر لە لوبنان دانەمەزرێت**



پرۆفیسۆر کارل کریستیان خاوەن بڕوانامەی دکتۆرایە لە بواری زانستی سیاسی کە لە زانکۆی سەنت لویس بەدەستی هێناوە و لە ئێستادا پرۆفیسۆرە لە بەشی زانستی سیاسی لە زانکۆ ئاکرۆن، گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسیارێکی ئاڕاستەکرد کە تەوەرەکانی بریتی بوون لەو دۆخە پڕ لە بارگرژییەی کە باڵی بەسەر ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کێشاوە، بەتایبەتی هەڵکشانی گرژییەکانی نێوان هەردووو وڵاتی سعودیە و ئێران، هەروەها ئەگەری هەڵگیرسانی شەڕ و رووبەڕووبوونەوەی سەربازیی راستەوخۆی نێوان ئەو دوو وڵاتە و و هەڵوێست و کاردانەوەکانی ئەمریکا لە ئاست بەهێزبوونی پێگە و دەستڕۆیشتوویی ئێران لە ناوچەکە و ئەگەرەکانی ئایندە، ئەویش بەم شێوەیەی خوارەوە شرۆڤەکاری بۆ بارودۆخەکە کرد.

کارل کریستیان

پسپۆڕی زانستی سیاسی بۆ گوڵان:

# کێشەی گەورە ئەوەیە ئەو بۆشاییەی داعش جێی هێشتووە ئێران پڕی بکاتەوە

*** چۆن لە بارودۆخی ئەم دواییەی ناوچەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەڕوانیت، بەتایبەتی کە چەندین پەرەسەندنی نوێ هاتوونەتەئاراوە و ئایا پێتوایە ناوچەکە بەرەو بارگرژی زیاتر دەڕوات؟**

- لە راستیدا ئەمە پرسیارێکی فرەڕەهەندە، لەبەر ئەوەی چەندین پەرەسەندن لە ناوچەکەدا لەئارادان، ئێوە دەزانن داعش لە لێواری تێکشکانی یەکجارەکیدایە، هەروەها لە دوای ئەنجامدانی ریفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستانەوە دۆخی عێراق بە شێوەیەکی بەرچاو ئاڵۆز بووە. بە هەمان شێوە ئێمە جموجوڵەکانی سعودیە لە ناوچەکەدا بەدی دەکەین بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئێران و هاوپەیمانەکانی ئێران لە ناوچەکەدا، کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا کێشەیەکی گەورەیە، کەواتە هەموو ئەوانەی ئاماژەم پێکردن کێشەی بەرچاون و دەکرێت ببنەهۆی ناسەقامگیرکردنی ناوچەکە. لەبەر ئەوە دەتوانین بڵێین لە ئێستادا رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە ساتەوەختێکی لەرزۆکدا تێدەپەڕێت.

*** کەواتە کۆتاییهاتنی داعش بە مانای ئەوە نایەت ناوچەکە بەرەو سەقامگیری و ئارامی هەنگاو هەڵبگرێت، بەڵکو تێکشکانی داعش ناکۆکی و کێشەی دیکەی بە دوادا دێت؟**

- بەڵێ، ئەوە بۆچوون و تێڕوانینی منە، چونکە پێموایە داعش بە تەواوەتی تێکناشکێت، واتە راستە خامۆش دەبێت، بەڵام بە یەکجارەکی کۆتایی نایەت، واتە ئەگەر هەلومەرجێك لە عێراق و سووریا دروست نەبێت کە ببێتەهۆی چارەسەرکردنی کێشەی سیاسیی وڵاتەکە لەگەڵ هەردوو پێکهاتەی سوننە و کورددا، بە چەشنێك ببێتە هۆی ئەوەی کورد و سوننە هەست بکەن پێکهاتەیەکی یەکسانن و خۆیان بە خاوەنی وڵاتەکە بزانن، ئەوا ئەگەری گەڕانەوەی داعش دێتەئاراوە، ئەگەرچی رەنگە لە شێوە و فۆرمێکی نوێدا و وەك هێزێکی گەریلایی دەربکەوێتەوە، کە ئەوە پەرەسەندنێکی مەترسیدار دەبێت و کاریگەری خراپی لەسەر سەقامگیری ئەم وڵاتانە دەبێت. بەڵام پێموایە کێشەی گەورە لە ئایندەی نزیکدا ئەوەیە کە ئەو بۆشاییەی دوای داعش دروست دەبێت، لەلایەن ئێرانەوە پڕ بکرێتەوە، کە رەنگە ئەمە حاڵەتەکە بێت لە عێراق و سووریادا، هەروەها لە لوبنانیشدا، ئەویش نەك بە هۆی پرسی داعشەوە، بەڵکو بە هۆی دەست لەکارکێشانەوەی حەریری کە بۆتە هۆی ئەوەی حزبوڵا بواری زیاتری بۆ دروست بێت، تاوەکو باڵادەستیی خۆی زیاتر بچەسپێنێت لە لوبناندا، کە ئەمەش پەرەسەندنێکە و بۆتە هۆی بەهێزکردنی پێگەی ئێران و دۆخێکی دروست کردووە کە چەند وڵاتێکی ناوچەکە ناچار بن بڕیاری قورس بدەن، واتە ئەم وڵاتانە لە دۆخێکدان دەبێت بڕیار بدەن ئایا بوار دەدەن ئێران ئەو پێگە بەهێزەی هەبێت لە عێراق و سووریا و لوبناندا، یاخود دەیانەوێت بەرەنگاری ببنەوە، خۆ ئەگەر دەیانەوێت بەرەنگاری ببنەوە، ئایا دەتوانن چ هەنگاوێك هەڵبگرن بەو ئاراستەیەدا. ئەمە مەسەلەیەکە دەبێت وڵاتە سوننەکانی ناوچەکە و هەروەها ئەمریکاش یەکلای بکەنەوە، چونکە ئەمە پرسێك نییە ئەمریکا بە سادەیی وەریبگرێت، لەبەر ئەوەی ئیدارەی ئێستای ئەمریکا زۆر نیگەرانە لەبارەی ئێرانەوە و ئێران بە هەڕەشەیەکی جددی دەزانێت بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی. لەبەر ئەوە دەبێت چاوەڕێ بکەین و بزانین چ کاردانەوەیەکیان دەبێت. بەڵام ئەوەی پەیوەندی بە ئێرانەوە هەبێت، ئەوا نیازی ئەو وڵاتە ئاشکرایە کە خوازیاری دروستکردنی راڕەوێکی وشکانییە لە ئێرانەوە بۆ لوبنان.

*** کەواتە ئێران براوە و سوودمەندی سەرەکییە لەو بارودۆخەی لە ئێستادا لە ناوچەکەدا لە ئارادایە؟**

- ئەمە راستە. هەروەها من دەڵێم لە ناوچوونی داعش لە بەرژەوەندی سوننە و کوردی عێراقیش بوو، بەڵام لە ئێستادا ئەوان رووبەڕووی ئایندەیەکی نادیار بوونەتەوە، چونکە روون نییە ئایا وەك هاوڵاتییەکی یەکسان مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت لە نێو عێراقدا، ئەمە بۆ سووریاش راستە. واتە لە کاتێکدا ئەوان لە دەستی داعش رزگار بوون، کەچی رووبەڕووی ئایندەیەکی نادیار بوونەتەوە لە وڵاتەکەیاندا. بەڵام لە پەیوەندی پرسیارەکەتان بە ئێرانەوە، ئەوا بە دڵنیاییەوە ئێران لە پێگەیەکی بەهێزدایە و رەنگە ئەنجامدانی

**لە ناوچوونی داعش لە بەرژەوەندی سوننە و کوردی عێراقیش بوو، بەڵام لە ئێستادا ئەوان رووبەڕووی ئایندەیەکی نادیار بوونەتەوە، چونکە روون نییە ئایا وەک هاوڵاتییەکی یەکسان مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرێت لە نێو عێراقدا**

**خراپترین دەرئەنجام کە بێتەئاراوە ئەوەیە شەڕ لە نێوان ئەمریکا و ئێراندا هەڵبگیرسێت کە سعودیە و وڵاتانی دیکەی کەنداویش تێوەبگلێن**

**زۆر ڕێی تێناچێت مالیکی بێتەوە بە سەرۆک وەزیران – ئەگەرچی دەشکرێت ئەم پۆستە وەربگرێت-، بەڵام زیاتر باس لە هادی ئەل عامری- سەرۆکی ڕێکخراوی بەدر-دەکرێت، کە ئەمەش کەسایەتییەکی دژ بە ئەمریکایە و مەیلی زیاتر بۆ ئێرانە و ڕەنگە ببێتەهۆی کۆتاییهاتنی بوونی سەربازی ئەمریکا لە وڵاتەکەدا**

هەڵبژاردنە پەرلەمانییەکەی عێراقیش ئەوەندەی دیکە پێگەی ئێران بەهێزتر بکات، واتە ئەگەر گروپەکانی نزیک مالیکی دەرئەنجامێکی باش بەدەست بهێنن و عەببادیش ئەدایەکی باشی نەبێت لەو هەڵبژاردنانەدا، ئەوا ئەمە مایەی ناسەقامگیری زیاتر دەبێت بۆ عێراق، چونکە بە مانای بەهێزبوونی پتر پێگەی ئێران دێت لەم وڵاتەدا، واتە ئەو کاتە سوننە و کوردی عێراق ترس و نیگەرانی دایاندەگرێت لە ئاست ئایندەی خۆیاندا. کەواتە چەند مەسەلەیەك هەن کە بۆی هەیە سەربکێشن بۆ ناکۆکی و شەڕ و ناسەقامگیری دیکەیان لێبکەوێتەوە.

*** ئایا پێتانوایە کاردانەوە و پەرچەکرداری سعودیە چی دەبێت لە بەرامبەر بەهێزبوونی پێگەی ئێران لە ناوچەکەدا و تا چەند بارگرژییەکانی نێوان ئەم دوو وڵاتە بەرەو هەڵکشانی زیاتر دەچن؟**

- ئەوە تەواو ڕاستە، چونکە ئاشکرایە سعودیە دەیەوێت بەرەنگاری دەستڕۆیشتوویی ئێران ببێتەوە، بەڵام ڕوون نییە چۆن ئەم کارە دەکات، ئێمە دەزانین سعودیە توانایەکی دارایی گەورەی هەیە- کە بەهۆی داهاتی نەوتەوە بەدەستی هێناوە-، کە دەکرێت لە ڕووی ئابوورییەوە هاوکاری حکومەتی ئێستای عێراق بکات، هەروەها دەتوانێت هاوکار بێت– ئەگەرچی ئەمەیان کەمتر ڕێی تێدەچێت- لە بنیادنانەوەی سووریادا بۆ ئەوەی ئەندازەیەك لە دەستڕۆیشتوویی سیاسی بەدەست بهێنێت، بەڵام بە کورتی سعودیە کارتی زۆری لەدەستدا نییە بۆ ئەوەی بەکاریان بهێنێت. هەروەها سوپای سعودیەش لە بارێکدا نییە کە بڵاوەی پێبکرێت و ئەم جۆرە شەڕانە بباتەوە، بە هەمان شێوە ناتوانێت بەهۆی بەکارهێنانی هێزی ئاسمانیشەوە ئەم کارە بکات، لەبەر ئەوە دەبێت لە ڕێی بەکارهێنانی ڕێوشوێنی سیاسییەوە هەوڵی بەدەستهێنانی ئامانجەکانی بدات، بە هەمان شێوە لە ڕێی پاڵنەری دارایی و ئابوورییەوە. بۆیە بە بەراورد بە ئێران، سعودیە لە پێگەیەکی لاوازدایە بۆ ئەوەی بتوانێت کاریگەر بێت.

*** ئایا ئەگەری پێکدادان و ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆی نێوان سعودیە و ئێران بە دوور دەزانیت؟**

- من وای نابینم لە ئایندەی نزیکدا ئەمە ڕووبدات و لە ڕاستیدا من نازانم کەی ئەوە ڕوودەدات، بەڵام ئەوەی لە ئێستادا بەدی دەکرێت، بوونی شەڕی بە وەکالەتە، هەروەك ئەوەی لە یەمەندا بەدی دەکەین، ڕەنگە حاڵەتی هاوشێوەی لە لوبنانیشدا بێتەئاراوە، هەروەها لە عێراقیشدا، ئەگەرچی نازانم ئەمەی دواییان چۆن دەکەوێتەوە، واتە نازانم چۆن سعودیە دەتوانێت بەر بە دەستڕۆیشتوویی ئێران بگرێت لە عێراقدا. چونکە ئێمە دەزانین هەڵبژاردن لە پێشە و دەرئەنجامەکەش ئەوە دیاری دەکات کێ جڵەوی هەلومەرجە سیاسیەکە دەگرێتەدەست لە عێراقدا. واتە لە ئێستاوە ئەوە یەکلا نەبۆتەوە کە عەببادی براوەی ئەو هەڵبژاردنانە دەبێت، ئەمەش بە مانای ئەوە دێت کە ئەگەری ئەوەیە هەیە لە دوای ئەو هەڵبژاردنانەوە حکومەتێکی پرۆئێرانی لە عێراقدا بێتەئاراوە، ئەو کاتەش پرسیارەکە ئەوە دەبێت ئایا سعودیە دەتوانێت چی بکات لەو بارەیەوە، چونکە ئاشکرایە سعودیە کارێکی زۆری لەدەست نایەت تاوەکو ئەنجامی بدات. بەڵام هەرچۆنێك بێت کاتێك دەبینین سعودیە هەوڵی مومارەسەکردنی دەستڕۆیشتوویی سیاسی دەدات و کاتێك دەبینین ئەمریکاش بە هەمان شێوە هەوڵ دەدات مومارەسەی دەستڕۆیشتوویی سیاسی بکات، ئەوا دۆخی ناوچەکە بەرەو بارگرژی دەڕوات، بەڵام من ئەگەری هەڵگیرسانی شەڕێکی ڕاستەوخۆی نێوان سعودیە و ئێران بە زەحمەت دەبینم لەم ساتەوەختەدا.

*** ئێوە باستان لە بەهێزبوونی پێگەی حزبوڵا کرد لە لوبناندا، بەتایبەتی کە ئێستا بواری زیاتری بۆ ڕەخساوە لە دوای دەست لەکارکێشانەوەی سەعد حەریری، ئایا پێتوایە هەڵوێستی ئیسرائیل چی دەبێت و ئایا ئەگەری شەڕی سێیەم لە نێوان حزبوڵا و ئیسرائیلدا لە ئارادایە؟**

- من پێموانییە ئەگەرێکی وا لە ئارادا بێت- ئەگەرچی ڕەنگە دواتر پەشیمانیش ببمەوە لە وتنی ئەمە-. چونکە پێموانییە بەرژەوەندی ڕاستەوخۆی ئیسرائیل لەوەدا بێت هێرش بکاتە سەر حزبوڵا، چونکە حزبوڵا توانایەکی بەهێزی هەیە و ئەم هێرشەش باجی گەورەی دەبێت بۆ

ئیسرائیل، واتە حزبوڵا وەك حەماس نییە، چونکە ئیسرائیل دەتوانێت هێرش بکاتە سەر حەماس و بە بێ ئەوەی ئاکامێکی گەورەی بۆ سەر وڵاتەکەی لێبکەوێتەوە، بەڵام هێرشکردنەسەر حزبوڵا مەسەلەیەکی تەواو جیاوازە، چونکە هێزێکە کە چەك و کەلوپەلێکی زۆری هەیە و ئاستێکی راهێنانی بەرچاویشی هەیە، لەبەر ئەوە دەبێت ئیسرائیل زۆر بە جددی بڕیاری هێرشکردنەسەر حزبوڵا تاوتوێ بکات، چونکە هەروەك وتم ئەمە باجێکی گەورەی بەدوادا دێت. لەگەڵ ئەوەشدا ئیسرائیل زۆر نیگەرانە لە هەڵکشانی توانای سەربازی حزبوڵا و پرسیارەکەش ئەوەیە ئایا چ کاتێك توانای سەربازی حزبوڵا ئەوەندە مەترسیدار دەبێت کە نەتوانرێت هێرشی بکرێتەسەر، لەبەر ئەوە رەنگە ئەوان ئەو حیساباتە بکەن ئایا کەی هێرش بکەنەسەر حزبوڵا پێش ئەوەی زۆر بەهێز بێت. لەلایەکی دیکەوە من پێموانییە حزبوڵاش خوازیاری رووبەڕووبوونەوەیەکی راستەوخۆ بێت لەگەڵ ئیسرائیلدا، چونکە ئەمە چ ئاکامێکی لێدەکەوێتەوە؟ رەنگە پشتیوانی جەماوەری لە نێو جیهانی عەرەبیدا بۆ حزبوڵا زیاتر بکات، بەڵام ئەمەش بە گران لەسەری رادەوەستێت، چونکە ئەو کاتە ئیسرائیل پاساوی ئەوەی دەبێت هێرشی توند بکاتەسەر حزبوڵا و بگرە سەر لوبنانیش، واتە مایەی کاولکارییەکی زۆر دەبێت بۆ لوبنان. بە کورتی ئیسرائیل و حزبوڵا وەك دوو دوژمنی جددی لە یەکدی دەڕوانن کە هەردوولا دەتوانن زیانی گەورە بەوی دیکە بگەیەنن، بەڵام پێموانییە-بەلای کەمەوە لە ئایندەیەکی نزیکدا- هیچ لایەکیان پاڵنەرێکی بەهێزیان هەبێت بۆ هێرشکردنەسەر ئەوی دیکە، چونکە ئەمە دەرئەنجامی پێچەوانەی لێدەکەوێتەوە. ئەوەی لە ئێستادا ئیسرائیل خوازیارە رێی لێبگرێت، ئەوەیە شەڕی نێو سووریا پەل نەکێشێت بۆ بەرزاییەکانی جۆلان، هەروەها حزبوڵا پتر بەهێز نەبێت- ئەگەرچی بەهۆی شەڕی لوبنانەوە قوربانی داوە- بەڵام ئیسرائیل نیگەرانە لەوەی حزبوڵا لە سووریا چەکی پێشکەوتوو بەدەست بهێنێت و چەند کردەوەیەکیشی ئەنجامدا بۆ رێگرتن لەم کارە.

*** بەڵام ئێمە دەبینین کە ئێران توانیویەتی چەندین گروپی شیعە لە عێراق و لوبنان و ئەفغانستان و پاکستانەوە لە سووریادا کۆ بکاتەوە بۆ ئەوەی لە پێناوی ئەسەددا شەڕیان پێ بکات، چۆن لەم مەسەلەیە دەڕوانیت و تا چەند ئیسرائیل بوونی ئەم گروپانە بە هەڕەشە بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەیی خۆی دەزانێت؟**

- لە راستیدا پرسیارەکە ئەوەیە ئایا ئەو میلیشیا شیعەیانە چارەنووسیان چی دەبێت لە دوای کۆتاییهاتنی شەڕەکەوە؟ ئایا لە سووریادا دەمێننەوە و کار و کردەوە لە دژی ئیسرائیل ئەنجام دەدەن، یان دەگەڕێنەوە بۆ وڵاتەکەی خۆیان؟ بە بۆچونی من ئەگەری زیاتر ئەوەیە بگەڕێنەوە بۆ وڵاتی خۆیان، بەڵام ئەمەش خۆی لە خۆیدا کێشەی ئەمنی دروست دەکات، چونکە گەڕانەوەی ئەو کەسانە کە قاڵبووی شەڕن و بە هزری رادیکاڵی گۆش کراون بۆ ئەفغانستان و پاکستان بۆی هەیە کێشەی گەورەی ئەمنی لێبکەوێتەوە. چونکە لە ئێستادا ناکۆکییەکی گەورەی تایفەگەری دەبینرێت لە ئەفغانستان، داعش هێشتا لەو وڵاتەدا هێرش دەکاتە سەر شیعە، راستە تا ئێستا شیعەکانی ئەفغانستان تەحەمولیان کردووە، بەڵام کاتێك ئەم گروپانە لە سووریاوە بگەڕێنەوە، ئەوا ئەمە توندوتیژی لێدەکەوێتەوە. هەروەها لە پاکستانیش، کە ئێمە دەزانین پێشتر میلیشیای شیعەی توندوتیژ هەبوون لە پاکستان کە لەلایەن ئێرانەوە پشتیوانی دەکران، دواتر لەلایەن دەوڵەت و میلیشیا سوننە هاوپەیمانەکانی دەوڵەتەوە تێکشکێنران، بەڵام ئەگەر ئەم گروپە شیعانە لە سووریاوە بگەڕێنەوە بۆ پاکستان ئەوا بۆی هەیە سەرلەنوێ تێهەڵچنەوە و دەست بکەنەوە بە توندوتیژی بە ناوی رادیکاڵیزمی شیعەوە. کەواتە من پتر کێشە لەو وڵاتانەدا دەبینم نەك مەسەلەکە ئەوە بێت ئەوان دەبنە مایەی کێشە بۆ ئیسرائیل.

*** ئێوە چەند جارێك ئاماژەتان بە بەهێزبوونی پێگەی ئێران کرد لە ناوچەکەدا، ئایا پێتانوایە ئەمریکا چ کاردانەوەیەکی دەبێت لەبەرامبەر بەهێزبوونی دەستڕۆیشتوویی ئێران لە ناوچەکەدا بەتایبەتی دوای راگەیاندنی ستراتیژیەتە نوێیەکە لە ئاست ئێراندا؟**

- ئەگەر بە راشکاوی بدوێم، ئەوا ئەمریکا

**ئەمریکا بە سلبی باس لە رۆڵی ئێران دەکات و سوپای پاسدارانی ئەو وڵاتە دەخاتە خانەی تیرۆرەوە و ئاماژە بە بوونی پەیوەندی نێوان ئەلقاعیدە و ئێران دەکات - کە ئەمە نهێنییەکی ئاشکرایە هەر لە ساڵی ٢٠٠١ەوە-، بەڵام بە تێڕوانینی من ئەمانە نابنەهۆی ئەوەی گۆڕانکارییەکی بەرچاو لە هەڵسوکەوتی ئێراندا دروست بکات**

**ئەمریکا جگە لە رووبەڕووبوونەوەی راستەوخۆی سەربازی کارێکی زۆری لەدەست نایەت کە لە بەرامبەر ئێراندا ئەنجامی بدات**

**سوپای سعودیە لە بارێکدا نییە کە بڵاوەی پێبکرێت و ئەم جۆرە شەڕانە بباتەوە، بە هەمان شێوە ناتوانێت بەهۆی بەکارهێنانی هێزی ئاسمانیشەوە ئەم کارە بکات، لەبەر ئەوە دەبێت لە ڕێی بەکارهێنانی ڕێوشوێنی سیاسییەوە هەوڵی بەدەستهێنانی ئامانجەکانی بدات**

**ئەگەر گروپەکانی نزیک مالیکی دەرئەنجامێکی باش بەدەست بهێنن و عەببادیش ئەدایەکی باشی نەبێت لەو هەڵبژاردنانەدا، ئەوا ئەمە مایەی ناسەقامگیری زیاتر دەبێت بۆ عێراق، چونکە بە مانای بەهێزبوونی پتر پێگەی ئێران دێت لەم وڵاتەدا، واتە ئەو کاتە سوننە و کوردی عێراق ترس و نیگەرانی دایاندەگرێت لە ئاست ئایندەی خۆیاندا**

جگە لە ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆی سەربازی کارێکی زۆری لەدەست نایەت کە لە بەرامبەر ئێراندا ئەنجامی بدات، واتە ئەمریکا بە سلبی باس لە ڕۆڵی ئێران دەکات و سوپای پاسدارانی ئەو وڵاتە دەخاتە خانەی تیرۆرەوە و ئاماژە بە بوونی پەیوەندی نێوان ئەلقاعیدە و ئێران دەکات - کە ئەمە نهێنییەکی ئاشکرایە هەر لە ساڵی ٢٠٠١ـەوە-، بەڵام بە تێڕوانینی من ئەمانە نابنەهۆی ئەوەی گۆڕانکارییەکی بەرچاو لە هەڵسوکەوتی ئێراندا دروست بکات. ئەوەی پەیوەندی بە ئێرانەوە هەبێت، ئەوا دروستکردنی ڕاڕەوێك لە ئێرانەوە بەرەو لوبنان و بۆ سەر دەریا یەکێکە لە بەرژەوەندییە ستراتیژییەتەکانی ئەو وڵاتە، چونکە دەبێتەهۆی ئەوەی بتوانن ڕاستەوخۆ هاوکاری بە هاوپەیمان و وەکیلەکانیان بگەیەنن. لەلایەکی دیکەوە ئێران دەیەوێت ئەمریکا عێراق جێبهێڵێت، کە ڕەنگە هەڵبژاردنی داهاتووی عێراق ئەم خواستەی ئێران بهێنێتەدی، ئەویش ئەگەر ئەو کەسانە براوە بن کە کار لەسەر هێنانەدی ئەم ئامانجە بکەن، زۆر ڕێی تێناچێت مالیکی ببێتەوە بە سەرۆك وەزیران —ئەگەرچی دەشکرێت ئەم پۆستە وەربگرێت-، بەڵام زیاتر باس لە هادی ئەل عامری- سەرۆکی ڕێکخراوی بەدر-دەکرێت، کە ئەمەش کەسایەتییەکی دژ بە ئەمریکایە و مەیلی زیاتر بۆ ئێرانە و ڕەنگە ببێتەهۆی کۆتاییهاتنی بوونی سەربازی ئەمریکا لە وڵاتەکەدا. ئەمەش بە تەواوەتی لە بەرژەوەندی ئێراندا دەبێت، لەبەر ئەوە ئێران هەرچییەکی لەدەست بێت ئەنجامی دەدات بۆ ئەوەی ئەو دەرئەنجامە بێتەئاراوە. خۆ ئەگەر بە ڕاشکاوی بدوێین ئەوا ئەمریکا کارێکی زۆری لەدەست نایەت لەم ڕووەوە و ئەمەش مایەی نیگەرانی منە. چونکە ڕاستە ئەمریکا ئێران بە هەڕەشە دەزانێت و دەیەوێت ئەو هەڕەشەیە سنووردار بکات، بەڵام بژارەکانی ئەمریکاش سنووردارن، واتە، بەداخەوە، ئێران لە ڕووی ستراتیژییەتەوە لە پێگەیەکی بەهێزتردایە بۆ هێنانەدی خواستەکانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

*** ئەگەر واقیعبینانە لە دۆخەکە بڕوانین، ئایا باشترین و خراپترین سیناریۆکان چین کە دەکرێت لە ئایندەدا بێنەئاراوە؟**



- من لە سیناریۆ خراپەکەوە دەست پێدەکەم و پێموایە خراپترین دەرئەنجام کە بێتەئاراوە ئەوەیە شەڕ لە نێوان ئەمریکا و ئێراندا هەڵبگیرسێت کە سعودیە و وڵاتانی دیکەی کەنداویش تێوەبگلێن، کە ئەمەش ڕەنگدانەوەیەکی گەورەی دەبێت لەسەر عێراق و هەروەها هاوشان دەبێت بە هەڵکشانێکی بەرچاوی بارودۆخەکە لە یەمەندا. بە پوختی خراپترین سیناریۆ ئەوەیە کە ئەو ناوهاوسەنگییەی کە لە نێوان سوننە و ئێراندا هەیە، سەربکێشێت بۆ شەڕێکی کراوە، واتە



نـەك تەنیـا شـەڕێکی بـە وەکالـەت و شـەڕی لێـدوان، بەڵکـو شـەڕی زەمینـی و ئاسمانیشـی لێبکەوێتـەوە. کە بۆی هەیـە ئەمـە دەرئەنجامـی زۆر خراپی لەسەر خەڵکی ناوچەکە بەدوادا بێت. باشترین سیناریۆش ئەوەیە هێزە میانڕەوەکان لە هەڵبژاردنەکانـی عێراقـدا سـەرکەوتوو بـن، واتـە هێزێك بێت ئامادەی هاوکاریکردن بێت لەگەڵ ئێرانـدا، بـەڵام لـە هەمـان کاتـدا ئامـادەی هاوکاریکـردن بێـت لەگـەڵ ئەمریـکادا. واتـە ئەمـە دەرئەنجامێکی سیاسـیی بـاش دەبێـت بـۆ عێـراق و ڕەنگـە بـۆ کوردیـش، چونکـە بـۆی هەیـە ببێتەهـۆی هاتنەئـارای گفتوگـۆکان و لـە دەرئەنجامـدا ڕێککەوتنێکـی لێبکەوێتـەوە کـە هەمـوو لایـەك قبوڵـی بکـەن. هەروەهـا دەرئەنجامێکـی باشـی دیکـە ئەوەیـە کـە ئەمـە هاوشـان بێت بـە هێورکردنـەوە، یـان خاوکردنـەوەی گرژییەکانی نێوان سعودیە و ئێران، هەروەها لە نێـوان ئەمریـکا و ئێرانیشـدا، چونکـە نیگەرانیـی مـن ئەوەیە کـە ئەم هەڵوێست وەرگرتنە لە ئاست ئێراندا نـەك نەبێتەهـۆی پاشەکشـەپێکردنی ئێران، بەڵکـو ببێتەهـۆی ئـەوەی ئێـران هەڵسـوکەوتی توندوتـر بگرێتەبـەر.




# لوبنان
# لە بەردەم رەشەبای پێکدادانی سعودیەو ئێراندا



**سیۆدۆر کاراسیک**

گەورە راوێژکاری کۆمپانیای شرۆڤەکاری دەوڵەتانی کەنداو



**جیۆرجیۆ کافییرۆ**

بەڕێوەبەری جێبەجێکاری کۆمپانیای شرۆڤەکاری دەوڵەتانی کەنداو



لە چواری مانگی تشرینی دووەمی ئەم ساڵدا سەعد حەریری سەرۆك وەزیرانی لوبنان لە وڵاتی سعودیەوە دەست لەکارکێشانەوەی خۆی رایگەیاند، لەسەر بنەمای ئەو قسەیەی حەریری سعودیە لوبنانی تۆمەتبارکرد کە شەڕ دژ بە وڵاتەکەی بەرپادەکات، بۆیە داوای لە رەوەندی وڵاتەکەی کرد لوبنان جێبێڵن، دیارە مەترسییەکان زیاتر بە ئاقاری ئەوەدا بوون کە رەنگە قەیرانەکە قووڵتربێتەوەو لە ئەنجامدا شەڕێکی تازە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا هەڵبگیرسێت، دەست لەکارکێشانەوەکەی حەریری ئاماژەیە بۆ ئەو هەوڵە زۆرانەی ریاز لەپێناو بەرەوڕووبوونەوەی حزبوڵا و هاندانی خەڵکێکی زۆری لوبنان دژ بەو رێکخراوەی کە ئێران پشتگیریی لێدەکات، ئەو رێکخراوەی کە هاوپەیمانێکی تۆکمەی لەگەڵ حەریری و میشال عۆنی سەرۆك کۆماری لوبنان لە تشرینی یەکەمی ٢٠١٦ پێکهێنابوو بە مەبەستی کۆتایی هێنان بەو تەنگژەیەی کە دوو ساڵ بەردەوام بوو، ئەمەش بووە هۆی سەرهەڵدانی بۆشایی لە پێگەی سەرۆکایەتیی یەکەمی ئەو وڵاتەدا، لەو کاتەیدا کە ئێران دەستکەوتی زیاتری بەدەستهێنا لە عێراق و سووریا کە بەم دواییە توانی سەرکەوتنێکی هاوبەش مسۆگەربکات لە رێی سوپای

**دەست لەکارکێشانەوەکەی حەریری ئاماژەیە بۆ ئەو هەوڵە زۆرانەی ریاز لەپێناو بەرەوڕووبوونەوەی حزبوڵا و هاندانی خەڵکێکی زۆری لوبنان دژ بەو رێکخراوەی کە ئێران پشتگیریی لێدەکات، ئەو رێکخراوەی کە هاوپەیمانێکی تۆکمەی لەگەڵ حەریری و میشال عۆنی سەرۆک کۆماری لوبنان لە تشرینی یەکەمی ٢٠١٦ پێکهێنابوو بە مەبەستی کۆتایی هێنان بەو تەنگژەیەی کە دوو ساڵ بەردەوام بوو**

**ئەو شەڕو کوشتارەی کە میلیشیا شیعەکان بە پشتیوانیی ئێران بەرامبەر داعش دەیکەن بۆتە سەرچاوەیەکی دیکەی بەهێزبوونی کاریگەریی ئێران لە رۆژهەڵاتدا، کە ئەمە بۆ سعودیە ئاسان نییە لغاوگیری بکات، دوای چەندین ساڵ لە وەبەرهێنان لە عێراق و ئەو شەراکەتەی لەگەڵ سەرانی شیعە لەوەتەی ساڵی ٢٠٠٣ وە لەئارادیە تاران زۆر بە توندی ئامادەبوونی خۆی لەو وڵاتەدا پێشانداوە، بە پێچەوانەی حکومەتی سعودیە کە رۆڵی ئەو لە عێراق زۆر بە پاشی دا دوای ئەوەی کە رژێمی نوری مالیکی لایەنگری ئێران دەسەڵاتی گرتە دەست**

عەرەبی سووری و حزبوڵا بەسەر رێکخراوی داعش لە دێرزور، کەچی سعودیە لە یەمەن رووبەڕووی زیانێکی زۆر بووەوە، بەڵام ریاز رێگەیەکی دیکەی هەڵبژارد ئەویش رووبەڕووبوونەوە بوو لەگەڵ تاران لەڕێیی بەئامانجگرتنی حزبوڵا لە لوبنان.

ریاز هەوڵی ئەوە دەدات فشار بخاتە سەر حەریری تاکو کۆتایی بە هەر هاوسەنگییەکی دابەشبوونی دەسەڵات بهێنێت لە لوبنان کە شەرعییەت بداتە حزبوڵا، ئەو هەنگاوەی کە بەیروت لە دووی تشرینی دووەمی ئەم ساڵدا گرتییەبەر بە دانانی باڵیۆز لە دیمەشق بووە هۆی نانەوەی ناکۆکی، بە تایبەتیش کە لوبنان هەوڵی دا سەدان هەزار پەنابەری سووری لە لوبنان بۆ وڵاتەکەیان بگەڕێنێتەوە، ئەمە وێڕای لێدوانێکی عۆن لە ٣١ی تشرینی یەکەم کە گوتبووی: «ئێران لە ناوچەکە بوونی هەیەو کاریگەریشی بەسەر رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا زۆرە و پێویستە رەچاوی ئەمە بکرێت»، ئەو خاڵانە بە گشتی رۆڵیان هەبوو لەوەی کە سعودیە زیاتر بەو چاوە سەیری لوبنان بکات کە زیاد لە پێویست لایەنگری تارانە.

ئەو شەڕو کوشتارەی کە میلیشیا شیعەکان بە پشتیوانیی ئێران بەرامبەر داعش دەیکەن بۆتە سەرچاوەیەکی دیکەی بەهێزبوونی کاریگەریی ئێران لە رۆژهەڵاتدا، کە ئەمە بۆ سعودیە ئاسان نییە لغاوگیری بکات، دوای چەندین ساڵ لە وەبەرهێنان لە عێراق و ئەو شەراکەتەی لەگەڵ سەرانی شیعە لەوەتەی ساڵی ٢٠٠٣ وە لەئارادیە تاران زۆر بە توندی ئامادەبوونی خۆی لەو وڵاتەدا پێشانداوە، بە پێچەوانەی حکومەتی سعودیە کە رۆڵی ئەو لە عێراق زۆر بە پاشی دا دوای ئەوەی کە رژێمی نوری مالیکی لایەنگری ئێران دەسەڵاتی گرتە دەست. بەڵام بە پشتیوانیی تەواوی ئیدارەی ترەمپ سعودیە جارێکی دیکە خۆی خزاندەوە نێو عێراق، کاتێ لە مانگی تشرینی یەکەمی رابردوودا ریکس تیلرسۆن وەزیری دەرەوەی ئەمریکا گەیشتە ریاز و دواتر لەگەڵ شا سەلمان بن عەبدولعەزیز ئالسعود و حەیدەر عەبادی سەرۆک وەزیرانی عێراق کۆبۆوە و پێکەوە بەشداریانکرد لە رێوڕەسمی کردنەوەی کۆبوونەوەی ئەنجومەنی هەماهانگیی نێوان سعودیە و عێراق، ئامانجیش لە پێکهێنانی ئەنجومەنەکە بریتییە لە چۆنێتی سوودوەرگرتن لە هەموو توانایەك لەپێناو بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی نێوان ریاز و بەغدا، دوای کردنەوەی مەرزی سنووری عەرعەر و دەسپێکردنەوەی گەشتەکانی نێوان هەردوو وڵات لە مانگی ئابی رابردوودا، لە مانگی تشرینی یەکەمی رابردوودا و دوای چوار رۆژ لە گەیشتنی سامر ئالسەبهان وەزیری دەوڵەتی سعودیە بۆ کاروباری کەنداو بۆ رەقە، خالد فالح وەزیری وزەی سعودیە سەردانی بەغدای کرد، ئەو وەزیرە لەمیانی وتارێکیدا لە بەغدا کە لەوەتەی چەندین دەیەیە ئەمە یەکەم جارە پێشکەش بکرێت، جەختی کردەوە لەسەر بەهێزکردنی هاوکاریی نێوان هەردوو وڵات.

هەروەها لە سووریاش، سعودییەکان پشتگیرییان لەو ئۆپۆزسیۆنە کرد کە لە رووخاندنی رژێمی ئەسەد شکستیان هێنا، بەڵام ریاز ئاواتەخوازە رۆڵی هەبێت لە ئاوەدانکردنەوەی ئەو وڵاتە لە ئاییندەدا، لەلای خۆیەوە عەبدولرەحمان بن عەبدوڵا زامل سەرۆکی ژوورەکانی سعودیە لە مانگی شوباتی رابردوودا رایگەیاندبوو کە شەڕی ناوخۆی سووریا لەماوەی ساڵێکدا کۆتایی پێ دێت، هەروەها تورکیا و سعودیە پرۆسەی ئاوەدانکردنەوەی سووریا دەگرنە ئەستۆ. لە ١٧ی تشرینی یەکەمدا ئال سەبهان چووە رەقە دوای ماوەیەکی کەم کە میلیشیا کوردی و عەرەبییەکان بە پشتیوانیی ئەمریکا توانیان داعش لەو شارەی سووریا وەدەرنێن، ئەو چاوی بە بریت ماکگورك نوێنەری تایبەتی ئەمریکا کەوت و گفتوگۆیانکرد لەسەر مژاری رۆڵی سعودیە لە ئاوەدانکردنەوەی رەقە.

ئەو سەردانەی ئال سەبهان بۆ رەقە و سەردانی فالح بۆ بەغداو یەکەم کۆبوونەوەی ئەنجومەنی هەماهەنگی نێوان سعودیە و عێراق دوای ئەو سەردانانە دێت کە لە هەردوو مانگی تەمموزو ئابی رابردوودا موقتەدا سەدری ئیمامی شیعەی عێراق بۆ سعودیەو ئیمارات کردنی، ئەو دوو سەردانە دەنگدانەوەیان هەبوو لای سەرانی سعودیەو ئیمارات، کە خۆشحاڵبوون بەو بانگەوازەی کە سەدر رایگەیاند تایبەت بە هەڵوەشاندنەوەی میلیشیا شیعەکانی عێراق کە ئێران پشتیوانییان دەکات و دەوڵەتانی ئەنجومەنی هاریکاریی کەنداو بەو چاوە سەیریان دەکەن کە هەڕەشەن بۆ سەر ئاسایشی وڵاتەکانیان، ئەویش لەبەر ئەوەیە کە چەکێکی زۆریان لایە و لە نزیك سنووری نێوان سعودیە لەگەڵ عێراق جێگیربوونە، لەپاڵ ئەمەش

بەرپرسانی ئەنجومەنی هاریکاریی کەنداو پێیان وایە ئەو ڕێکخراوانە چەك دەدەنە جەنگاوەرانی شیعە لەنێو خاکی عێراق و مەشقیان پێ دەکەن تاکو لە بەحرەین و شوێنەکانی دیکەی کەنداو هێرش ئەنجام بدەن، لە دیدی سعودیەو ئیماراتەوە تێکچوونی پەیوەندییەکانی سەدر لەگەڵ ئێران، هەروەها سووربوونی لەسەر نەتەوەخوازیی عێراق کە لای ئەو لەپێش سیاسەتی مەزهەبییەوەیە، ئەمانە هەموویان بوونەتە دەرفەتێك بۆ ئەو کوتلەیەی کە سعودیەو ئیمارات سەرۆکایەتیی دەکەن لەپێناو ئەوەی کە سەرلەنوێ بەغدا ناچاربکەن بگەڕێتەوە ریز گرووپی عەرەبییەوە، بەرپرسانی سعودیە پێیان وایە کە لاوازکردنی هاوپەیمانەکانی تاران لە ڕۆژهەڵات یارمەتی ریاز دەدات تاکو بە توندی بەرەو رووی کاریگەریی ئێران ببێتەوە.

بەهۆی ئەو بڕیارەی ترەمپ تایبەت بە پەسندنەکردنی پلانی کاری هاوبەش کە هەڕەشەیە بۆ هەرەسهێنانی ڕێکەوتنی ئەتۆمی لەگەڵ ئێراندا، هەروەها ئەو وتارەی لە ١٣ی تشرینی یەکەم پێشکەشی کرد پەیوەست بە بەرەنگاربوونەوەی توندی هەڵسوکەوتی ئێران لە ناوچەکە، بەمە سعودییەکان هیواخوازن پشتگیریی زیاتر لە کۆشکی سپییەوە بدەست بهێنن دوای ئەوەی کە ئەمریکا پێی وایە حزبوڵا هەڕەشەیە بۆ سەر ئیسرائیل و بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا، بۆچوونەکان بەم شێوەیە کە حزبوڵا شوێن پەنجەی لە بەحرەین هەیەو سعودیەش بەوە تۆمەتباری دەکات کە ڕۆڵی هەبووە لەو مووشەکەی کە لە چواری تشرینی دووەمدا بەرەو ئەو وڵاتە تەقێنرا و بە ڕێگەی سیستەمەکانی بەرگرییەوە لەسەر پایتەخت ڕێگەی لێگیرا، بەم جۆرە سعودیە پێی وایە کە حزبوڵا ڕاستەوخۆ هەڕەشەیە بۆسەر ئاسایشی دەوڵەتانی ئەنجومەنی هاریکاریی کەنداو، لەپاڵ ئەو سزایانەی کە یاسادانەرانی ئەمریکا لە تشرینی یەکەم بەسەر حزبوڵادا سەپاندیان، هاوکات ڕێزو پێزانینیی ترەمپ بۆ ئەو ٢٤١ سەربازەی ئەمریکا کە لە ساڵی ١٩٨٣ لە لوبنان گیانیان لەدەستدا، دیارە سەرکردایەتیی ئەمریکا زۆر جەخت لەوە دەکاتەوە کە لە ڕێگەی سزاوە ڕووبەڕووی حزبوڵا ببێتەوە، کە ئەگەری ئەوەش هەیە هێرشی سەربازیش ڕووبدات چ لە سووریا یان لە هەر شوێنێکی دیکە بێت.

بەڵام ئەو هەموو هەوڵانەی کە نەیارانی حزبوڵا لە رابردوودا داویانە بۆ لاوازکردنی شکستیان هێناوە، ئەمەش پرسیار دروست دەکات دەربارەی توانای سعودیە کە بە ئاسانی بەرەنگاری حزبوڵا ببێتەوە لە ڕۆژهەڵاتدا، بەتایبەتیش لەبەر ڕۆشنایی قەبارەی تێوەرچوونی سعودیە لە زەلکاوی یەمەندا، وێڕای ئەمەش، کاردانەوەی تیلرسۆن بەسەر قەیرانی لوبناندا- کە لە دەی تشرینی دووەمدا هۆشیاری دابوو لەوەی کە لوبنان بکرێتە گۆڕەپانێکی ململانێکان بە وەکالەت- ئەوە دەردەخات کە ترەمپ و ئیدارەکەی و دامەزراوە دیپلۆماسی و بەرگرییەکانی ئەمریکا لەسەر هەمان شەپۆلی سعودیە رێ ناکەن، دیارە لە واشنتۆن دابەشبوونێك لەئارادایە لەنێوان ئەوانەی کە پشتگیری لەوە دەکەن سعودیە بەرەنگاری هەژموونی ئێران ببێتەوە بەپێی مەرجەکانی ریاز، هەروەها لەگەڵ ئەوانەی پێیانوایە دەبێ ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی دەسەڵات و هەژموونی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لغاوگیربکەن، پێدەچێت ئەو تەکتیکانەی سعودیە پەنایان بۆ دەبات وەك ئەوەی لەم دواییە بەرامبەر ئێران دەستی پێکرد، جۆرێك بێت لە سەرەڕۆیی و مەترسی.

لەم کاتەداو بەپێی هەندێ راپۆرت سعودییەکان فشار دەخەنە سەر ئیسرائیل تاکو دژی حزبوڵا هەڵوێستی هەبێت و بجووڵێتەوە، ئەمەش تارماییەکە بۆ شەڕێکی تازە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، دیارە جبەخانەی چەکی قورسی حزبوڵا بۆتە ئاستەنگ لەبەر دەم ئیسرائیل، ئەمەش وا دەکات کە دوای شەڕی ساڵی ٢٠٠٦ جارێکی دیکە شەڕ دژی لوبنان بەرپانەکات، بەڵام ئەگەر تەلئەبیب هێرشی کردە سەر حزبوڵا لە لوبنان، ئەو کاتە مەزەندەدەکرێت کە ژمارەیەکی زۆری هاووڵاتیانی لوبنانی لە سوننەو کریستیان پشتگیریی لە حزبوڵا بکەن لەپێناو بەرگریکردن لە ئاسایشی نەتەوەیی لوبنان، هەروەها ئەو هەوڵەی سعودیە بۆ لاوازکردنی شەرعییەتی حزبوڵا لە لوبنان لە کۆتاییدا ئەنجامی پێچەوانەی لێدەکەوێتەوە، بەڵام بەدەر لە هیواو خواستی لوبنانییەکان ریاز هەر بەردەوام دەبێت لە فشارخستنە سەر لوبنان تاکو سەرپشکی بکات لەوەی کە ئەو هەڵبژێرێت یان حزبوڵا کە درێژەپێدەری دەسەڵاتی ئێرانە لە لوبنان.

**سەرچاوە: سایتی ئامۆژگای کارینگی بۆ دیراساتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست**

**دیارە لە واشنتۆن دابەشبوونێک لەئارادایە لەنێوان ئەوانەی کە پشتگیری لەوە دەکەن سعودیە بەرەنگاری هەژموونی ئێران ببێتەوە بە پێی مەرجەکانی ریاز، هەروەها لەگەڵ ئەوانەی پێیانوایە دەبێ ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی دەسەڵات و هەژموونی ئێران لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لغاوگیربکەن، پێدەچێت ئەو تەکتیکانەی سعودیە پەنایان بۆ دەبات وەک ئەوەی لەم دواییە بەرامبەر ئێران دەستی پێکرد، جۆرێک بێت لە سەرەڕۆیی و مەترسی**

**ئەگەر تەلئەبیب هێرشی کردە سەر حزبوڵا لە لوبنان، ئەو کاتە مەزەندەدەکرێت کە ژمارەیەکی زۆری هاووڵاتیانی لوبنانی لە سوننەو کریستیان پشتگیریی لە حزبوڵا بکەن لە پێناو بەرگریکردن لە ئاسایشی نەتەوەیی لوبنان، هەروەها ئەو هەوڵەی سعودیە بۆ لاوازکردنی شەرعییەتی حزبوڵا لە لوبنان لە کۆتاییدا ئەنجامی پێچەوانەی لێدەکەوێتەوە**



# کارەساتی خورماتوو هیچی لە کارەساتی هاتنی داعش کەمتر نییە

## ٣٠٠خانوو لە خورماتوو سووتێنراون



کاتێك وەکو تیمی گۆڤاری گوڵان گوندەکانی (دەشتی بەهەشت و ئاشتیی دوومان) بەسەرکردەوە، دیمەنی ئەو نارەحەتییە سەرنجی راکێشاین کە ئاوارەکانی کەرکووك و ناوچە کوردستانییەکانی دیکە رووبەڕووی بوونەتەوە؛ رووداوە نەخوازراو و کتوپڕەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەرو داگیرکردنی کەرکووك و ناوچە کوردستانییەکانی تر لەلایەن حەشدی شەعبییەوە بە هاوشێوەی داعش بوو کە هێرشی کردە سەر شنگال، هەربۆیە تەنیا لە شاری هەولێر ٨٥٠٠ خێزانی کەرکووك و ٣٨٨٣ خێزانی مەخموور و دەوروبەری وەکو ئاوارە تۆمار کراون ـ ئەمە جگە لە ژمارەی ئاوارەکان لە پارێزگای سلێمانی و ٥٠٠ خێزان لە تەلەسقوف و لە کەمپی سوورداش ٥٠٩ خێزانی تری خورماتوو و کەرکووك نیشتەجێ کراون و ئەم ژمارەیەش تا دێت لە زیادبووندایە.

لە سەرەتای سەردانەکەماندا لە دەشتی بەهەشت خاتوو نەزیرە کە خەڵکی گەڕەکی دۆمیزە لە کەرکووك پێی وتین: «لەبەر هەڕەشەکانی حەشدی شەعبی و ئەو ناپاکییەی لە پێشمەرگە کرا، نەمانتوانی یەك جانتاش دەربکەین، چونکە ئەوەی پیاوەکەی پێشمەرگە بێت، هێرش دەکەنە سەرماڵەکەی و تاڵانی دەکەن.» عادل ئەحمەدیش وەك کەرکووکییەك وتی: «حەشدەکان ناوی ئەو کوردانەیان لایەو کەسانێك چاوساغییان بۆ دەکەن کە لە کاتی ریفراندۆمەکەدا بانگەشەیان بۆ سەربەخۆیی کردووە، بۆیە من سێ جار بە هەمەڕەوە چەتەکانی حەشد هاتوونەتە سەر ماڵەکەم و دراوسێکانم پێیان وتووم کە نەگەڕێمەوە.»

ئاوارەکانی نیشتەجێی گوندی ئاشتیی دوو لە هەولێر لە بارودۆخێکی خراپدان، چونکە ئەوان بە خێراییەکی زۆر ئەو شەوە ئاوارە بوون و کەلوپەل و پێداویستیەکانیان لەگەڵ خۆیاندا نەهێناوە و قوتابییەکانیان لە قوتابخانە دابڕاون. لوقمان عادل کە لە قۆناغی ئامادەییە داوای لە پەروەردەی هەولێر کرد کارئاسانییان بۆ بکەن بۆ ئەوەی ئەمساڵیان بەفیڕۆ نەچێت، سۆران جەمالیش کە خەڵکی کەرکووکەو پێشمەرگەیە لە یەکێك لە لیواکانی سەر بەهێزی پێشمەرگەیە بە بەردەوام باسی ئەو دۆخە دەکات کە چەکدارەکانی حەشد و سوپای عێراق لە شارەکەدا دروستیان کردووەو وتی: «دیمەنی ئاڵا سووتاندن و سووکایەتیکردن بە کورد هەرگیز ناتوانرێت تەحەمولی بکرێت، هەر بۆیە ئێمە ئاوارەییمان هەڵبژارد کە لە ژیانی سووکایەتی و داگیرکردن زۆر باشترە.» هەر لەگوندی بەهەشت عەدنان عەلی دانیشتووی گەڕەکی پەنجا عەلی سوپاسی خێرخوازانی هەولێری کرد، بەڵام پێی راگەیاندنین هێشتا هاوکاری و یارمەتیەکان لە ئاستی پێویستدا نین، بەتایبەتی لەگەڵ هاتنی وەرزی زستان و سەرماو سۆڵە، چونکە زۆربەیان لە خانووی تەواو نەکراودان و دەرگاو پەنجەرەی تێدا نییەو پێویستیان بە سۆباو راکێشانی کارەبا و نایلۆن و دۆشەك و جلوبەرگی منداڵ و پێداویستییەکانی رۆژانە هەیە.

پەروین غەفوور یەکێکە لەو هەزاران دایکە

**هاووڵاتیەکی خورماتوو:**
**حەشدی شەعبی کوردەکانی دەکوشت و ماڵ و حاڵمانی تاڵان دەکرد**

**هاووڵاتیەکی کەرکووک:**
**عەرەبەکان زەوییە کشتوکاڵییەکانمانیان داگیر کردەوە**

ئاوارەیەی کە لەبەردەم منداڵەکانی بە حەسرەتەوە باسی ئەوەی بۆ کردین کە حکومەتی هەرێمی کوردستان و دەزگاکانی راگەیاندن لەئاست نەهامەتی و قەبارەی ئاوارەبوونەکە گرنگییان بەو رووداوە نەداوە، رەنگە بەهۆی کتوپڕی رووداوەکانەوە بێت کە هەموانی تووشی شۆك کرد، وتیشی: «داوا لە خێرخوازانی هەولێر دەکەم شیری منداڵ و بەتانیمان بۆ بهێنن»

ئافرەتێکی دیکە بە ناوی خەزێم کە خەڵکی گەڕەکی شۆریجە و ماڵەکەی بەرامبەر بارەگایەکی ناوچەی پارتی بووە، وتی: «چەندین حکومەتی زۆرداری عێراقم بەرێکرد، بەڵام دڕندەی وەکو حەشدەکانم نەبینی، کە نەك تەنیا بارەگای هێزە کوردییەکانیان تاڵان کرد، بگرە دەستیان لە ماڵە کوردەکانیش نەپاراست. لەم بەسەرکردنەوەماندا ئاوارەیەکی زۆری لەیلان و دووزخورماتوو و مەخموورو ناوچەکانی دەوروبەری کەرکووکمان بینی کە ئەوان باسی گەڕان و پشکنینی بەردەوامی ماڵە کوردەکان بەتایبەتی ئەوانەی کەسوکاریان پێشمەرگەیە لەلایەن حەشدو سوپای عێراق و چاوساخەکانیان دەکرد، هاوکات سوپاسی دەزگای خێرخوازیی بارزانی کرد کە لە یەکەم رۆژی کارەساتەکەوە بەهانای ئاوارەکانەوە هاتوون.

**هاووڵاتییەکی مەخموور:**
**کەلوپەلی نەخۆشخانە و قوتابخانەکانیشیان تاڵان کرد**

● **موسا ئەحمەد:**

**گلەییمان لە وەزارەتی کۆچ و کۆچبەرانی عێراق هەیە کە هاوکارییەکانیان لە ئاست پێویستدا نییە**

لە بەسەرکردنەوەی دەزگای خێرخوازیی بارزانی چاومان کەوت بە موسا ئەحمەد سەرۆکی دەزگاکەو سەرەتا باسی کارەساتی ئاوارەبوونەکەی بۆ کردین و وتی: «لە شەوی ١٥ لەسەر ١٦ی ئۆکتۆبەری ئەمساڵ هێزەکانی سوپای عێراق و گرووپە چەکدارەکانی حەشدی شەعبی پەلامارێکی بەربڵاویان هێنایە سەر شارەکانی کەرکووك و خانەقین و خورماتوو، دواتر هەموو ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێمیان گرتەوە، بەهۆی ئەنجامدانی کوشتن و رفاندن و تاڵانکردنی ماڵ و حاڵی هاووڵاتیان و مەترسی کەوتنە سەر ژیانی خێزانەکان، ژمارەیەکی زۆری هاووڵاتیان کە زۆرینەیان کورد بوون، ئاوارەی شاری هەولێر و گەرمیان و دهۆك و سلێمانی و قەزاو ناحیەکانی تر بوون، چونکە خۆتان دەزانن زۆربەی ئاوارەکان لەلای ماڵی خزم و کەسوکاریان نیشتەجێ بوون، تا ئێستاش رێکخراوەکەمان و حکومەت و رێکخراوەکانی تری بیانی پەیوەندار بە UN سەرقاڵی سەرژمێرییەکین بۆ ئەوەی بەشێوازێکی ستاندار ژمارەی ئاوارەکان بزانین، هەرچەندە وەکو ژمارەیەکی سەرەتایی ٨٥٠٠ خێزان لەکەرکووك و دەوروبەری ئاوارەی هەولێر بوون و ٣٨٨٣ خێزانی تر لە مەخموورو ناحیەکانیانەوە هاتوون و ٥٠٩ خێزانی تر لە سلێمانی لە هەردوو کەمپی سورداش و بەرزنجە نیشتەجێبوون و ٥٠٠ خێزانی مەسیحیش لە تەلەسقوف و ٢٠٠ خێزانی تری ئێزیدیش ئەوانەی تازە گەڕابوونەوە ناوچەکانیان دووبارە ئاوارە بوونەوە، بەسوپاسەوە هەروەکو خەڵکی هەولێر پێی ناسراوە، خێرخوازان هاوکاری و یارمەتییەکی باشیان کردوون، گەرچی هێشتا بەقەد کارەساتەکەو بارودۆخی ئاوارەکان نییە، چونکە ئەوان بە کتوپڕی و بە پەلە هەڵهاتوون و هیچیان لەگەڵ خۆیاندا نەهێناوە، هەربۆیە بەسوپاسەوە لەگەڵ پارێزگاری هەولێر سەرەتا شوێنی نیشتەجێبوونمان بۆ کردنەوە لە سلێمانیش هاوکاریمان گەیاندە ٣٤٠٠ خێزان و لە هەولێریش زیاتر لە ٨٠٠٠ خێزان سودمەند بوون لە هاوکارییەکانی دابەشکردنی بەشە خۆراك و بەتانی و دۆشەك و پێداویستی منداڵ، بۆ ئەم مەبەستەش ئێستا کارتمان بۆ دروست کردوون بۆ ئەوەی میکانیزمی هاوکارییەکان رێك بخەین، سوپاسی کونسوڵخانەی پۆڵەنداش دەکەم کە سەرجەم کەلوپەلی ناو کۆگاکانیان بەسەر ئاوارەکاندا دابەش کرد، بەڵام گلەییمان لە وەزارەتی کۆچ و کۆچبەرانی عێراق هەیە کە هاوکارییەکانیان لە ئاست پێویستدا نییە.

**دایکێکی ئاوارە:**
**داوا لە خێرخوازانی هەولێر دەکەم شیری منداڵ و بەتانیمان بۆ بهێنن**

سەبارەت بە قەبارەی کارەساتەکە و ئەو نەتەوەو ئایینزایانەی کە لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم ئاوارە بوون، موسا ئەحمەد سەرۆکی دەزگای خێرخوازیی بارزانی وتی: «ئاوارەکان هەموو خەڵك و نەتەوەو ئایینێك لەخۆ دەگرێت، چونکە ئەو ناوچە کوردستانییانە هەموو پێکهاتەکان لە کوردو عەرەب و تورکمان و ئایین و ئایینزاکان بە یەکەوە دەژین، هەر بۆ نموونە ئەوانەی لە تەلەسقوف هاتوون زۆربەیان کریستیانن و ئێزیدیشیان لەگەڵە و ئەو خەڵکانە بەم دوایانە گەڕابوونەوە شنگال و سنوونێ و خانەسوور، بەڵام دووبارە خەڵکێکی زۆریان



ئاوارەبوونەوە لەگەڵ هاتنی حەشدی شەعبی، هەروەها ئاوارەکانی کەرکووك و خورماتووش جگە لە کورد خەڵکی تریش ئاوارەبوون ئەو خەڵکەی خورماتوو و کەرکووك ئێش و ئازاری زۆریان هەیە، ئێمە وەکو دەزگای خێرخوازی بارزانی دەتوانین تەنیا لایەنە مرۆڤایەتیەکی بخەینەڕوو بەدەنگیانەوە بچین، بێگومان تووشی کارەساتێکی گەورە بوون و کارەساتی خورماتوو هیچی لەکارەساتی هاتنی داعش کەمتر نییە کە هەمان شێواز و دڕندایەتیان بەرامبەر بە خەڵکەکە کردووە، بەتایبەتی بەرامبەر بەکورد وەکو ئەوەی وایە کە داعش لەگەڵ ئێزیدییەکانی شنگاڵ کردی، بۆیە ئەمە لە هەموو بوارەکاندا پێویستی بەکارکردن هەیە لەسەر ئەو دۆسیانە، لەلایەکی تر ٦تا٧ هەزار قوتابی بەم داگیرکردنەی ناوچە کوردستانییەکان لە پرۆسەی خوێندن بێبەش بوون و ٣٠٠خانوو لە خورماتوو سووتێنراون کە هەر هەموو هی کوردەکانە، ئەو کردەوە خراپانەی هێزە عێراقییەکان و حەشد کردوویانە، نەك تەنیا لای ئێمە، بەڵکو چەندین لایەنی پەیوەندیدار لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی دیکۆمێنتیان کردووە کە بە کارەساتێکی زۆر گەورەی دادەنێن و بە گرنگییەوە سەیری دەکەن و کاری لەسەر دەکرێت.

هەوڵمانداوە بەپێی ئەو دۆستایەتی و پەیوەندییانەی لەگەڵ وڵاتان و ڕێکخراوە مرۆیی و خێرخوازییەکانی دنیادا هەمانە ئەو کارەساتە بگەیەنینە هەموو وڵات و شوێنێك، هاوکات چەند ڕۆژێك پێش ئێستا بەیاننامەیەك لە پۆلۆنیا لەسەر ئەو کارەساتە دەرچووە و لەدەزگاکانی ڕاگەیاندنی خۆشمان بڵاوکراوە کە ٤٥ڕێکخراوی گەورەی مرۆیی ئیمزایان لەسەر کردووە کە ئاماژە بەوە دراوە دەبێت ڕێگا نەدرێت جارێکی تر کورد تووشی کارەساتێکی لەو جۆرە ببێتەوە، پۆلۆنیا وڵاتێکی گەورەی یەکێتی ئەوروپایە و پشتگیریی هیچ وڵات و بابەتێکی نەکردووە، وەکو ئەوەی کە ڕێکخراوەکان پشتگیری کورد دەکات لە دژی ئەو کارەساتە ئەمەش هەوڵ و ماندووبوونی نوێنەری حکومەتی کوردستانە لە پۆلۆنیا کە توانیویەتی کارەساتەکە بەپێی قەبارەی خۆی بگەیەنێت. جێگای داخیشە تا ئێستا ئاوارەبوون بەردەوامە چونکە توندوتیژی و هەڕەشەی حەشد هەر وەکو خۆیەتی. هەربۆیە گەڕانەوەی ئاوارەکان پەیوەندی بە لایەنی سیاسی و ڕێککەوتنی سیاسی لە نێوان هەولێر و بەغدا هەیە، تا دڵنیایی تەواو بە خەڵکەکە نەدرێت و ئاوارەکان لە پاراستنی ژیانیان مسۆگەر نەبن، ناتوانن بگەڕێنەوە.

**ئاوارەکان هەموو خەڵک و نەتەوەو ئایینێک لەخۆ دەگرێت، چونکە ئەو ناوچە کوردستانییانە هەموو پێکهاتەکان لە کوردو عەرەب و تورکمان و ئایین و ئایینزاکان بە یەکەوە دەژین، هەر بۆ نموونە ئەوانەی لە تەلەسقوف هاتوون زۆربەیان کریستیانن و ئێزیدیشیان لەگەڵە.**